ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٣٧ سێشەممە ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ _ ٦ی نوامبری ٢٠١٨
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

**بە هاتنی بەردەوامی لاوی دەروەست و شۆڕشگێڕ بۆ نێو ڕیزی پێشمەرگایەتی، سەنگەری خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەروا ئاوەدانە**

## تەواوبوونی دەورەی ٢٣٠ی پێشمەرگە



# وەستاندنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی تاکەڕێگای سەقامگیریی ناوچەیە




سەروتار

## ئێران و سەپاندنەوەی تەحریمەکانی ئەمریکا

کەماڵ کەریمی

شەش مانگ بەسەر ڕاگەیاندنی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام بۆ چارەسەری کێشەی دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران تێ دەپەڕێ. لەم شەش مانگەدا سەرۆککۆماری ئەمریکا بەردەوام کۆماری ئیسلامیی لە گێڕانەوەی ئەو بەشە لە سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئێران، کە لە کاتی دەسەڵاتدارەتیی ئۆبامادا هەڵپەسێردرابوون، لە ئەگەری جێبەجێ نەکردنی مەرجەکانیان وریا کردوەتەوە. لە کۆتاییدا ڕۆژی ١٣ی خەزەڵوەر بڕیاری گێڕانەوە و جێبەجێکردنی هەموو ئەو سزایانەی پێشتر کۆنگرە و مەجلیسی سێنا پەسەندیان کردبوو، دەرچوو. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی کە لە تەواوی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی ڕەشی خۆیاندا لاسارانە و بێ گوێدان بە بەها و پێوەرە نێودەوڵەتییەکان و بەدوور لە لەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە ئەخلاقێکی سیاسی هەوڵی پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەی ناڕەوا داوە، لەدوای بەردەوامی لەسەر لاسارییەکانیان، ئەمجارە خۆیان لەبەرامبەر ئیرادەی نەگۆڕی ئیدارەی تڕامپدا دیتەوە کە هەست دەکرا دەیانەوێ سنوورێک بۆ سیاسەتی دەستدرێژیکارانەی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دیاری بکەن. ئەوان لە جیاتی بیرکردنەوە لە ژیانی خەڵک و چارەسەری کێشەکانیان، لە بازنەی کێشە و کێبەرکێی بەرژەوەندییەکانی ئورووپا، ڕووسیە و چین لەگەڵ ئەمریکا کەوتنە ململانێیەکی نابەرابەر و نابەجێ لەگەڵ ئەو وڵاتە، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا بە کشانەوەی یەک لەدوای یەکی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئورووپایی و ئاسیا لە گرێبەستەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی بازرگانی لەگەڵ ئێراندا، دۆڕاویی ئەم سیاسەتە بەڕوونی دیار بوو. سیاسەتێک کە هەر لە سەرەتاوە ڕوون بوو جگە لە زیان پێگەیاندنی زیاتر بە ژیان و داهاتووی خەڵکی ئێران دەسکەوتێکی نەدەبوو. ئەمە جگە لەوەی کە پێگەی ناوچەیی ئێران بەهۆی هەڵوێستی شەڕەنگێزانەیان ڕۆژبەڕۆژ لاوازتر بووە و تەنانەت نزیکترین هاوپەیمانەکانیشیان لەو کێشەدا خۆیان لێ دەدزییەوە.

هەرچەند ئیستا ئیتر وەک پێشوو تەنیا کێشەی دامەزراوە ناوکییەکانی نییە کە ئەمریکا خۆی پێوە سەرقاڵ کردبێ، بەڵکوو مەسەلەی تێرۆریزم، ل٢

## کرماشان دوای ساڵێک
### دیمەنێکی دی لە هەڵاواردنی سیستماتیکی کوردستان







## سەردانی شاندێکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان



## ناوەندە ئەمنیەتییەکان ڕێگەیان نەدا جێژنی هەنار لە پاوە بەڕێوە بچێ



دریژەی:

# ئێران و سەپاندنەوەی تەحریمەکانی ئەمریکا

دەخاڵەتەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە، پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکان، مەسەلەی تاوانەکانی شەڕ، مافی مرۆڤ و هتد، بەشێکن لەو بابەتانەی کە پەروەندەیەکی قەبەی لەسەر کۆماری ئیسلامی لەلای ئیدارەی ترامپ درووست کردووە و لە ئەگەری دەستهەڵنەگرتنیان، بۆ هەرکامیان ڕووبەڕووی سزای نوێ دەبێتەوە.

بەپێی ئەو بڕیارەی دەوڵەتی دۆناڵد ترامپ کە سەنعەتی نەوت و سەرچاوە بانکی و داراییەکانی ئێرانی کردووەتە ئامانج، کۆماری ئیسلامی بێبەری دەبێ لە هەر چەشنە مامڵەیەکی بانکی و فرۆشتنی نەوت کە بێگومان زیانێکی زۆر بە ئابووریی ئێران دەگەیەنێ و دەبێ چاوەڕوانی دارمانی یەکجاریی ئابووری وڵات بکرێ. ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەڵاوسانی دراوی و چوونەسەرێی بایی هەموو پێداویستییەکی ڕۆژانەی ئاسایی کە شوێنەواری کورتماوەی فشارەکانی ئەمریکایە، نەک ئێستا بەڵکوو لە چەند مانگ لەمەوبەرەوە بەڕوونی خۆی دەرخستووە و، درێژەکێشانی ئەم وەزعە ژیانی خەڵکی لە ئێران بەرەوڕووی مەترسییەکی گەورە کردووەتەوە. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کە هەتا ئێستاش لووتبەرزانە قسە لە دۆڕاویی سیاسەتەکانی ئەمریکا دەکەن و خۆیان لە گوتنی ڕاستییەکان بە خەڵک دەدزنەوە و بە بەرزکردنەوەی ئەو دروشمانەی ساڵانێکە گوێی خەڵکی پڕکردووە و بە ئیدیعای تێپەڕاندنی قەیرانی تەحریمەکان و تێکشکاندنی ئەمریکا دەیانەوێ داماوی خۆیان بشارنەوە، بۆ خۆیان باش دەزانن کە ڕاوەستان لە وەها پێگەیەکدا چ زیانێکی گەورە بە خەڵک و داهاتووی وڵات دەگەیەنێ. بەڵام باش دیارە کە ئەوان تەنیا بیر لە پاراستنی دەسەڵاتە ڕەشەکەی خۆیان دەکەنەوە و لە پێناو ئەو مەسەلەدا بۆیان گرینگ نییە کە چی بەسەر ژیانی خەڵکدا دێ.

بەمجۆرە و بە ڕاگەیاندنی ئەم بڕیارە، ئەگەر چاوەڕوانییەکان لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا لە بەرامبەر داواکاری و فشاری زۆری وڵاتانی هاوپەیمانی لە ئاستی جیهانیدا و بە تایبەت وڵاتانی ئورووپایی کە کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی قسەی لە هەوڵی ئەوان لە پێشگیری لە کاریگەری هەڵوێستی ئەمریکا لە بەرامبەریاندا دەکرد، چ گۆڕانێک بەسەر سیاسەتەکانیدا دێنێ کۆتایی پێهات. بەمەش ڕێگەی چەواشەکاری و فریودانی خەڵک لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دەبەسترێ کە لەوە زیاتر نەتوانن بە ئومێدبەخشینی خەیاڵی تەنانەت هێزە فریودراوەکانی خۆیشیان لەسەر پێ ڕابگرن. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی هەوڵیان داوە بە گەورەکردنەوەی کێشە دەرەکییەکان کە خۆیان خوڵقێنەری بوون و هەمیشە حەزیان کردووە کە ئەو جۆرە کێشانە زیاتر لەوەی هەیە بخەنە بەرچاوی خەڵک، خۆ لە باس لە کێشە و قەیرانە بنەڕەتییەکە کە چاوەڕوانی و داواکاری جۆراوجۆری خەڵک لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەک کە پێوەندیی بە ژیانی ئەوانەوە هەبووە ببوێرن. ئەوان بەم شێوە مەبەستیان بوو کە بە نیشاندانی مەزلوومییەتی خۆیان لە بەرامبەر ئەوەی بە دوژمنکاری دەرەکییان ناو دەبرد و گۆیا وڵات لەمەترسی دایە، خۆیان لە چارەسەری دەیان قەیرانی خوڵقاوی دەستی خۆیان لە نێوخۆ بدزنەوە و وڵامی داواکاریی چالاکانی نێوخۆ بە تۆمەتلێدان بە پێوەندی لەگەڵ دەرەوە بدەنەوە. لەولاشەوە کێشەکانی دەرەوە بە هۆکاری وێرانیی وڵات و خراپبوونی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە قەڵەم بدەن.

ئێستا گومان لەوەدا نەماوە کە خەڵک بە گشتی لە سیاسەتی دووڕوویانە و درۆزنانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە باشی تێگەیشتوون و ئەگەر بەشێک لەو خەڵکەش لە چاوەڕوانیی چارەسەری کێشە درەکییەکاندا بۆ گۆڕانی وەزعی وڵاتدا مابوونەوە، دەبێ بۆیان دەرکەوتبێ کە ئەوە کۆماری ئیسلامییە کە هەر هەموو ڕێگەکانی بەردەم چارەسەی کێشەکانی ئەوانی بەستووە. بەم جۆرە چاوەڕوان مانەوە نە تەنیا یارمەتییەک بە داهاتوویان ناکا بەڵکوو هۆکارێکی گرینگیشە بۆ ئەوەی سەرانی ڕێژیم بتوانن ئەو جۆرەی پێیان خۆشە و بەبێ گوێدان بە ژیان و داهاتووی خەڵک و وڵات، درێژە بە دەسەڵاتدارەتیی خۆیان و مانەوەی ڕێژیمەکەیان بدەن، ڕێژیمێکی لاواز کە هیچ داهاتوویەکی نەماوە.

بۆیە گرینگە کە هەرچی زیاتر بۆ ڕزگاربوون لە چنگ زوڵم و زۆرداری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پەرە بە ناڕەزایەتییە ڕەواکانی خەڵک بدرێ و نیشان بدەن کە ئەوان بەشێک نین لەو دامودەزگا مافیاییەی کە سزا دراوە و لەم ڕێگەوە بە خۆڕێکخستن و هاتنە مەیدان ئەوانێش ببنە هۆکارێکی فشار بۆ پاشەکشە بەو ڕێژیمە و گرتنەبەری ڕێگەی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

# بەردەوامبوون لە سەر تێرۆری سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات

## «کوشتنی گوماناوی» و تێرۆری سیاسی، دووانەی دەسەڵاتی مافیایی کۆماری ئیسلامی

(٢_١)



قادر وریا



دوو ڕووداو لەم دواییانەدا، جارێکی دیکە سەرنجەکانیان بۆ لای تێرۆری نەیاران و جیابیران بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوە، ڕاکێشایەوە. لە نێوخۆی وڵات، کوژرانی گوماناویی دوکتور فەرشید هەککی، و لە دەرەوەی وڵاتیش ئاشکرابوونی پیلانی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێران بۆ لەنێوبردنی بەرهەڵستکارێکی عەرەبی ئێرانی لە دانمارک.

هیچ کام لەو دوو ڕووداوانە، لە بەستێنی خۆیاندا _نەک لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا_، بەڵکوو هەر لەماوەی ئەم یەک دوو ساڵەی دواییشدا، تاقانە نین. واتە لە نێوخۆی وڵات تەنانەت هەر لەم یەک دوو ساڵەدا، بە دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنیی ناڕازی و نەیاری کۆماری ئیسلامی بە شێوەی گوماناوی گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە دەرەوەی وڵاتیش، لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا، چەند کەس لە بەرهەڵستکارانی ئێرانیی نەیاری کۆماری ئیسلامی، بوون بە ئامانجی نەخشە تێرۆریستییەکانی مرۆڤکوژانی سەر بەو ڕێژیمە و، کۆمەڵێک پیلانی تێرۆریستی و ژمارەیەک لە مۆرەکانی بەشدار لەو نەخشە و بەرنامە تێرۆریستیانەدا ئاشکرا بوون.

زستانی ساڵی ڕابردوو، چەندین کەس لە پێشەنگان و ڕێکخەرانی خۆپێشاندانە جەماوەری و سەرانسەرییەکانی مانگەکانی بەفرانبار و ڕێبەندان، دوای گیران، لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندرا. دەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم بەو پەڕی ڕووهەڵماڵاوی، ڕایانگەیاند کە ئەو کەسانە بۆ خۆیان کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە! لاوی ئیلامیی ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان تالب بەساتیوەند، یەک لەو کەسانە بوو. هەر لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا، دوکتور سەید کاووس ئیمامی، مامۆستای زانکۆ و چالاکی ژینگەپارێز، لە ژێر ناوی «خۆکوژی» لە زینداندا کوژرا. بەڵام ئەوانە هیچیان «مەرگی گوماناوی» نەبوون، چونکە کەس گومانی لەوەدا نەبوو کە ئەشکەنجەگەرانی دامودەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لەنێوی بردوون. مەبەست لە مەرگی گوماناوی، کوژرانی کۆمەڵێک کەسایەتیی چالاکی مەدەنی و ڕەخنەگری سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە لە ڕووداوی تەماوی دایە. لە کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ١٣٩٦ فڕۆکەی هەڵگری چەندین کەسایەتیی چالاکی ژینگەپارێز، خۆی بە کێوی «دێنا»دا دا و هەر هەموو سەرنشینەکانی کوژران. «ئەحمەد نەزەری، دوکتورا و خاوەنی پسپۆڕی و توێژینەوە لە بوارەکانی پیسبوونی ژینگە؛ غولامعەلی ئەحمەدی، خوێندکاری دوکتورای فەلسەفەی پەروەردە و فێرکردن و مامۆستا لە زانکۆی ئازادی بێهبەهان و نووسەری وتاری بەرنامەڕێژی بۆ گۆڕینی ڕەفتار لەبارەی پاراستنی ژینگە؛ سەلمان شەریف ئازەری، توێژەری بواری ژینگەپارێزی؛ مەهدی جاویدپوور، ڕۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێز؛ حامید ئەمیری ئەندازیاری کشتوکاڵ و توێژەری زانستی لە بواری تێکنۆلۆژیی ژینگە؛ سەید بێهزاد سیادەتی، پسپۆڕی بەرز لە بواری زەویناسیدا؛ ئەردەشیر ڕاد، ئەندازیاری کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ مستەفا ڕەزایی، پسپۆڕی کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ عەلی زاریع، توێژەری بواری کشتوکاڵ و سەرچاوە سروشتییەکان؛ محەممەد فەهیمی، عەلی فەرزانە، سەید ڕەزا فاتمیتەلەب، ئەحمەد چەرمیان، خەلیل ئاهەنگەران، موژگان نەزەری و بێهنام بەرزگەر لەو فڕۆکەیەدا بوون.» (١)

لە سەرەتای مانگی ڕەشەمەی ١٣٩٦یشدا دوو برای چالاکی ژینگەپارێز بە ناوەکانی محەممەد سادق و محەممەدباقر یووسفی لە شاری «جەم»ی پارێزگەی بووشەهر بە ڕووداوی پێکدادانی ماشێن کۆتایی بە ژیانیان هات.

لە پووشپەڕی ڕابردووشدا، تەرمی مەریەم فەرەجی، چالاکی مەدەنی و خوێندکاری خوێندنی بەرز لە بواری بەڕێوەبەریتیی نێودەوڵەتی کە ڕابردووی گیران لە پێوەندی لە گەڵ خۆپێشاندانەکانی مانگی بەفرانباریشیدا هەبوو، بە بێگیانی لە کەرەج دۆزرایەوە.(٢)

هەر ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە چالاکەکانی پێوەندیدار بە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینە مەدەنییەکانی مامۆستایان، خاوەن کامیۆنەکان، خوێندکاران، ئەنجومەن و سەندیکا سەربەخۆ جۆراوجۆرەکان، ژینگەپارێزان، وەکیلەکان و چالاکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، لە بەندیخانەکان دان و دوور نییە ژمارەیەک لەوان بە ناوی «خۆکوژی» یا ڕووداوی گوماناویی دیکە، گیانیان لێ نەستێندرێ. گرتنی «هاشم خواستار» لە ڕێکخەران و پێشەنگانی مانگرتنی مامۆستایان و هێشتنەوەی لە یەکێک لە شێتخانەکانی شاری مەشهەد لە کۆتایی مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا، دوایین نموونەی ڕفاندن و بێسەروشوێنکردنی چالاکان و ناڕازییانی نێوخۆیە. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە هاوکات لەگەڵ کوژرانی گوماناویی دوکتور فەرشید هەککی، ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسە چالاکەکانی نێوخۆ کە لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی نێوخۆدا دەنگ و کاریگەریی خۆیان هەیە، هەڕەشەیان لێ کراوە کە ئەمجار بە گیران دەستیان لێ هەڵناگرن و دەبێ چاوەڕوانی چارەنووسێکی خراپتر بن.

ئەوە کە ئەو جۆرە مردنانە بە «گوماناوی» دادەنرێن و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان تێدا تاوانبار دەکرێ، لە خۆوە نییە. یەکەم هۆ دەگەڕێتەوە بۆ پێشینەی دەستهەبوونی وەزارەتی ئیتلاعات، سوپای پاسداران و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی نێو مافیای دەسەڵات لەو ڕێژیمە لە کوشتن و لە نێوبردنی نەیاران و ناڕازیاندا. ٢٠ ساڵ لەمەوبەر، تووڕەیی نێو هەناوی کۆمەڵگە و گەشە و پێشڕەویی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، کەلێن و ململانێی نێوان قۆڵەکانی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەم جۆرە کوشتنانە، قۆستەوە. دوای ئەوە پرۆژەی چەند ساڵەی وەزارەتی ئیتلاعات بۆ لە نێوبردنی کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە چالاک و جیابیرەکانی نێوخۆی وڵات ناسراو بە قەتڵە «زنجیرەییەکان» لەم ساڵەدا گەیشتە چڵەپۆپە و تێرۆری یەک بە دوای یەکی داریووش و پەروانەی فرووهەر، محەممەد موختاری، جەعفەر پوویەندە، فیرووز دەوانی و هتدی بە دوادا هات، پەردەکان لە سەر سەرچاوەکانی ئەو جۆرە تاوانانە لادران. دەرکەوت «ئاوەکە لە سەرچاوەوە لێڵە» و سەری داوەکە، دەچێتەوە لای شەخسی ڕێبەری نیزام و دامەزراوەکانی ژێر ئەمر و فەرمانی جەنابیان. تەنانەت لە هەڵگرتنی کۆسپ و سەرئێشەکانی بەردەم دەسەڵاتداریتیی خۆیاندا، نەک هەر ئامادەن دەستی سەعید ئیمامییەکان بۆ هەڵداشتنی ئوتووبووسێکی پڕ لە نووسەر، شاعیر و هونەرمەندی جیابیر و ڕەخنەگر ئاوەڵا بکەن، بەزەییان بە «یادگاری ئیمامی ڕاحیل» (ئەحمەد خومەینی) یش دانایە و بە «فتوای شەرعی» لە نێوی دەبەن. ئەوانەی ئەمڕۆ لە ترۆپکی ئەو ڕێژیمە و لە ئاستی هەرە سەرووی دامودەزگا مافیاییەکانیدا، بڕیاریان بەدەستە، هەر ئەوانەن کە ئەو کات لە پشت «قەتڵە زنجیرەییەکان»بوون.

دووهەم هۆ، کە گومانێک نایەڵێتەوە، کوژرانی گوماناویی چالاکانی ناڕازی و ڕەخنەگر و، ڕێکخەران و بەشدارانی حەرەکەتە مەدەنییەکانی نێوخۆ، شتێک نییە جگە لە تێرۆری سیاسیی بەبەرنامەی بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە، ئەو ڕقەیە کە سەرانی سوپا و شەریکەکانی دیکەیان لە مافیای دەسەڵات و سەروەت، بەرامبەر بە دەنگە ناڕازییە بوێرەکانی نێوخۆ و کەسایەتییە دیارەکانی بزووتنەوەی مەدەنیی ڕوو لە گەشەی خەڵکی ئێران کۆیان کردووەتەوە. نابێ ئەو ڕاستییە بە کەم بگرین کە هەر لەقاودانێکی دزی و هەڵلووشینی سامانی وڵات و هەر تیشک خستنەسەر یەکێک لە سیاسەتە چەوتەکانی دەسەڵات _لە بە فیڕۆدانی سامانی خەڵکی ئێران لە تەڕاتێنەکانی سوپای پاسداران لە سووریە و یەمەن و لوبنان و عێراقەوە بگرە تا دەگاتە ئەو پڕۆژانەی لە بواری ئاو و کشتوکاڵ و ژینگە گەورەترین و بێوێنەترین قەیرانەکانیان لێ کەوتووەتەوە_ پێی سوپای پاسداران و بەیتی ڕەهبەری دەگرێتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەمڕۆ ئەوانەی نوێنەرایەتیی ئیرادە و بڕیاری ئەو ڕێژیمە دەکەن و لە سیاسەت و بەرنامە وێرانکەر و تاوانبارانەکانی چەندین ساڵەی ئەو ڕێژیمەدا بەرپرسیارن، لە گەڵ ئەو کەسانەی نوێنەرایەتیی ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵکی لە هەموو ڕوویەکەوە وەزاڵەهاتوو دەکەن، کەوتوونە بەرامبەر یەک. بەم هۆیەشەوە کە لە توانایاندا نییە قەیرانەکان چارەسەر بکەن و بەم جۆرە تووڕەیی و ناڕەزایەتیی خەڵک کەم بکەنەوە، هەر وەها دەزانن کە مانەوە و لە مەیداندابوونی ئەو جۆرە کەسایەتییانە، ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ درووستبوونی ڕێبەریی خەبات لە نێوخۆ و، دەبێتە مایەی دڵگەرمیی خەڵک و خۆگرتن و بەردەوامیی بزووتنەوەی سەرانسەری و جەماوەری، لە نێوبردنی فیزیکیی ئەوان بۆ مانەوە و پاراستنی ڕێژیمەکەیان _بە خەیاڵی خۆیان_ بە چارەسازترین ڕێگە دەزانن.

***

ئەم وتارە لە بەشی دووهەمی خۆیدا دەپرژێتە سەر هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر تێرۆری نەیاران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

پەراوێز:

(١) و (٢) وەرگیراو لە: گزارش جامعەی دفاع از حقوق بشر در ایران (عضو فدراسیون بین‌المللی جامعه‌های حقوق بشر)، ٢٥ اکتبر ٢٠١٨

# سەردانی شاندێکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان

شاندێکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کرد و دوای دانیشتن لەگەڵ هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە باسەکانی پێوەندیدار بەو سەردانەیان دەبەنەوە کابینەی دەوڵەت و پارلمانی وڵاتەکەیان.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٥ی خەزەڵوەر (٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٨) شاندێکی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید پێکهاتوو لە ئەڤین ئینجیر، جێگری بەرپرسی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سۆسیال دێموکراتەکانی سوید؛ سامی میشال، قسەکەری وەزارەتی وزەی سوید و سانا ئیلیاسۆن، بەرپرسی پرۆژەکانی دەزگای ئۆلاف پالمە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتی و عێراق و کوردستان بەتایبەتی سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بەسەرپەرستیی کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا شاندی حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوید سەرەتا هاوخەمیی خۆی سەبارەت بە هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی.

شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش بە ئاماژە بە وردەکارییەکانی ئەم هێرشە و سنووربەزاندنەی کۆماری ئیسلامی، وێڕای سپاس لە هاوخەمیی سۆسیال دێموکراتەکانی سوید تیشکی خستە سەر ئەوەی کە هەڵوێست و کاردانەوەکان بەنیسبەت قەیرانخوڵقێنی و سیاسەتی تێرۆر و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی دەبێ لە ئاستێکی دیکەدا بن بۆ ئەوەی بەربەستێک لەبەردەم دەستدرێژییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دابنرێ.

لەو دانیشتنەدا پرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سۆسیال دێموکراتەکانی سوید، پرسی کورد لە ئێران و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ماف و داواکانی کورد لەو وڵاتە، فاکتەری کورد لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئەم دەرفەت و هەڕەشانەی لەم سۆنگەیەوە بۆ کورد درووست بوون، خرانە بەرباس و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

هەیئەتی سۆسیال دێموکراتەکانی سوید لەو دیدارەدا ڕایانگەیاند کە کۆبەندی هەموو باسەکانی دانیشتنەکە دەگەیەننەوە بەڕێوەبەریی حیزب و، پارلمانی وڵاتەکەیان و هەروەها لایەنە پێوەندیدارەکانی دیکە.



# دەقی قسەکانی د. ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە ڕێوڕەسمی تەواوبوونی دەوری ٢٣٠ی سەرەتایی پێشمەرگە



**پێشمەرگە خۆشەویستەکانی دەورەی ٢٣٠ی سەرەتایی پێشمەرگە!**

تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە و لەبەرکردنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگانەتان لێ پیرۆز بێ. هیوادارم ئەمڕۆ سەرفەسڵی ڕۆژگارێکی بەردرێژ و بەبەرهەمی خزمەت و تێکۆشانی ئێوە لەپێناو مافە ڕەواکانی میللەتەکەماندا بێ. تەنانەت ئەگەر ڕۆژی ڕزگاری و دەرهێنانی خاکی وڵات لەژێر پۆتینی داگیرکەرانیش دوور نەبێ، کاری ئێوە نەوەی نوێ بۆ پاراستنی کوردستان و حەساندنەوەی دایکی نیشتمان تازە ئەودەم دەست پێدەکا. دەمەوێ لێرەدا سەبارەت بە زەحمەت و ماندووبوونی بێوچانیان لەپێناو پەروەردەکردن و ڕاهێنانی ئێوەدا، هەروەها سوپاس و ئەمەگناسیی خۆم و حیزب پێشکەش بە بەرپرسی فێرگە کاک برایم چووکەڵی و سەرجەم کارگێڕانی فێرگە و مامۆستا بەڕێزەکانی ئەو دەورەیە بکەم.

مانگ و نیوێک پێش ئێستا قەڵای دێموکڕات و پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامییەوە مووشەکباران کران کە هەروەک دەزانن لە ئاکامی ئەو هێرشە بێوێنەیەدا پۆلێک لە باشترین سەردار و سەربازانی ڕێبازی دێموکڕات شەهید بوون. بەڵام هەروەک ئەودەم بەڵێنمان دا، حیزبی ئێمە لەژێر باری ئەو زەبرە قورسەش هەستایەوە و نەیهێشت ئاڵای دەستی شەهیدەکانمان لە هیچکام لە سەنگەرەکانی تێکۆشانی ئەواندا بکەوێتە سەر عەرز. ئەوە بێگومان بەرهەمی ورە و ئیرادە و مشوورخۆریی ڕێبەریی حیزبی ئێمە و ئەندامانی ئەو حیزبە لە کوردستان و لە دەرەوەی وڵات و پشتیوانیی کەموێنەی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکڕات بوو، بەڵام نەدەکرا ئەگەر دڵگەرم و پشت ئەستوور بە پێشمەرگە قەدیمی و لاوەکانمان نەباین. ئەوان هەر لە یەکەم چرکەساتی ئەو جینایەتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخەکەدا لە هیچ ماندووبوون و شەونخوونییەک درێغیان نەکرد و بە ڕەفتاری بەرپرسیارانە و قارەمانانەیان نیشانیان دا کە ئەو ئەمانەتە کە مامەقالە و مام شێرکۆ و هاوڕێ و پێشەوا و جەماڵ و مەنسوور بۆ هەمیشە ئەرکی پاراستنەکەیان بەوان سپاردبوو، بە باشترین شێوە دەپارێزن. ئەوەی ئەوان دوابەدوای مووشەکبارانەکە و لەو ماوەیەدا کردیان هیچی کەمتر نەبوو لەو قارەمانەتییە کە دەکرا لە سەنگەری خۆڕاگریی چەکدارانەدا بیکەن. بوونی ئێوەش ئەمڕۆ لێرە بە ژمارەیەکی زۆرتر و جۆراوجۆرییەکی زیاترەوە بە بەراورد لەگەڵ دەورەکانی پێشوو سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە وەک چۆن گوتمان مووشەکباران ئیرادەمان ناشکێنێ، مووشەکباران ئاگردانی خەباتیشمانی دانەمرکاند. بەپێچەوانەوە، ئەوەی دیتمان بووژانەوە و گەشانەوەی کوانووی خەبات بوو.

**پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**

دڵنیام ئەو دەورەیەی تێپەڕتان کردووە خاڵێکی وەرچەرخانە لەسەر ڕێچکەی ژیان و گەشەکردنی کەسایەتی و شکڵگرتنی ڕوانینتان بۆ وجوودی ئینسانی و کوردانەتان لە جیهانی ئاڵۆز و پێکەوە گرێدراوی ئەمڕۆدا. ئێوە لەم دەورەیەدا زۆر شتی نوێ سەبارەت بە ڕابردووی بزوتنەوەی نەتەوایەتیی کورد و سروشتی مەسەلەی کوردستان، ڕێباز و ئامانجی حیزبی دێموکڕات و ڕوانینی ئەو حیزبە بۆ چارەسەری پرسی کورد و پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگە، ماهییەتی کۆماری ئیسلامی و لایەنە جۆربەجۆرەکانی خەبات بەدژی ئەو ڕێژیمە، ئەکتەرەکانی دیکە و دنیای دەرەوە، هەروەها خیسلەت و کەرەستەی شۆڕشگێڕی فێر بوون. بێگومان زۆر شتی دیکەش ماوە فێری بن، چونکە ئەساسەن زانین شتێکە کە مرۆڤ قەت بە تەواوی پەیدای ناکا و هەمیشەش دەکرێ لێی ببڕێ. ئەوە ئەرکی ئێمەیە کە لە پەروەردەی بەردەوامی ئێوە بۆ قۆناغەکانی دواتر غافڵ نەبین و ڕێنوێن و هاوکارتان بین. بەڵام بۆخۆشتان دەبێ لەگەڵ خۆتان سەختگیر بن و هەردەم خەریکی فێربوون و خۆپێگەیاندن بن، ئەوە هەم ئێوە وەک تاک لە کۆمەڵگەدا متمانەبەخۆ و سەرکەوتوو دەکا، هەم بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان و بردنی ئەو گەلە بۆ نێو ڕیزی کاروانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی تەیارتان دەکا.

ئێوە لەو دەورەیەدا ئەگەر وڵامی زۆر پرسیارتان وەرگرتەوە، بە دووری نازانم زۆر پرسیاری تازەشتان بۆ دروست بووبێ. بەڵام خەمتان نەبێ، بۆ ئاڵوگۆڕی بیروبۆچوونەکان و تۆکمەکردنەوەی باوەڕێکی هاوبەش کە مەرج نییە باوەڕێکی وشک و یەکدەست بێ، کات و دەرفەت نابڕێن. بە قەولی ڕێبەری شەهید دوکتور شەرەفکەندی، بۆ خەبات چ زۆرە ڕێگا. ئەوەی دەمەوێ بیزانن و هەمیشە لەبیرتان بێ ئەوەیە کە بوونی ئێوە لێرە بە ڕێکەوت نییە، ئەوە بەرهەمی مێژوویەکە، مێژووی ڕێگابڕینی سەدان ساڵەی کاروانێک، کاروانێک کە لە دەمی پێگەیشتن و دەروەستیی ئێوەدا بە قۆرتی زۆر گەورە و چارەنووسسازدا ڕادەبرێ، کاروانێک کە لەدوای ئێمەش هەر لەسەر ڕێگابڕینی خۆی بەردەوام دەبێ. ئەو کاروانە کاروانی هەنگاونانی ئەگەرچی بەداخەوە نارێک، بەڵام شێلگیرانەی کۆی میللەتێکە بۆ گەیشتن بە مەقسەدێکی مەوعوود و مەشرووع. مەقسەدێک کە لەودا گەلی کورد هەست بکا چارەنووسی خۆی بەدەست خۆیەتی، زمانی قەدەغە نییە، ناسنامەی ناشێوێندرێ، خاکەکەی جرجانخواردوو ناکەن، سەروەت و سەرچاوەکانی نادزن، ڕۆڵەکانی دەستگیر و ئەشکەنجە و ئێعدام ناکرێن، خەڵکی دەستکورتی لەسەر پەیداکردنی پاروەە نانێک گیانیان لێ ناستێندرێ. مەقسەدێک کە ئینکار و تەبعیز و سەرکوتی فەرمانڕەوا یەک لە دوای یەکەکانی کوردستان کۆتایی دێ و کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی دنیا بە ئازادی و بەختیاریی دەگا.

ئەو ڕۆژەی من لە یەکێک لە کلاسەکانی ئەم دەورەیەدا لە خزمەتتاندا بووم، بۆم باس کردن کە چۆن دنیای ئەوڕۆ بۆ میللەتێکی وەک میللەتی ئێمە و بۆ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕی وەک بزوتنەوەکەی ئێمە پڕە لە ئاستەنگ و بەربەست، بەڵام هاوکات پڕیشە لە ئامراز و دەرفەت. ئەوە ئێمەین کە نابێ بەربەستەکانی بوارێک یان سەختییەکانی قۆناغێک لە بەردەوامبوون لە خەبات شلمان بکاتەوە. ئەوە ئێمەین کە دەبێ دەرفەتەکان زۆرتر و باشتر دەکار بخەین بۆ ئەوەی ئەو خەباتە بە ئەنجام بگا و ئاواتی شەهیدەکان وەدی بێ.

بۆ ئەو مەبەستە ئێمە وەک کورد بەگشتی و وەک کوردی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی پێویستە بە زۆر شتدا بچینەوە. پێداچوونەوە بۆ میللەتێک کە شەرم لە ڕابردووی خۆی نەکا و شانازی بە مێژووی خۆیەوە بکا، قەت نابێ بە مانای گەسک لێدان و ڕامالین بێ، تەنانەت ئەگەر بەشێوەی بنەڕەتییش ئاڵوگۆڕ بەسەر ڕوانینمان لە مەسەلەیەکدا بێنین. پێداچوونەوە دەبێ بە مانای پێداهاتنەوە و بژارکردن بێ. ئێمە کاتێک دەڵێین دەبێ لەگەڵ ڕووحی عەسر بژین و ڕۆڵەی سەردەمی خۆمان بین، ئەوە بەو مانایە نییە کە پاشخانی خۆمان لەبیر بچێتەوە و لێگەڕێین سامانی مێژوویی و مەعنەویمان هەڕاج بکرێ. ئەگەر بێگومان باڵەکان پێویستن بۆ ئازاد فڕین، ئەوە ڕەگ و ڕیشەکانن کە بە خاکت دەبەستنەوە. ئەو بەڕۆژکردنەوە و دووبارە خوێندنەوەیە بێگومان تەعامولمان لەگەڵ نەیارانی کۆن و نوێی کورد و لەگەڵ هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکان و کارتێکەریی بەرژەوەندییە بچووک و گەورەکان لەسەر ئێستا و ئایندەی مەسەلەی کورد و خەباتی ئەو میللەتە دەگرێتەوە. بەڵام بزوتنەوەی کورد پێش هەموو شتێک دەبێ ئەولەوییەت بداتە کارکردن لەسەر خۆی، هەم بۆ تۆکمەکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و هاوبەشکردنی جۆراوجۆرییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری لە یەک پرۆژەی گەورەی سیاسیدا، هەم بۆ کەمکردنەوەی دابەشبوونە نێوخۆییەکان و پڕکردنەوەی درزەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە.

لێرەدا بۆ ئەوەی ئێوە پێشمەرگە لاوەکان بە چاوی کراوە و پشووی درێژەوە ملی ئەو ڕێگایە بگرن کە لەمڕۆڕا دەست پێ دەکا، ناچارم بڵێم کە بەداخەوە سەرباری پەرەگرتن و چڕبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر میللەتەکەمان، ئەو میللەتە هێشتا زۆر دابەش و نایەکگرتوویە. ئەوە یەک لە نەریت و شانازییەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە کە وێڕای ئەوە کە ئەو حیزبە هەوڵ دەدا خەباتگێڕان و نیشتمانپەروەرانی کوردی ڕۆژهەڵات بەدەوری ئامانج و ڕێبازێکی ڕوون و لە سازوکارێکی مونسەجیمدا ڕێک بخا، بەڵام ئێمە ئازادیی بیرکردنەوە لە ئەندامەکانمان ناستێنینەوە، کۆیلەی فیکری پەروەردە ناکەین، دژی دەمارگرژیین، حیزب وەک سەربازخانەیەک ئیدارە ناکەین، هەڵگری دنیایەک زەرفییەتی سیاسی و ڕێکخراوەیین. پشتقایم بەو خیسڵەتەی حیزبەکەمان پێم خۆشە بڵێم بێگومان چاوەڕوانیمان لە ئێوەش ئەوەیە کە لەو کات و ساتەدا کە بەتایبەتی پاش ئەو مووشەکبارانە هەموو سەرنجەکان لەسەر حیزبی دێموکڕاتی کوردستانن، بۆ خۆتان و ڕەفیقەکانتان بەتایبەتی ئەوانەی دوای ئێوە دێن بۆ پێشمەرگایەتی، نموونەی نەزم و تێکۆشانی شێلگیرانە لە چوارچێوەی بەرنامە خەباتگێڕییەکانی حیزبدا بن. بەڵام هەر لەو کاتەدا دەبێ لەبیرتان بێ کە ئەگەر هەموومان بەسەریەکەوە حیزبێک پێک دێنین، هەر کامەشمان لە شوێنی خۆی و لە جێگە و پێگەی خۆیەوە دەتوانێ بۆ کاری بەکۆمەڵی میللەتەکەمان کارساز و شوێندانەر بێ، چونکە بە هەموو سیستم و قەوارەیەکەوە کە کۆمەڵگەیەک یا پێکهاتەیەک دەتوانێ هەیبێ، کۆمەڵگە و پێکهاتەکان لە ئاخیریدا شتێک نین جگە لە ڕەنگدانەوەی کۆی تاکەکان، لە جەهانبینی و بەهاکانیان، لە نیاز و ئارەزووەکانیان، لە مەنێش و ڕەفتاریان.

بۆ دەرمانی ئەو دەردە بنەڕەتییەش کە باسم کرد واتە دەردی دابەشبوون، نایەکگرتوویی، یەکتر قبووڵ نەکردن، مەزنیخوازی، تاکڕەوی و تاکڕەهەندی دەبێ بزانن هەموو لایەک هەڵگری بەرپرسیارێتیی گەورەیە. ئیدەئاڵ ئەوەیە کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆریەکانیەوە بە نەخشەڕێگا و ئالیەتێکی هاوبەشەوە ڕووبەڕووی زەروورەتەکانی ئێستا و ئایندە بێتەوە، بەتایبەتی لەو هەلومەرجەدا کە کۆماری ئیسلامی بەشێوەی هەرگیز نەدیتراو گلۆڵەی کەوتۆتە لێژی. ئەگەر ئەوەشمان هەر ئێستا بۆ ناکرێ، لانیکەم دەتوانین لە درز و دابەشبوونەکان کەم بکەینەوە و نەهێڵین ئەو درز و دابەشبوونانە دەرفەتەکانی ئایندە لەبار بەرن. بەشێکی ئەو درز و دابەشبوونانە دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانینمان بۆ شێوەکانی خەبات و ڕابردووی خۆمان و تەنانەت جێگە و پێگەی پێشمەرگە. ئێمە بەدەر لەوە کە لایەنەکانی دیکە چۆن دەجوڵێنەوە، دەبێ هەمیشە حازر بین بۆ سالمسازیی کایەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات و یەکخستنی ڕیزەکانی گەلەکەمان خۆمان ئەرکدار بکەین. بۆ نموونە بۆچوونمان لەبارەی ئاقار و تاکتیکەکانی ڕابردوو و ئەمڕۆ و ئایندەی خەبات هەرچییەک بێ، دروست وایە لەو پرۆسەی بەخۆداچوونەوە و ڕەخنە لەخۆگرتنەدا کە بێگومان پێویستە (بەتایبەتی بۆ ئەو بەشە کە پێوەندیی بە نێوان ناخۆشی و گرژی و نایەکگرتوویی هێزەکانی کورد یان کەمتەرخەمی لە نوێبوونەوە و گونجان لەگەڵ سەردەمی نوێ هەیە)، هەرگیز نابێ شکۆ و شەوکەتی میللەتەکەمان و ڕابردووی ئەو میللەتە بشکێنین؛ قەت نابێ فیداکاری و قوربانیدانی گەلێک ببەینە ژێر پرسیار کە جگە لە هەڵبژاردن لە نێوان تەسلیمبوون و خۆڕاگریی پێشمەرگەکان بژارێکی دیکەیان بۆ نەهێشتبۆوە؛ تێبینیمان لەسەر بەکاربردنی شێوەیەکی خەبات بۆ نموونە خەباتی چەکداری لە قۆناغێکدا هەرچی بێ، هەر حەرەکەتێک کە شەهید دەدا (جا هی خۆمان بێ یا هی لایەنی دیکە) پێویستە بە ئیحترامەوە ناوی بێنین؛ لەگەڵ ئەوە کە دەبێ پشتیوانی بەکردەوەی بەستێنی مەدەنی و جەماوەریی خەبات بین و شەخسیەت و متمانە بە چالاکانی نێوخۆ ببەخشین، نابێ لێگەڕێین خیسڵەتی شۆڕشگێڕانەی خەباتی ئێمە بە فەرزیەی بێجێی ئیحتمالی ئاڵوگۆڕ لە ماهییەت و ڕەفتاری کۆماری ئیسلامیدا خەوشدار بێ، ڕێژیمێک کە تازەترین زمان کە فێری بووە و قسەشی پێ دەکا، زمانی مووشەکە.

ئەوانە کە لێرەدا دەڵێم لەبەر ئەوەیە کە هەروەک ئەو ڕۆژە عەرزم کردن ئێوە هەر لە ڕەهەندە نیزامییەکەیدا پێشمەرگە نین. جیا لەوە کە ئەرک و ڕیسالەتی پێشمەرگە زۆر لە کاری چەکدارانە فراوانترە، وەک پێشمەرگە لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا پێشمەرگەی خەباتێکی فرەڕەهەندیشن. ئەوەش دەخوازێ کە ئەوەندەی کڵاشینکۆفەکانتان حازر و لەسەر پێن، ئەوەندەش ئەقڵیەت و ڕوانین و کار و کردەوەتان یارمەتیدەری دەکارخستن و یەکخستنی هەموو زەرفیەتەکانی نێو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵات بێ.

لە کۆتاییدا وێڕای پیرۆزبایی دووبارە، سوپاسی سەرنجتان دەکەم و بە هیوای سەرکەوتن.

## کۆبوونەوەی سیاسی تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزب لە ناوەندی ٣ی کوردستان



ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ی هەتاوی کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب ڕێک خرا. لەو کۆبوونەوەیەدا کە کادر و پێشمەرگە و بنەماڵەکانی ناوەندی ٣ی کوردستان بەشداربوون، بەڕێزیان باسێکی گشتیی لەسەر هەلومەرجی ئێستای حیزبی دێموکرات و ئەرکی ئەندامانی حیزب لەو قۆناغەدا پێشکەشی ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە کرد. باسکردن لە نەخش و کاریگەریی خەباتی سیاسیی حیزب لە سەر جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەباتی پێشمەرگانە و ڕەهەندەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشان لە دژی کۆماری ئیسلامی، هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب لە قەڵای دێموکرات و لێکەوتەکانی، سیاسەت و هەڵویستەکانی حیزب و کاریگەری و شوێندانەریی حیزبی دێموکرات لە سەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات چەند تەوەری سەرەکیی باسەکەی بەڕێز سکرتێری گشتی لەو کۆبوونەوەیە بوون. دوای باسەکەی بەڕێز سکرتێری گشتی، بەشدارانی کۆبوونەوەکە کۆمەڵێک بۆچوون و پێشنیاریان خستە بەرباس و بە ڕوحێکی شۆڕشگێڕانە و دڵسۆزانەوە ئامادەیی خۆیان بۆ تێکۆشانی زیاتر و بێوچان دەربڕی و، دواتر سکرتێری گشتیی حیزب ڕاوبۆچوونی خۆی لە سەر پێشنیاری بەشداران دەربڕی و وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

## سەردانی شاندێکی حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە لە سکرتاریای حیزبی دێموکرات



دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە،٩ی خەزەڵوەر شاندێکی حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە بە سەرپەرستیی کاک ئیبراهیم برۆ، سکرتێری ئەم حیزبە سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا. لەو دیدارەدا دوولایەن دواگۆڕانکارییەکانی پرسی کورد لە ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان تاوتوێ کرد. بابەتی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم هێرشە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی، پرسی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان و ئەو دەرفەت و هەڕەشانەی لەسەر ڕێی وەدیهاتنی مافە نەتەوایەتییەکان لەو بەشەی کوردستانن، پرکێشییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچە و ئەگەرەکانی بەردەم کورد لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتەدا و، پرسی سیاسەت و هەڵسوکەوتی هێزە سیاسییە کوردییەکان لەگەڵ یەکتری لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم دانیشتن و دیدارە بوون. دوو لایەن لەسەر ئەو ڕایە هاوبەش بوون کە پرسی کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان بە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێ دەپەڕێ و، تەنیا سیاسەتی دروست و ژیرانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی نەتەوەیی و، وەلانانی ناکۆکیی نێوخۆیی و بەرژەوەندیی حیزبییە کە دەتوانێ کورد بکاتە فاکتەر و گەمەکەرێکی بەهێز لەو هاوکێشانەدا. وە ئەوەش ئەرک دەخاتە سەر هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان کە هەم دەرفەتەکانی بەردەم بزووتنەوەی سیاسیی کورد بقۆزنەوە و هەم بە هێزی هاوبەشیان بەرەوڕووی هەر ئەگەر و مەترسییەک ببنەوە کە هەڕەشە لە پرسی کورد و داهاتووی ئەم نەتەوەیە دەکا.

## سەردانی شاندێکی ڕێبەریی پژاک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان



شاندێکی ڕێبەریی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان_ پژاک سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لە دیداری نێوان دوو لایەندا کۆمەڵە باسێکی پێوەندیدار بە دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تاوتوێ کران. ڕۆژی سێشەممە، ١ی خەزەڵوەر شاندێکی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک) بە سەرپەرستیی کاک سیامەند موعینی، هاوسەرۆکی پژاک سەردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن شاندێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازییان لێکرا. لەم دانیشتنەدا پرسی مووشەکبارانکرانی قەڵای دێموکرات و لێکەوتەکانی، ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست و ئەگەرەکانی بەردەم بزووتنەوەی کورد و هەروەها پرسی پێوندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران و چۆنیەتیی تەعامولیان لەگەڵ یەکتر خرانە بەرباس و تاوتوێ کران.

کوردستان
• ژماره ٧٣٧
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ _ ٦ی نوامبری ٢٠١٨

### د. ئاسۆ حەسەن زادە:

## لە بەرامبەر مەترسیی هێرشی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیدا داوای ڕێکاری نێونەتەوەیی دەکەین

[دوای کاردانەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە چالاکییە مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و وریاکردنەوەی ئێران سەبارەت بە وەڵامدانەوەی ئەمریکا، د. ئاسۆ حەسەن زادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات پێشوازی لەو هەڵوێستەی ئەمریکا دەکا، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە سنوورێک بۆ مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دابنرێ.]



**دەقی لێدوانی د. ئاسۆ حەسەنزادبۆ هێندێک ئاژانسی هەواڵی بیانی:**

«مایک پۆمپیئۆ» ڕایگەیاندوە کە پاش لێکۆڵینەوە بۆیان دەرکەوتووە کە تێکنۆلۆژیی نیزامیی ئێران لەپشت ئەو مووشەکانەوەیە کە بۆ وڵاتانی کەنداو و ناوچە هاوێژراون. لە کەیسی مووشەکبارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەها لێکۆڵینەوەیەک زۆر پێویست نەبوو، چونکە هەر پاش مووشەکبارانەکە کۆماری ئیسلامی بۆخۆی بە فەرمی بەرپرسایەتیی ئەو دەستدرێژی و جینایەتەی گرتە ئەستۆ.

ئەوە کە ئەمریکا ڕایگەیاندووە کە لە بەرامبەر هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر هاوپەیمانەکانی لە ناوچەدا و یەک لەوان عەرەبستانی سعوودی دژکردەوەی دەبێ شتێکی موسبەتە. ئێمە پێشوازی لەو هەڵوێستەی ئەمریکا دەکەین چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە سنوورێک بۆ مانۆڕەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دابنرێ.

بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە لێرەدا جیاوازییەک لەنێوان عەرەبستان و عێراق یا کوردستانی عێراق کە ئێمە لەوێ بەردەوام لەژێر مەترسیی هێرش و دەستدرێژیی ئێران داین، نییە. بەپێچەوانەوە عێراق و کوردستانی عێراق لە سۆنگەی ململانەی ئێران و عێراقەوە بایەخ و هەستیارییان زیاتریشە. ئەمریکا تێچووی یەکجار گەورەی ماددی و ئینسانیی لەپێناو ئازادکردن و سەقامگیریی عێراقدا داوە. بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستانی عیراق یەکجار زۆرن. لەلایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامی، ئێمە وەک هاوپەیمانێکی ئەمریکا چاو لێ دەکا. یەکێک لە پاساوەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئێمە ئەوە بوو کە ئیدیعای کرد ئێمە بە پشتیوانی و دنەدانی ئەمریکا چالاکییەکانمان بەدژی کۆماری ئیسلامی پەرە پێداوە. هەر لەم ڕۆژانەدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی هەڕەشەیان لە ئێمە کردوە کە ئەگەر بێت و بنکەی دەفتەری سیاسیمان چاک بکەینەوە، سەرلەنوێ بە مووشەک لە خۆمان و لە هەر لایەنێک دەدەن کە پشتیوانمان بێ.

زۆر گرینگە ئەمریکا ڕوانگەیەکی هەمەلاگیر و گشتی بۆ چالاکیی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا هەبێ. ئەمریکا تەنیا دەوڵەتە کە قابلییەتی سیاسی و نیزامی و تێکنۆلۆژیی چاوەدێری کردن و لەنێو بردنی مووشەکەکانی ئێرانی لە ئاسماندا هەیە. بە هەمان شێوە کە ساڵی ١٩٩١ ئەمریکا و بریتانیا بۆ پاراستنی کوردەکانی عێراق هەرێمی هەواییان دروست کرد، ئێمەش مافی خۆمانە کە لە بەرامبەر مەترسیی هێرشی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامیدا داوای ڕێکاری نێونەتەوەیی بکەین. ئەمە هەم لەلایەنی ئینسانییەوە زەروورە چونکە ژیانی ئەندامانمان و بنەماڵەکانمان لە کوردستانی عێراق لە مەترسی دایە و هەم لەلایەنی سیاسی و قانوونییەوە مەشرووعە. شەڕی ئێران تەنیا لەگەڵ ئێمە نییە. ئێران بەگشتی لەگەڵ جیهانی پێشکەوتوو لە شەڕ دایە و بەتایبەتی ئامانجی هەرە گەورەی لێدانی حزوور و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچە و لە عیراقدایە».

## بەڕێوەچوونی کۆڕیادی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لە وڵاتی سوئید



ڕۆژی شەممە، ١٢ی خەزەڵوەر کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە شاری ئۆرێبرو کۆڕیادێکیان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی قەڵای دێموکرات بەڕێوە برد. ئەم کۆڕیادە بە داگیرساندنی مۆمی یادەوەریی شەهیدان و لاواندنەوەیەک لەژێر ناوی» برینی ئەو جارە» دەستی پێکرد و پەیامی کۆمیتەی ئۆرێبروی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کەریم بابەکری پێشکێش کرا. خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتی ژنان لەلایەن خاتوو شیلان ساڵحی، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن خاتوو موژدە عەزیزی و خوێندنەوەی پەخشانێک لەژێر ناوی «بزەی سەر لێوتان سیمبولی نوێی بەرخودانە» چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوون. لە بەشی پانێلی یادەکەدا کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، باسێکی پێشکێش کرد لەژێر ناوی «کارەساتی ١٧ی خەرمانان لە پێناوی ئازادی و مافی نەتەوایەتیدا.» دواتر دوکتۆر خالید خەیاتی، کەسایەتیی سیاسی و مامۆستای زانکۆ لە شاری لینشۆپینگی وڵاتی سوید، باسێکی تێروتەسەلی لە ژێر سەردێڕی «عەقڵییەتی موشەک هاوێژی ئەوان و سەرگەردانیی ئێمە لەسەر دووڕێیانی شوناسدا» پێشکەش کرد. دوابەشی بەرنامەکە چەند بەرهەمی هونەری بوو.

# مافە نەتەوایەتییەکان لە بەرەی هاوپەیمانییەکانی دژ بە ئێراندا



ئا: ئازاد مستۆفی

ئەم ڕۆژانە بە هۆی خۆپێشاندان و مانگرتنەکان کە لە سەرجەم شار و شارۆچکەکانی ئێران دەچتە قۆناخێکی جیدی و ڕۆژانە دەبینین بە شکڵ و لەونی جۆراوجۆر مانگرتن و نارەزایەتیدەربرین بە تایبەت لەلایەن ڕێکخراوەکان بەڕێوە دەچن، هەروەها بە هۆی دۆخی نێونەتەوەیی کە بە دژی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی پێکردووە، جووڵە و گۆڕانێکی ناوچەیی و نێونەتەوەیی هەست پێدەکرێ. لەو بارودۆخە نوێیەدا حیزبگەل و کەسایەتیی جۆراوجۆری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی هەوڵ دەدەن بەرە پێک بێنن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە لەم بەرە و ئیئتلافانەدا مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران بە کوێ دەگا؟ ئەو ڕەوت و کەسایەتی و لایەنانە چ جۆرە ڕوانگە و خوێندنەوەیەکیان بۆ مافی نەتەوەیی گەلانی ئێران هەیە و، هەروەها ئەو حیزبانەی کە لە پێناو مافی نەتەوەیی گەلەکەیاندا خەبات دەکەن و تێ دەکۆشن، ویست و داخوازیەکانیان چنە؟

### متمانە و پشتبەستن بە گەلان و کۆنترۆلی دەورانی تێپەڕ

بەڕێز ڕەئووف کەعبی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی فیداییانی خەلقی ئێران دانیشتووی فەڕانسە، لەمەڕ دۆخی هەنووکەیی ئێران و ئەگەری گۆڕان لە نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دەڵێ: دەکرێ بڵێین، بەپێی ئەو میناکە دیار و بەرچاوانە لە کۆمەڵگەی و ناسینی شێوەی موباریزە و تێکۆشان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکان، دۆخی سیاسیی وڵاتی ئێمە گەیشتۆتە قۆناخێک کە ئەگە بمانهەوێ بەپێی وتەی بەناوبانگ حوکم بدەین ئەوهای لێ دێ:



کەماڵ کەریمی

گۆڕانی سیاسی کاتێکە کە «بەرزەکان» نەتوانن و «نزمەکان»یش نەیانهەوێ. دەبێ بڵێین ئەوەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا دەیبینین یانی باری ئابووری، بێکاری، گرانی، دەرکردنی بەربڵاو لە تەنیشت ئەو هەمووە هەرەج مەرەجە هەمەلایەنە، تەنیا ڕێگەچارەی ڕێژیم، سەرکوت و کوشتار و سێدارەیە. ئەوە پێشان دەدا ڕێژیم بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانە بەو هەمووە ئیمکاناتە زۆرە، ئەگە نەڵێین هەر هیچ، بەڵکوو زۆر کەمە، لە لایەکی دی بە سەرنجدان بەو پێواژۆ کۆمەڵایەتییانەی ئەم دواییانە، یانی، ڕابوونی بەفرانباری ڕابردوو، مانگرتنی بەربڵاوی کوردستان، مانگرتن و نارەزایەتیی بارهەڵگرەکان، بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانە و... دەکرێ بڵێین بەڵێ، ئێمە لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی سیاسی لە کۆمەڵگەی ئێراندا نزیک دەبینەوە. هەرچەندە ئەم حوکمە پێشمەرجی هەیە، چوونکە گۆڕان، پێویستیی بە چەند هۆکار هەیە کە دەکرێ لە جێگەی خۆیدا ئاماژەیان بۆ بکرێ. هەر لەم بارەیەوە بەڕێز سەید حەسەن شەریعەتمەداری، لە دامەزرێنەری یەکیەتیی کۆماریخوازانی ئێران دانیشتووی ئاڵمان، لەم باوەڕە دایە کە: لە ڕاستیا لە ئێران نیزامێک بە مانا باوە نێونەتەوەییەکەی نەماوە، ئەوەی کە هەیە بێ پرەنسیپی و نەبوونی نەزم و ڕێوجێیە کە ناوی نیزامی بە خۆیەوە ناوە و دوو پاڵپشتی هەیە، ڕمبێک بۆ سەرکوت و گەندەڵی کە هەموو چین و توێژەکان و کاربەدەستانی نیزامی بۆ قازانج پێگەیاندن لە ڕانت و سامانی نەتەوەیی ئێران دەگەڵ یەکتر، یەکگرتوو کردووە، جا ئەمانەش بەم هۆکارە دەخوازن هێز و دەسەڵاتیان بپارێزن. ئەوانە لە قۆناخی یەکەمدا پارێزەری ڕێژیم نین و زۆرتر دەیانەوێ بەرژەوەندییەکانی کەسیی خۆیان بپارێزن. کاتێ لە نیزامێکی سیاسی قۆناخێک دەست پێدەکا کە ئیتر باوەڕ بە نیزامی سیاسی و کارهانینی ئەو بوونی نییە و زۆرتر بەرژەوەندییەکانە کە لە دەوری یەکتر کۆیان دەکاتەوە، لە وەها دۆخێکدا دارمانی مێشک و ئاوەز دەست پێدەکا کە لە ڕاستیدا قۆناخی جیایی و تەواوکەری خەڵک لەو نیزامەیە. باوەڕی خەڵک بەوەی کە ئەم ڕێژیمە هی خۆیان نییە ماوەیەکی زۆرە گشتگیر بووە و ئێستا لە پلە جۆراوجۆرەکانی نیزامیش، هیچ کۆدەنگییەکیان بۆ پاراستنی ڕێژیم و تەنانەت بەرەوپێشبردنی پرۆژەکانی خۆشیان نییە. لایەنەکانی نیزام نە دەتوانن کۆدەنگ بن کە دەگەڵ ئەمریکا ئاشتی ڕابگەیەنن یا لەبەرامبەر ئەمریکادا بوێرانە ڕاوەستن و یان باری ئابووریی وڵات چارەسەر بکەن، تەنانەت ڕێک بکەون کە خەڵک سەرکوت بکەن یا بە پێچەوانە بجوڵێنەوە هەتا بتوانن چاکسازیی بنەڕەتی دەست پێبکەن و دەگەڵ خەڵک پێک بێن و داواکارییەکانیان بەجێ بگەیەنن. بۆ هەموو ڕێگەچارەکان دژبەرانێک هەن توند و قایم ڕاوەستاون و تەنیا لە سەر مژارە ئاساییەکان پێکەوە یەکگرتوون، ئەویش تاڵانکردنی خەڵکە. ئەم قۆناخە لە زانستە سیاسییەکاندا بە دارمان ناو دەبرێ. ئەگە ئاڵتێرناتیوێکی بەهێزی جێ متمانەی خەڵک هەبێ، تێپەڕین بەم دۆخەدا کەم تێچووترە دەنا دارمانی ئەو ڕێژیمە ڕەنگبێ ببێتە هۆی دارمانی کۆمەڵگەش و تێچوو و خەسارەی یەکجار زۆری بەدوا دابێ، کەوابوو دەبێ جێگرەوەیەکی وەها بەهێز و جێ متمانە پێک بهێنرێ کە ڕاگواستن لەم نیزامە بۆ سیستەمێکی دێموکراتیک لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ بە تێچووی کەمتر دابمەزرێ.

بەڕێز کەعبی لە تێکۆشەرانی چەپی ئێران کە لەنێو کۆڕی سیاسیی دەرەوەی وڵات کەسایەتییەکە کە هەوڵێکی زۆری داوە بەرەیەکی یەکگرتوو لە نێوان هەموو حیزبە ئێرانییەکاندا پێک بێنێ، لەمەڕ ئەوەیکە دەبێ ئەو پلاتفۆرمە چ تایبەتمەندییەکی هەبێ بۆ کاریگەری لەسەر نێوخۆی وڵات؛ بە ڕاشکاوی ڕای دەگەیەنێ: «ڕەوتێکی سیاسی یا بەرەیەک لە کۆمەڵەیەک لەو ڕەوتانە کاتێک دەتوانێ کاریگەر و بەڕاستی لەنێو کۆمەڵگەدا جێگەوپێگەی هەبێ، کە یا لە نێو کۆمەڵگەدا هەبێ، یان دەنگی داخوازی و ویستی سەرجەم بزووتنەوەکان دەنگدانەوەی تایبەتی لەو کۆمەڵگەدا هەبێ. کەوابوو لە قۆناخی یەکەمدا کاریگەرییەکی کە مەبەستی ئێوەیە، لە سەر ماک و میناکێکە کە بناخەی نەزەری و فیکریی ئەو کاریگەرییە وێنا دەکا. لە کۆمەڵگەدا شەبەنگ و چینی جۆراوجۆر لە ڕاوبۆچوون و بیرۆکە هەیە، بەڵام هەتا ئەو جێگەیەی پێوەندیی بە لایەنێکی سیاسی، کە من مەبەستمە دەگەڕێتەوە، دەبێ بڵێم باوەڕبوون بە چەند هۆکار و ماک دەتوانێ تەکویستی گشتیی و شکانەوەی هەموو کۆمەڵگەی ئێمە کە بتوانێ ئەو پرسیارە بەرسڤ بداتەوە بەم شێوازە دەبێ: سەرەتا فەلسەفەی وجودیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە سەرجەم لایەنەکانییەوە، تەنیا هۆکاری دۆخی شێواوی هەنووکە و بە هۆکردی ئەو گۆڕانە دەژمێردرێ. کەوابوو سنووربەندی دەگەڵ بوونی ئەو ڕێژیمە و سەرتر لە ئەو، بە پێویستییەکانی بزووتنەوەی ئێستا دەژمێردرێ.

دواتر، ماکی دێموکراسی و بە فەرمی ناسینی ئیرادەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵانی خەڵک لە دە دەستگرتنی دەسەڵات و هێز، ئەم بیرۆکەیە هیچ دژوازییەکی دەگەڵ ڕێگەچارەکانی کە ئیرادەی خەڵک وەلاوە دەنێ و هێز و دەسەڵاتی سیاسیی تایبەت بە دەستەیەک کە بە ناوی ئایین و سەڵتەنەت دێن، نییە. خۆیابوونی ئەو بیرۆکەیە واتە حوکمەتێک لە سەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت بە پاڵپشتیی دەنگی ئازادانە و ڕاستەوخۆی خەڵک. خاڵێکی تر، فرەنەتەوەیی بوونی ئێرانە کە بە ناسین و بوونی واقعی ئەو ڕاستییە لە کۆمەڵگەی ئێران، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە ئێمە دەگەڵ کولتوورێکی هاوبەش یا تاقە زمانێک بەرەوڕوو نین بەڵکوو جۆراوجۆری لەم بەستێنەدا حاکمە. بە فەرمی ناسینی ئەو باسە یەکێک لە پێویستییەکان و دواتر کاریگەری بۆ سەر کۆمەڵگەی ئێرانە. خاڵێکی تر بە گشتیی کە بە سەر دۆخی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە واتە کرێکارەکان و زەحمەتکێشان، کارمەندان و معاش وەرگران و هاوڕێیەکانیان، نەبوونی بەرابەری نێوان ژنان و پیاوان، نەبوونی ماف لەهەموو جومگەکان، نەبوونی ئیمکانی دامەزراوە و دیکە بیرۆکەی تر لە کۆمەڵگایەکی ئازادە، کە ئەمڕۆ لەناو بەشی هەرە زۆری هاونیشتمانیانی ئێمە ڕەگی داکوتاوە، لە کۆتاییا ئاماژە بەوەش بکەم بەپێی ئەزموونی مێژوویی بە تایبەت ئەوەی کە هەر لەو ئێرانە و وڵاتانی ناوچەی هاوسێ، هەتا ئێستا ڕووی داوە، ئەگە کۆمەڵانی خەڵک و نوێنەرانی سیاسیی ئەوان، خۆیان خولقێنەری بیرۆکە و پلانی تایبەتیی خۆیان نەبن، ئەوە لە دەرەوەڕا بۆیان دادەنێن و دەشبێ قەناعەتی پێ بکەی، هێزە دەرەکییەکانیش هەرچەند دژایەتیی ئەو ڕێژیمە بکەن دواجار بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا دادەگەڕێن، لە لایەکی تر هانا بردن بۆ تێرمی شەڕ و کاری نیزامی لە نێوخۆ، لە پلەی یەکەم بە زەرەری ئەو هێزانەیە کە دەخوازن بە هێزی خەڵکی خۆیان، دەسەڵاتی سیاسی بگۆڕن. کەوابوو دژایەتی دەگەڵ ئەسلی هەرجۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی و سیاسەت و ئاڵتێرناتیو چێکردن، لە کۆمەڵە هۆکردێکە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی ئەرێنی یا نەرێنی لەسەر ئەم ڕەوتە دادەنێ. متمانە بە کۆمەڵانی خەڵک و پشتیوانییان، یارمەتیدەرێکی گرینگە بۆ کۆمەڵگەی ئێرانی.

موهەندیس حەسەن شەریعەتمەداری لە سەرکردەکانی پێشووی حیزبی کۆماریی گەلی موسڵمان لە ئازەربایجان بە گرینگیدان بە دامەزراندنی بەرە لە قۆناخی ئێستا بۆ تێپەڕین دەڵێ: «بە باوەڕی من هەر جۆرە ڕێکخراو یا چەتری هاوبەش لە ڕەوتەکان، کەسایەتییەکان و ئەحزابی سیاسی بە مەبەستی تێپەڕین لەو ڕێژیمە بە شێوەی ئاشتیخوازانە و مەدەنی ئیشێکی گەلێک پیرۆزە، لە ڕاستیدا هیچ دێموکراسییەک بەبێ بوونی حیزبگەلی بەهێز و سەربەخۆ، تەمەندرێژ و ڕاوەستاو نییە، ئێمە دەبێ هاندەری ئەو جۆرە بەرە و پلاتفۆڕمانە بین. کەشی لەبار بۆ گەشەی زیاتری ئەو حیزبانە بخوڵقێنین بۆ بەرمێن بوون و متمانەی زیاتری خەڵک. لێبەلێ لە سەردەمی تێپەڕین بەر لەوەی حیزبەکان بتوانن کارێک بکەن، بە هۆی دەروونناسیی تایبەتیی کۆمەڵگەی ئێران، ئەوە ڕێبەرانی ڕێکخراوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن دەگەڵ کەسایەتیی سەرووحیزبی و بان گرووپی، کە لە سەرەوەی ڕکەبەری باوی حیزبەکان، کاریگەرییان دەبێ. لەم قۆناخەدا حیزبەکان دەبێ پەیوەندییان دەگەڵ نەپچڕن و پشتیوانییان لێ بکەن، هەتا ئێمە بتوانین ناوەندێک بە ناوی (شووڕای کارگێڕیی دەورانی تێپەڕ) ئامادە بکەین کە هەموو حیزبەکان نوێنەرانیان تێدا هەبێ و پشتیوانی و یارمەتییان بکەن هەتا بتوانین ئەو دەورانە بە بەرنامە تێپەڕێنین».



حەسەن شەریعەتمەداری

### چەپ و کۆماریخواز و پەسنی فێدڕالیزم

ڕەئووف کەعبی کە خۆی «دەلاقەیەک لەسەر باسی فێدڕالیزم»ی نووسیوە، لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە وەک شۆڕشگێڕێکی چەپ، چ جۆرە نیزامێک لەبۆ دوارۆژی ئێران وێنا دەکا، دەڵێ: «هێزی چەپ یارمەتیدەر و پشتیوانی ڕەوتە نەتەوەییەکانە بۆ وەدەستهێنانی مافی دێموکراتیک و دادپەروەرانە، هەڵبەت ئەم ڕوانینەش بە مانای ئەوە نییە کە ئێمە دژایەتی ئەو بیرۆکانە نەکەین کە لە ژێر ئاڵای هەوێتی و ناسنامەی نەتەوەیی، بچتە بەستێنی جۆرێک توندئاژۆیی و ڕادیکاڵ بوون، سەت هەڵبەتە، لە ئێرانی ئەمڕۆدا، دەسەڵاتداری سیاسی دەبێ ئاوێنەی واقعی کۆمەڵگەی ئێران بێ کە ڕەنگاڵەیەکی ئاشکرا پێشان بدا. ئەم کارە بە هاوفکری و هاوکاریی سەرجەم هێزە باوەڕمەندەکان بەو خاڵە، دێتە ئاراوە، کامەیان ڕێگاچارەیەکی سەرتر دەخوڵقێنێ، ناکرێ هەر لە ئێستاوە بڕیار بدەین بەڵام دەکرێ ئەوە بڵێین، نیزامی داهاتووی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مافە سەرەکییە و تەکزکرن بەو خاڵە بنەڕەتییە لە کۆمەڵگە، بە هیچ شێوەیەک جێگای باوەڕ نییە.

کوردستان
ژمارە: ٧٣٧
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ _ ٦ی نوامبری ٢٠١٨

ئەساسەن ئەم ڕێگەچارەیە، دژی ناوەندگەرایی و بەشدارییپێکردنی گشت ئەو کۆمەڵانە لە دەسەڵاتداری سیاسییە کە دەتوانێ شێوازی جۆراوجۆری هەبێ، لە فێدڕالیزمەوە بگرە هەتا جۆرەکانی تری ناموتەمەرکز». بەڕێز شەریعەتمەداریش بە شێوەیەکی تر خوازیاری فێدڕالیزمە و لەم بارەوە دەڵێ: «من خۆم خوازیاری فێدڕالییەکی ناقەومی، پارێزگایی و ئەیالەتی لە چوارچێوەی ئێرانێکی یەکگرتوو دام، خوازیاری یەکسانی و لابردنی هەموو جۆرە تەوفیر و جیاوازیی هەموو ئێرانیەکانم بەتایبەت بۆ کوردەکان، ئازەربایجانییەکان، بلووچ، تورکمەن، عەڕەب و لوڕەکانم. هەروەها گرووپ و لایەنەکانی ژێر ستەم وەک لاوان و ژنان و چینی هەژاری سەدەمەدیتوو. ئەوەی کە من دەمەوێ نەمانی جیاوازی بە شێوەی ئاسۆیی، واتە داڕشتنی فێدڕالیزمێکی سەرتاسەری لە ئێرانە، هەڵبەتە لەو ڕێگاچارەیەدا هەرێمی کوردستانیش قازانجی لێ دەکا».
ڕەئووف کەعبی لەمەڕ جێگە و پێگەی خەباتی کوردستاندا دەڵێ:» ئەگە نەڵێم کوردستان دڵی گۆڕانکارییەکانە لە ئێران، بەڵام بێشک لە ئەندامانی


حافز فازیلی

سەرەکیی ئەو جەستەیەیە و ئەمە زێدەڕۆیی نییە. چوار دەیەیە خەبات و خۆڕاگریی بێوچان هەروا بەردەوامە. هەر ئەو میناکەی ئەم دواییانە، واتە مانگرتنی سەرانسەری و بەربڵاو، هێمای پێگەیشتنی ڕەوتێکە کە بەرفرەوان. سقیل و مۆدێڕنە، حیزبایەتی لە ئێران بە دامەزراندنی حیزبە کوردییەکان دەستی پێکرد، ناو و ناوبانگی خۆڕاگریی کوردەکان سینگ بە سینگ دەگێردڕاوە، ئەمە بۆ بەرگری لەبەرامبەر زوڵم و زۆری ڕێژیم دەگەڵ خەڵکی بێتاوانی خۆی بووە، گیانفیداکردنی بەشێک لە سەرکردەکانی هێزە سەرەکییەکان، بە جۆرێک لە پێوەندی دەگەڵ هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ بە ئامانج گەیاندنی ژیانی هاوبەش و بەرامبەر لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بووە و وەک نموونەیەک لە تەقەڵا و فیداکاری لە بۆ پێکگەیاندنی بزووتنەوە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە کۆمەڵگە، تۆمار کراوە. کوردستان بۆ دامەزراندنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک، ڕۆلی خۆی دیاری کردووە و باوەڕم وایە ئا بەم شێوەیە، سەرەڕای کێشە و گرفتی زۆر، دەبێ درێژەی هەبێ، لە نەستی کۆمەڵانی خەڵک، کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی_ دێموکراتیکی ئەو، بەرگری و خەباتی گەلەکەی، جێگەی دیاریکراوی خۆی هەیە و متمانەی پێ بەخشیوە و چاوەڕوانیی زۆری لێ دەکرێ، خەڵکی کوردستان ڕۆلی خۆیان گێڕاوە و دەیگێڕن، هێزە ڕەسەنە کوردییەکان لەسەریانە ئەو متمانە و باوەڕ و نرخ و بەهایەی کە باس کرا، وەک خۆی ڕابگرن و بە هاوکاری و هاوئاهەنگی نێوان هێزە ڕەسەن و خەڵکییەکان لە سەرتاسەری ئێران کە باوەڕی پتەویان بە ئازادی هەیە، مافی سروشتی لە دیاریکردنی چارەنووسی گەلانی ئێران وەک مافی خۆیان بە فەرمی بناسن و لە حاند وەدیهێنانی ئامانجە مێژوورییەکانی ئەو خەڵقە، تێ بکۆشن».
لە هەرتک ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامیی ئێراندا پرسی کورد دانی پێدانەنراوە. بەپێی دۆخی ئێران و کۆمەڵناسیی سیاسیی ئەو خەڵکە، بەڕێز شەریعەتمەداری لە سەر دوارۆژی سیاسیی کوردستانی ئێران دەڵێ: «ئەمن پێموایە بەشداریی بەرینی خەڵک لە مانگرتنی ڕێکخراوەکان و مامۆستایان نیشانی دا کە ئەوان هاوئاهەنگ و هاودڵ دەگەڵ باقی خەڵکی ئێرانن و دەزانن کە دوارۆژیان لە نێوخۆی ئێرانە و دەگەڵ خەلقی ئێرانە. لەسەر ئەو باوەڕەم کوردستان و ئازەربایجان دوو ئەیالەتی مەزن و گەورەی ئێران دەبن لە فێدڕالیزمی داهاتوودا کە دەبێ وەک جیرانێکی باش بە پێوەندییە تایبەتییەکان دەگەڵ یەکتر بژین و بناخەی ئابووریی ئێران بە تووریسم و سەنعەت و وەرزێری لەم دوو ناوچەیە دەبێ خول بخوا. ئەمن وای بۆ دەچم ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و گەلانی تری ئێران زۆر باش هەستییان بەو پرسە کردووە و وێڕای حیزبە مەزنەکانیان هاوڕێی ئەو هەوڵانە دەبن، ئێمە دەست دەناو دەستی یەک ئەو نیزامە بە مێژوو دەسپێرین و نیزامێک لە سەر بناخەی دێموکراسی و مافی مرۆڤ پێک دێنین».

**هیندێ لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن، گەلان وەک کەرەسە بەکار دێنن**

بەڕێز حافز فازڵی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی «تضامن دمکراتیک»ی ئەهواز دانیشتووی بریتانیا لە وڵامی پرسیاری «زۆربەی کاتەکان دەبینرێ کە حاکمییەتی ئێران و هەندێ لە کەسایەتییەکان و ڕەوتە سیاسییەکان، کە کار دەگاتە مافی نەتەوەکانی ئێران، گوتارێکی هاوبەشیان هەیە، بۆچی؟» ئەو ڕاشکاوانە دەڵێ: «چوونکە پرسەکە بە تەواوی سیاسییە و ڕەوشتی تێدا نییە، لە ڕاستیدا بەرژەوەندیی گەلی باڵادەست ئیزنی خوڵقاندنی ئەو جۆرە گوتارانە نادا، جا چ لە دەسەڵات بێ چ لە دەرەوەی ئەو بازنەیە. دەگەڵ دانپێدانان بەو دیسکۆرسە، دەبێ دەست بە گۆڕانکاری بنەڕەتی بکەن و هەرچی هەیە دەبێ دەگەڵ پەراوێزخراوەکان دابەش بکەن کە ئەوان میراتگرانی ڕەسەنی ئەو وڵاتەن. دابەش کردنی هێز و دەستەڵات و سەرچاوەکانی ماڵی بەرامبەرە دەگەڵ لە دەستدانی سەرچاوەگەلی مادی زۆر و باوەڕبوون بە کێبرکێیەکی پاقژی زمانی و کولتووری کە لە ڕاستیدا سەدەیەکە وەدەست ناوەندگەراکان لە ڕاستای پەرەپێدان بە شیعەگەری و زمان و فەرهەنگی فارسی یەک نەتەوە، یەک هەڵوێست بوونە و ئەو پارێزگا و شارانەی ناوەند کە بە هیچ شێوەیەک مەرجی پێویست بۆ گەشەی تێدا نییە، پەرە پێبدەن، پێویستە چاوێک بە شارە گەشەکردووەکانی ئێران بخشێن، هەڵبەت ئەوە بە مانای نەبوونی مرۆڤی ئازادیخواز و بە ئینساف لە قەومی باڵادەست نییە، بەداخەوە ئەو جۆرە بنیامانە زۆر دەگمەنن و تەنانەت لەلایەن ناوەندگەراکانەوە پەراوێز خراون و مەیدانیان پێ نادەن».
لەسەر ئەو باسە بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ: «ئەگە حاکمانی ناخەڵکی کە هەمیشە دەسەڵاتیان هەبووە، ئاکار و ڕەوشتیان بە ئاقاری ئینکاری مافی نەتەوەکانی ئێران بووە شتێکی سەیر و سەمەر نییە، چوونکە ڕابردووی دیرۆکی ئێران نیشانی داوە کە هیچ کام لەو دەسەڵاتدارانە لەبەر دڵی ئێران و خەڵکەکەی بەرپرسیارەتییان وەرنەگرتووە. بەڵام باوەڕبوون بەم شێوە سیاسەتە حکوومەتییە و پەسنی لەلایەن بیرمەندان و ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی ناحکوومی، بە باوەڕی من بۆ هەڵسەنگاندنی غەڵەت لە مافی مرۆڤ، دێموکراسی، ئازادی و دابینکردنی درێژ ماوەی ئێران دەگەڕێتەوە، هەوڵنەدان بەلای دەرکی هاوبەش لە ڕاستییەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ئێران و هەروەها ترس لە لێکدانەوەی خەیاڵی و ڕەشۆکییانە لە سیاسەتە کە دەبێتە هۆی سەرلێشێواویی هیندێ حیزب و کەسایەتیی سیاسیی ئێران».

**کورد و عەڕەبەکان بەرەیەکیان قبووڵە، کە تێیدا مافی نەتەوەییان ڕوون کرابێتەوە**

بەڕێز فازڵی کە نوێنەری عەڕەبەکان لە ڕێکخراوی UNPO _ە، لەمەڕ ویستی ئۆپۆزیسیۆنی سەرتاسەری دەگەڵ حیزبەکانی کە خوازیاری مافی نەتەوەیینە دەڵێ: «هیچ کات ئۆپۆزیسیۆن ویستی هاوکاری لەتەک حیزبە نەتەوەییەکانی نەبووە و نییە، لە ڕاستییا هیندێ لەو حیزبانە هەوڵ دەدەن بە شێوەی کەرەستەیی و بۆرە و تۆرە، لە هیندێک دانیشتنەکانیاندا کەڵک وەرگرن هەتا بە قازانجی تراویلکەیی، خۆیان پێ ڕابنێن. بەرە پێویستیی بە هیندێ ڕێککەوتن و بەرنامەی کاری دیاریکراو هەیە کە ئەو حیزبانە هیچ کات نایکەن، غافڵ لەوەی کە هیچ جێگرەوە و ئەلترناتیڤێک بەبێ پشتیوانیی گەلانی تر لە دوارۆژا، جێگرەوەی نییە.
لەسەر جۆری داواکارییەکان لە کاتی ئێستادا دەتوانین ئاماژە بە پرسێکی گرینگی وەک، دژبە ناوەندبوون و فێدڕالیزم بکەین، بەڵکوو ئەوەی بەسەر ئەو گەلانە لە سەدەکانی ڕابردوو هاتووە تۆزێک قەرەبوو بکرێتەوە. بەڕێز کەریمی لەمەڕ داواکارییەکانی گەلی کورد لەو بەرانەدا بە ڕاشکاوی دەڵێ: «داواکاری گەلانی ڕۆنیشتووی ئێران زۆر ڕوونە، بۆ میناک کوردەکان، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرکردایەتیی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵک و خەبات و تێکۆشانی ئەو چەند دەیەی وەئەستۆ گرتووە، هەموو کات پێداگریی لەسەر ژیانی ئاشتیخوازانەی خەڵکی ئێران و باوەڕ بە مافی نەتەوەیی ئەوان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتدا هەبووە و لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سیستەمێکی حکوومەتی دێموکراتیکی فێدڕال کە ڕوانینێکی واقعبینانەی بۆ ئازادی، دێموکراسی و مافی خەڵکی ئێران هەبێ، یارمەتی بەو کێشە مێژووییانە دەدا. ئەپێم وایە هەر بەرەیەکی یەکگرتوو کە ئامانجەکەی دابینکردنی ویست و داخوازیی درێژماوەی ئێران بێ، دەبێ سرنج بداتە ئەو خاڵە هەستیار و جیدییە، ئەگینا لە هەر گوزەرێکا بەرەو گۆڕان لە ڕێژیمی سیاسی ئێران، بە تەواوەتی دەکەونە داوی ڕێژیمەکانی پێشوو کە جگە لە وێرانی، بە کوشتدانی خەڵکی ئێران و سەرئەنجام لە چارەسەری کێشەکاندا هیچ ئاکامێکی نابێ، بەپێی ئەو ئەزموونە مێژووییانە، کوردەکان هیچ بەرەیەک قبووڵ ناکەن مەگەر پێشەکی چۆنیەتیی چارەسەری پرسی مافە نەتەوایەتیەکانی تێدا باس و ڕوون نەکرابێتەوە».
کەماڵ کەریمی لەسەر ئەوەیکە ئایا گەلانی نیشتەجێی ئێران کە ویست و داخوازیەکانیان لەلایەن حیزبەکانیانەوە داوا دەکرێ هەتا ئێستا توانیویانە ڕای ئەرێنیی حیزبەکان و ڕەوتە سیاسییە سەراسەرییەکان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن؛ دەڵێ: «ئەو دەستە حیزبانە کە نوێنەرایەتیی گەلانی جۆراوجۆری ئێران دەکەن لەم بەستێنەدا هەوڵی زۆریان داوە و، ئەگەرچی توانیویانە سەرنجی هیندێ لە گرووپ و کەسایەتیی سیاسی تێکۆشەری ئێرانی بۆ لای ڕاستیی ئەو پرسەی خۆیان ڕابکێشن، بەڵام نەبوونی بەردەوام و حزووری ڕاستەوخۆ لە کایەی خەباتی خەڵک و هیندێ بیرۆکەی شۆڤینیستی لە هیندێکیان و دڵەڕاوکەی ناڕاست، لە هۆکاری قبووڵنەکردنی هێنانەبەرباسی ئەو بابەتەیە لە نێوان گشت ڕەوتە سیاسییەکانا». بەڕێز فازڵی هەر لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ:» نەخێر، هۆی سەرەکی هەر ئەو ڕوانینە تەواوییەتخوازانەیە، بەڵام لە ڕاستیدا حیزبە نەتەوەییەکان بە هاوفیکری بووتنە لایەنی ئەو پرسە، کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدڕال و شووڕای دێموکراسیخوازان و هەروەها بەرەی نوێ دەگەڵ هیندێ لە هێزە چەپەکان باشترین بەڵگەن_دەبێ ئەوەش بسەلمێنین کە ڕێگایەکی دوور و درێژمان لەبەرە، بە باوەڕی من تەنیا ڕێگای سەرکەوتن، یەکدەنگیی سەرجەم هێزە سیاسییەکانی نەتەوەکانە_فێدڕالی و سەربەخۆخواز_ و چالاکی لەژێر چەترێک ئەگە بەڕاستی باوەڕمان بە دێموکراسی هەبێ، ئەگە پێداگری و خەباتی حیزبەکانی نەتەوەیی نەبا بەم جۆرە چەمکی فێدڕالیزم نەدەبووە جێ باس و سەرنجی زۆران. بەڕێزیان هەروەها لە مەڕ داخوازیی عەڕەبەکان دەڵێ: لە ڕاستیدا لە ئێران عەڕەبەکان، جیاواز لە گەلانی تری ئێران نین، عەڕەبەکانیش وەک کوردەکان ویست و داخوازی وەک یەکیان نییە، هەنێک خودموختاریان دەوێ، دەستەیەک تەنیا ڕێگەچارە لە فێدڕالیزمدا دەبینن و هیندێکیش تەنیا ڕێگەی ڕزگاری دە سەربەخۆییدا. هەر بۆیە لە وەڵامی پرسیاری پێشوو دا گوتم، بەرە لە نێوان سەرجەم لایەنەکان زۆر پێویستە چوونکە وزەیەکی زۆر لە گەلان تەرخان دەکا، بەڵام بە سرنجدان بە دۆخی نێونەتەوەیی و بە ئەزموون وەرگرتن لە شوێنی وەک کەتالۆنیا و هەرێمی کوردستان تەنیا ڕێگەی چارەسەر، گەیشتن بە ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵە».
حیزبی»تضامن دمکراتیک»ی ئەهواز باوەڕی بە خەباتی مەدەنی و پشتیوانی لە بزووتنەوەکانی نێوخۆیە و داخوازی نیزامێکی دێموکراتیک و فێدڕال لە ئێرانە. وتەبێژی ئەو حیزبە لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەگە هەموو ئەو حیزبانەی گەلانی ئێران دەگەڵ


ڕەئوف کەعبی

یەک یەکگرتوو بن دیسانیش لە بەرەکان پێویستییان بە ڕەوتە سەرتاسەرییەکان دەبێ؟ دەڵێ: «بەڕاستی هیچ ڕەوتێک بە تاک و تەرا ناتوانێ ڕێژیم بڕووخێنێ و نیزامی سیاسیی داهاتوو دابمەزرێنێ، کەسێک لە داهاتوو لە تاران دەسەڵاتی دەبێ کە ڕەزامەندی گەلانی تری هەبێ و نەتەوەکان بە هاوپشکی خۆیان بزانێ. لەکاتی ئێستادا حیزبە نەتەوەییەکان توانایییەکی زۆریان هەیە و ئەو جۆرەی دەبینین ئامادەن نرخی بۆ بدەن. باری جیهانی، ناوچەیی و نێوخۆ دەرخەری ئەوەیە کە ئێمە ڕێگای ڕاستمان پێواوە و لە دوارۆژێکی نەدوور بە ئاواتەکانمان دەگەین». بەڕێز کەماڵ کەریمی کە حیزبەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە ڕۆژی ١٧ی خەرماناندا، لەلایەن سپای پاسدارانی تێرۆریستەوە هێرشی مووشەکیی کرایە سەر و پلینۆمی ئەو حیزبە لە خوێن وەردرا، لەو بارەیەوە ڕایدەگەیەنێ: «لەبۆ گۆڕان و تێپەڕین لە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، یەکگرتوویی و بەرە بۆ سەرجەم خەڵکی ئێران بە تایبەت ئەو دەستە لەو ڕەوتە سیاسییانەی کە دەبێ بۆ دوارۆژی ئێران، بەرنامەیەکی دیاریکراو بخەنە ڕوو کە بریتی بێ لە، دابینکردنی مافی هەموو خەڵکی دانیشتووی ئێران، زۆر پێویست و گرینگە. هەرچەند یەکیەتیی گەلانی ئێران و حیزبەکانی بەشدار لە مەیدانی تێکۆشان و خەبات دەبێ هەوڵ بدەن لەسەر داخوازییەکانی هاوبەشیان پێداگر بن و هاونیشتمانیانی تریش دەگەڵ خۆ هاوڕێ بکەن».

# مەینەتیی کوردبوون

## (ساڵێک دوای بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان)


عەلی لەیلاخ

٢١ی خەزلوەری ٩٦ی هەتاوی  لە مێژووی کارەساتەکانی مرۆڤایەتی و بەتایبەتی کورد، ڕێکەوتە لەگەڵ تاڵیادی کارەساتباری بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان، کە لەچەند چرکەسات گیانی سەدان کەسی ئەستاند و بەهەزاران کەسی بریندراو و بێ خانەولان کران و دەیان گوند بە تەواوی بوون بە کاولاش.
شەوی ٢١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی مەرگهێنەرترین بوومەلەرزەی ئەو ساڵە لە پارێزگای کرماشان و بەتایبەتی لە ناوچەی سەرپێل زەهاوی دا. بەڵام لەوە کارەساتبارتر ئەمە کە لە یەکەم ڕۆژانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەوە تا کوو ئەمرۆ پاش ساڵێک دەبینرێ ئەوەیە کە لە بەتاڵایی هەبوونی دەوڵەتێکی بەرپرسیار و خەمخۆر، لێقەوماوانی بوومەلەرزە لێدراو لە دۆخێکی زۆر خراپدا بەسەردەبەن و وادوە و بەڵێنییەکانی دەوڵەتیش زۆربەی زۆریان هەر لە ئاستی قسەدا ماونەتەوە.
ساڵی ڕابردوو بە هۆی بوولەرزەیەکی ٧.٣ ڕیشتەری بە ناوندێتی ئەزگەلە لە نێوان سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و باشوور لە پارێزگای کرماشان نیزیک بە ٧٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا و زیاتر لە ٩ هەزار کەسیش بریندار و پتر لە ٧٠ هەزار کەسیش بێ خانەولان مانەوە.
ڕاستە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی ئەم کارەساتە هەرەوەزێکی بێوێنە لە کوردستان و ئێران بۆ یارمەتیدانی لێقەوماوان دەستی پێکرد و چالاکانی مەدەنی و کەسانی خۆبەخش و خێرخواز دەوری بەرچاویان هەبوو، بەڵام بەهۆی قووڵیی کارەساتەکە و سستی و کەمتەرخەمیی دامودەزگا حکوومییەکان، دوای ساڵێکیش زۆر لە گرفتی خەڵکی لێقەوماو چارەسەر نەکراون و ئێستاش بەشی هەرەزۆری خەڵکی سەرپێلی‌زەهاو کە زیاترین خەساریان لێکەوتووە، لەنێو کانێکس و خێوەتی ناستاندارد لە وەرزی گەرمادا بەگەرمای سوورەتاو و لە وەرزی سارد و تووشیشدا لەژێر ڕەهێڵەی باران و سۆزی سەرمادا دەژین.
وەک هەواڵنێرێک باسی دەکا، زۆر لە کانێکسەکان کە دەوڵەت وەکوو خزمەتکردن و پێڕاگەیشتن بە خەڵکی داوە، ناستاندارد و بەرگەی سووکترین با و سەرماش ناگرن هەربۆیە خەڵکی ماڵ و حاڵ شێواوی بوومەلەرزەلێدراو لە دۆخێکی نالەباردا دەژین و نەبوونی دەسەڵاتێکی خەڵکی و خزمەتگوزار، بۆتە حەسرەتی سەر دڵی دڵسۆزان و چالاکانی مەدەنیی کورد.
لێکەوتەکانی بوومەلەرزەی کرماشان زۆر خاڵی نیگەتیڤی هەبوو کە یەک لەوان پەرەسەندنی خەمۆکی و مەلوولیی خەڵکی لێقەوماو بوو لەنێو دوو بەرداشیماڵوێرانی و نەبوونی دەوڵەتێکی کارا و خەمخۆر، ئەوەش گەیشتە ڕادەیەک کە دەیان حاڵەتی پەنابردن بۆ خوکوشتن لەو ناوچە ڕوو بدا. هەر چەند حەوتوو دوای ئەم کارەساتە بوو کە شەهاب نادری، نوێنەری هەورامانات ڕایگەیاند زیاتر لە ٢٠ حاڵەتی خۆکوشتن لە نێو خەڵکی بوومەلەرزە لێدراو ڕووی داوە، کە دڵتەزێنترینی خوکوشتنی پیاوێکی تەمەن ٧٨ ساڵ بە ناوی «موراد بووچانی»، خەڵکی سەرپێڵی زەهاو بوو؛ کە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە حەوت مانگ لە کارەساتی بوومەلەرزەکە، بەهۆی ئاوارەی و دەربەدەری و خەمساردییەکانی حوکمەت، کۆتایی بە ژیانی هێنا.
هەر لەو یەک ساڵەدا بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان گیانی چەند منداڵی و سەرەڕای ئەو هەمووە گیر و گرفتە دامودەزگا حکوومییەکان تەنیا سەیرکەری خەڵکی کارەساتلێدراون و لە جیاتی خزمەتکردن و پێڕاگەیشتن کە ئەرکیانە، کێشە و گرفتیش بۆ خەڵکی خێرخواز و یارمەتیدەر ساز دەکەن.
ناوەندە ئەمنیەتییەکان دوای پەرەسەندنی هەرەوەزیی یارمەتیگەیاندن بە پارێزگای کرماشان کە هەستێکی مرۆڤدۆستانە و کوردانەی گەشە پێدا، دەستان کرد بە دەسبەسەرکردنی چالاکان و ڕێکخەرانی کەمپەین و ئەنجوومەنەکانی تایبەت بە یارمەتیگەیاندن بە خەڵکی زیاندیتووی بوومەلەرزەکە.
وەک شایەتحاڵان باسی دەکەن دوای ساڵێک لەو ڕووداوە نە تەنیا ناوەندە دەوڵەتییەکان ئەرکی خۆیانیان بە جێ نەگەیاندوە، بەڵکوو دەستیان بەسەر کەلوپەلی کۆکراوەی خەڵکی یارمەتیدەریش داگرتووە و بەشێکی هەرەزۆریشی دزراون.
کارەساتی بومەلەرزەی کرماشان و ڕەفتاری دەوڵەت ئەوەی ئاشکرا کرد کە لە ئێران و بەتایبەت کوردستان هیچ متمانەیەک لەنێوان خەڵک و دەسەڵاتدا نەماوە، هەربۆیە خەڵک لە کاتی کۆکردنەوەی یارمەتییەکاندا کەسانی خۆبەخش و ناسراویان لەو بارەوە بە «ئەمین» دەزانی  تا ناوەندە دەوڵەتییەکان، هەر ئەمەش بۆتە هۆی تووڕەیی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دامودەزگا حکوومییەکان و تەنانەت کەسانێکی وەکوو «عەلی دایی» و سادق زیباکەلام» کە ڕۆڵی گرینگیان لە کۆکردنەوەی یارمەتییەکان و گەیاندنیان هەبوو، بانگ کرانە دادگا.
ئێستا دوای ساڵێک بەسەر کارەساتی بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان ناوەندە حکومییەکانیش نایشارنەوە کە خەڵکی لێقەوماو و ماڵوێران دوای ساڵێک لەگەڵ دەیان گرفتی چارەسەر نەکراو ڕووبەڕوون و لە دۆخێکی دژواردا دەژین.
بۆ نموونە ماڵپەڕی «ئیرنا» دەڵێ ژنان و منداڵان  بەهۆی سەرما و نەبوونی شوێنی حەسانەوە و ژیان لە نێو کانێکسدا تووشی نەخۆشی بوون و پێوەندیی بنەماڵەیی دابەزیوە و ئەندامانی بنەماڵەکان بەچووکەترین شت تووڕە دەبن و بە سەدان منداڵان وێڵ و وەیلانن و کەس ئاگای لێیان نیە.
ئەو دۆخە نالەبارە لە کاتێکدایە کە دوای ساڵێک دەوڵەت و بەرپرسانی ڕێژیم بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە ڕووخاوەکان دارێکیان لەسەر بەردێک دانەناوە و هەر ئۆرگانێک ئەوی دیکە بۆ کردنەکەی بە ئەرکدار و بۆ نەکردنەکەی بە تاوانبار دەزانێ و لەو نێوەشدا هەر خەڵکی لێقەوماون کە زەرەرمەندن.
ئەگەرچی بە پێی ڕاپۆڕتی «پێگەی پێوەندییەکانی هەیئەتی دەوڵەت» بڕیاری ئاوەدانکردنەوەی ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان و دابینکردنی کەلوپەل و پێداویستییەکانی خەڵکی لێقەوماو پەسند کراوە، بەڵام وێنە و گرتە ڤیدیۆیەکانی بڵاوکراو باس لەوە دەکەن کە ئەوەش کە کراوە بە هۆی هاتنە مەیدانی کەسانی خۆبەخش و مرۆڤدۆست بووە و دەنا سەرقاڵیی کۆماری ئیسلامی بە خزمەتکردنی خەڵکی سووریە و ئاژاوەنانەوە لە ناوچەکە مەجالی بۆ ئەوە نەهێشتووەتەوە کە بەگوێرەی پێویست خزمەتێ خەڵکی لێقەوماو بکا. ڕاستە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی و هەواڵدەرییە حکوومییەکان لەهەوڵ دان ڕاستییەکانی ناوچە بوومەلەرزە لێداروەکان چەواشە بکەن، بەڵام هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەت ئەوانەی سەردانی ناوچەکانی سەرپێڵ‌زەهاو دەکەن، دەزانن کە واقعییەتەکان چۆنن.

# یاسای بنەڕەتی یان گۆڤاری گاڵتەوگەپ!

سام یارسان

سروشتییە کە یاسای بنەڕەتی یان ئەساسنامە بەپێی پێناسەکان بەرزترین بەڵگەنامەی حقووقیی هەر وڵاتێک و سەرچاوەی بنەڕەتییە بۆ کۆمەڵە یاساکانی دیی ئەو وڵات و کۆمەڵگەیە. لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدایە کە بنەما سیاسییەکان، پێکهاتەی دەسەڵات، مافی خەڵک، جێگەوپێگە و شوێنی دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگ دەداتەوە و شوێن و سنوور و بڕی هەر کام لەوانە دیاری دەکرێ. هیچ یاسایەک نابێ ناتەبا بێ لەگەڵ یاسای بنەڕەتیی وڵات، بە واتایەکی دی یاسای بنەڕەتیی وڵات دەربڕی نیزامی سیاسیی زاڵە بەسەر وڵاتدا و، یاسایەکە ڕوونی دەکاتەوە کە دەسەڵاتەکان لەکوێ کۆ دەبنەوە و چۆن دابەش دەبن؛ پێوەندیی نێوان دەسەڵات لەگەڵ خەڵک و ماف و ئازادییەکانیان چۆنە، دەسەڵاتە لێک جیاکانی وەک دەوڵەت، پارلمان و دەزگای داد دەسەڵاتیان چەندە و ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیان لەبەرامبەر خەڵکدا چییە و چۆنە. یاسای بنەڕەتیی هەر وڵاتێک هەروەها دەستنیشانی ئەوە دەکا کە ئاڵای ئەو وڵاتە چۆنە، سیمبول و نیشانە نیشتمانییەکەی چییە، بنەمای سیاسەتە ئابووری و پلانە فەرهەنگی و پێوەندییە بیانییەکانی چۆنن و چۆن دەبرێن بەڕێوە. بەو پێیە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتی ئێمەش دەبێ خاوەنی وەها تایبەتمەندییەک بێ، بەڵام ئاخۆ ئەو یاسا بنچینەییەی وڵاتی ئێمە لاقی لەسەر کام عەرزە و نێوەرۆکی کۆمەڵە یاساکە چەندە لەگەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵ و وڵات دێنەوە. چاوخشاندنێک بەسەر ١٧٧ ئەسڵی ئەو یاسا بنەڕەتییە هەر لەیەکەم خوێندنەوەدا پێمان دەڵێ کە ئەم قانوونە بەجێی ئەوەی دایکی یاساکان بێ، زیاتر لە گۆڤارێکی گاڵتەوگەپ دەچێ. لەم قانوونەدا هەندێ پڕەنسیپ و بایەخ ڕەنگیان داوەتەوە، وەک: درووستکردنی بەستێنێک بۆ پەرەسەندنی فەزیلەتە ئەخلاقی و مرۆییەکان و بەگژداچوونەوەی هەر چەشنە گەندەڵییەک (ئەسڵی سێهەم)، یەکسانیی هەموو خەڵک چ ژن چ پیاو لەبەرامبەر یاسادا (ئەسڵی بیستەم)، قەدەغەبوونی لێپرسینەوە لە بیروباوەڕی خەڵک (ئەسڵی بیست و سێهەم)، خوێندنی بەخۆڕایی هەتا زانکۆ بۆ هەمووان (ئەسڵی سی‌یەم)، ئەرکوەخۆگریی دەوڵەت بۆ کارخوڵقێنی و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ خەڵک (ئەسڵی سی و یەک)؛ بەڵام کێیە نەزانێ لەسەر ئەرزی واقع لەم کۆمەڵگەیەدا چ ڕادەبرێ و پێوەندی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات و ماف و ئازادییەکانیان چۆنە. زۆر بەشی دیکەی ئەم قانوونەش هەتا خەڵک لە ڕاپرسییەکدا دەنگی بۆ بدا. نێوەرۆکی هەندێ لە ئەسڵەکانی پێوەندیدار بە ئیسلامیبوونی نیزامی سیاسی و گەڕانەوەی هەموو یاسا و ڕێساکانی وڵات بۆ بنەما ئیسلامییەکان _ شیعەی دوازدە ئیمامی_ و ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی و ویلایەتی ئەمر و ئیمامەتی ئوممەتیش کە لە ئەسڵە نەگۆڕەکانی قانوونی بنەڕەتیی ئێرانن. ئەوەی قانوونی بنچینەیی وڵات بخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێ: ـ تێگەیشتنی درووستی سیاسی، بوێری و ئیمانداری بۆ ڕێز دەکرێ، بەڵام بەپێی ئەسەڵەکانی قانوونی بنەڕەتی و لەسەر ئەرزی واقع نەک ڕێبەر، بەڵکوو بەتەواوی لەگەڵ یەک ناتەبان و هەروەها لە زۆر شوێندا بەجێی ئەوەی لە سەرەکیترین بەڵگەنامەی حقووقیی وڵاتێک بچێ، وێنەی گۆڤارێکی گاڵتەوگەپە. لەم دەرفەتەداکورتە ئاوڕێک لە تەنیا ئەسڵێکی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدەینەوە: ئەسڵی ١٧٧ی پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتیدا لەو ئەسڵەدا هاتووە کە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاتێک دەستکاری دەکرێ و گۆڕانی بەسەردا دێ کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دوای ڕاوڕاوێژ لەگەڵ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام فەرمان بە سەرۆککۆمار دەکا سەرنج و خاڵە پێشنیارکراوەکان بۆ گۆڕینی قانوونی بنەڕەتی بداتە شووڕای پێداچوونەوە بە یاسای بنەڕەتی کە ئەندامەکانی ئەمانەن: ئەندامانی شووڕای نیگابان، سەرۆککۆمار، سەرۆکی مەجلیس، سەرۆکی دەزگای قەزایی، ئەندامانی هەمیشەیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، پێنج کەس لە ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگانی ڕێبەری، دە کەس کە ڕێبەر دەستنیشانیان دەکا، سێ کەس لە هەیئەتی وەزیران، سێ کەس لە دەزگای قەزایی، دە کەس لە نوێنەرانی مەجلیس و سێ کەسی ئاکادیمی. چۆنیەتیی کارەکە و شێوەی هەڵبژاردنەکە و هەلومەرجەکەش یاسا دیاریی دەکا و پەسندکراوی ئەم شووڕایە دوای ئەوەی لەلایەن ڕێبەری نیزامەوە پشتڕاست کرایەوە، جا دەدرێتە دەری حەزرەتی سوڵتانە. بۆ نموونە دیاریکردنی ئەندامانی شووڕای پێداچوونەوەی قانوونی بنچینەیی، هەڵبژاردنی سەرۆکی دەزگای قەزایی، شەش کەس لە ئەندامانی شووڕای نیگابان کە ئەرکیان پەسندکردنی هەموو پەسندکراوەکانی مەجلیسە؛ ڕاستەوخۆ بە دەست خۆیەتی و لە دەسەڵاتی ئەودایە. ئەو شەش کەسەی دیکەی شووڕای نیگابانیش لەلایەن دەزگای قەزاییەوە دیاری دەکرێن و دەدرێنە مەجلیس، کە سەرۆکەکەی لەلایەن خودی خامنەییەوە دیاری دەکرێ. هەروەها هەموو ئەندامانی هەمیشەیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزامیش کە ژمارەیان ٤٤ کەس بوو و ئێستا بۆ ٤٩ کەس زیاد کراوە، ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی خامنەییەوە دیاری دەکرێن.

ـ شووڕای نیگابان بە پشتبەستن بە قانوونی نیزارەتی ئیستسوابی تەنیا ڕێگە بە کەسانێک دەدا بۆ هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و مەجلیسی خیبرەگان بخرێنە بەردەم هەڵبژاردنی خەڵک، کە ئەو کەسانە لە هەموو پاڵوێنەکانی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیبن. بۆیە دەکرێ بڵێین هەموو ئەندامانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی و مەجلیسی خیبرەگانیش دەستەبژێری حەزرەتی سوڵتان، یان نوێنەرانی دڵخوازی ئەون.

... ئێستا بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان و تیشک دەخەینە سەر ئەو مەرج و ڕێوشوێنانەی لە ئەسڵی ١٧٧ی قانوونی بنەرەتیدا، بۆ پێداچوونەوە و گۆڕانکاری لە قانوونی بنەڕەتی داندراون: یەکەم؛ بەر لە هەموو شتێک دەبێ حەزرەتی سوڵتان بیهەوێ و مەیلی لەسەر بێ. دووهەم؛کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام دەبێ پرسی پێ بکرێ و ڕای وەربگیرێ. سێهەم؛ ئەو تیمەی لەو پێکهاتەیە درووست دەبێ بریتین لە ٩٨ کەس کە لەوەندە کەسە ٦٦ کەسیان ڕاستەوخۆ لەلایەن حەزرەتی سوڵتانەوە هەڵ دەبژێردرێن و ٢٦ کەسەکەی دیکەی لە ڕێگەی دەستنیشانکراوەکانی دیکەی سوڵتانەوە دەستچن دەکرێن و، خۆ ئەگەر وای دابنێین سێ وەزیر و سێ ئاکادیمییەکەش ڕاستەوخۆ سەر بە جەنابیان نەبن؛ دەمێنێتەوە تەنیا ٦ کەسی سەربەخۆ لەو شووڕایەدا! جا دوایە تازە دەگەینە بەشی گاڵتەجاڕی چیرۆکەکە، ئەویش ئەوەی دواجار ئەو پێداچوونەوە و گۆڕانکارییە دەبێ بێتەوە بەردەستی حەزرەتی سوڵتان و ئەگەر ئەو مەیلی لێ بوو، جا خەڵکیش بتوانن دەنگی بۆ بدەن. وەک دەبینین ئەسڵی ٥٩ی قانوونی بنەڕەتیی وڵات کە گەڕانەوە بۆ دەنگی خەڵکە، بە هیچ کلوجێک لەگەڵ ئەسڵی ١٧٧ کە پرسی قانوونی بنچینەیی وڵاتە نایەتەوە. بەو مانایە کە خەڵک بەهیچ جۆرێک ناتوانن بەڕەسمی قسە لە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتیدا بکەن و باس لە گۆڕانکاریی تێدا بکەن. سەیر ئەوەیە خەڵک وەک چۆن ناتوانن شیکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیان لەسەر شان و شکۆی قورئانی پیرۆز هەبێ، ئاواش ناتوانن شیکردنەوەیان لەسەر قانوونی بنەڕەتی وڵات هەبێ؛ چونکی بەپێی ئەو قانوونە _ئەسڵی نەوەد و هەشت_ تەنیا مەرجەعی تەفسیر و لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتی؛ شووڕای نیگابانە! جا ئەوەش کە چۆن دەکرێ باس لە کۆمارییبوونی ئەم نیزامە سیاسییە بکرێ و پاساوی بۆ بهێندرێتەوە، باسێکی دیکەیە و نە لەو نووسینەدا جێی دەبێتەوە و نە نووسەری ئەم دێڕانە خۆی لێ دەدا.




> خەڵک بەهیچ جۆرێک ناتوانن بەڕەسمی قسە لە پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتیدا بکەن و باس لە گۆڕانکاریی تێدا بکەن. سەیر ئەوەیە خەڵک وەک چۆن ناتوانن شیکردنەوە و لێکدانەوەی خۆیان لەسەر شان و شکۆی قورئانی پیرۆز هەبێ، ئاواش ناتوانن شیکردنەوەیان لەسەر قانوونی بنەڕەتی وڵات هەبێ؛ چونکی بەپێی ئەو قانوونە _ئەسڵی نەود و هەشت_ تەنیا مەرجەعی تەفسیر و لێکدانەوەی قانوونی بنەڕەتی؛ شووڕای نیگابانە!

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

### زیندانی پادگانی وەلیعەسر (بەشی ٢)



عومەر شاداب

دوای ماوەیەک لە زیندانی ئێڤینەوە بردیانین بۆ زیندانێک لە پادگانی ولیعەسر کە کەس پێی نەدەزانی و شاربوویانەوە. ئەو زیندانە هەمووی تاکەکەسی و زۆر ترسناک و ناخۆش بوو. ئەو ڕۆژەی بردیانین خەڵکێکی زۆری لێ بوو و لە بەیانییەوە هەتا ئێواری چاویان بەستین و لە ساڵۆنێکدا ڕایان گرتین بەبێ ئەوەی خواردنمان بدەنێ، ئەمن و شەهید کەماڵ یەکترمان بەر نەدەدا. کاک کەماڵ دەگەڵ ئەوەی تەنیشت خۆی بەسرتە قسەی دەکرد و پاشان سەری هێنا بن گوێی من و گوتی ئەوە سکرتێری نێوخۆی ڕێکخراوی تووفانە... بەرەبەری ڕۆژاوا بوون سواری چەند ئوتوبووسیان کردین. چەند پاسداری چەکداریان لەسەر سەری ڕاگرتبووین و سەریان پێ دانابینە سەر سەندەڵی هەتا گەیشتینێ. دایان بەزاندین و دوو دوو و سێ سێ لە سللولێکیان ئاخنین. ئەمن و شەهید کەماڵ کەوتینە سللولێک، کوڕێکی تازەلاوی تەقریبەن تەمەن ١٨ ساڵانەی موجاهدینمان لەگەڵ بوو. پێشتر پێیان گوتین نابێ بڵێن تاوانتان چییە. کە سڵاو و چاک و چۆنیمان کرد کوڕەکە لێی پرسین: لەسەرچی گیراون؟ ئەمنیش چاوم لە کاک کەماڵ بوو کە قسە بکا. هیچم نەگوت کاک کەماڵیش ڕاستییەکەی نەدرکاند، بەڵام کە خەوی لێ کەوت پێمگوت و داوام لێکرد کە باسی نەکا چونکی پاسدارەکان هەڕەشەیان لێ کردووین. ژوورەکە نیزیک دوو لە یەک بوو. لوولەیەکی ئاوی گەرمیشی پێدا دەهات. کاتیش مانگی کۆتایی بەهار و سەرەتای هاوین بوو و زۆر گەرم بوو. هیچ پەنجەرەشی تێدا نەبوو و زۆر جار وەختابوو پشوومان ڕاوەستێ. بە نۆبە دەممان بەبن دەرگاوە دەنا هەناسەیەک نوێ بکەینەوە. ڕۆژێک هەینی بوو. شەهید کەماڵیان بانگ کردە کۆریدۆری شوێنەکە و ناردیانەوە ژوورێ. چەند وەرەقەیان دابوویە. نامەیەکی چەند لاپەڕەیی بوو بە ئیمزا و ناوی مام جەلال تاڵەبانی کە بۆ یەکێک لە هاوڕێیانی نووسیبوو. داوایان کردبوو بۆیان بکاتە فارسی. خوێندمانەوە و پاشان کە بۆی هاتن وێی دانەوە بەبێ ئەوەی تەرجەمەی بکاتەوە. گوتی ئەوە زاراوەی عێراقییە و من نایزانم. بیانوویان پێگرتین و بۆ بەیانی کە شەممە بوو بردیانینە دەرێ بە بیانووی هەواخۆری. ئەوکات چەندین مانگ بوو تاوم وێ نەکەوتبوو، کاک کەماڵیان لە من جیا کردەوە و بردیان. ئەمنیشیان لەسەر بەردێکی چووکە دانیشاند. کە سەرم هەڵ دەهێنا دەمتوانی لەژێر چاوبەندەکەوە شتێک ببینم. دەمدی وەک دەعبایان تێی وەرهاتبوون لێیاندەدا، هاتن بۆ لای من و گوتیان هەوا خۆریت دەوێ؟! تێم وەرهاتن و منیش لەوە بێ نەسیب نەبووم... کە بردیانینەوە بۆ سللول کوڕە موجاهیدەکە لەوێ نەمابوو. دیکۆڕمان تەواو تێک چووبوو. بۆ خۆمان چاومان لە یەکتری دەکرد و بە یەکتری پێدەکەنین. کە کوڕە موجاهیدەکەیان هێنایەوە ئەویش هیچ سەر و چاوی نەمابوو، پرسی و گوتی لە کوێ بوون؟ گوتمان لە هەواخۆری بووین. گوتی: «آره جون شما. از اون هوایی که شما خوردید منم خوردم.» ئەوە بەشێکی زۆر کورت بوو لە جۆری ئەشکەنجە و مەبەستەکانیان.

**لە نێو بەندەکان:**

دوای ساڵێک لە سللولی تاکە کەسی هێنایانمە بەندی بازداشتگا لە زیندانی «دەریا»ی ورمێ و دوای دوو مانگ بردیانمە بەندی ٧ و ٨ کە بەندی گشتی بوون. هێندە لەوێ نەمامەوە کە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتییان لە بەندەکان پێک هێنا و زیندانییە سیاسییەکانیان خستە ٤ بەندی تایبەت و لە سیستمی پێشووی زیندانییان جیا کردینەوە. بەندەکانی ١٢، ١٣، ١٤، و ١٥ بوونە بەندی سیاسی و جەوێکی بە تەواوی پۆلیسی بەسەر زینداندا زاڵ کرا. هەموو شەوان دوای کاتی خەو خەڵکانێکیان دەبرد بۆ ژوورێک و بە ئارەزووی خۆیان لێیان دەدان. شەوێک منیان برد. مەلایەکی لێ بوو. گوتی «جواهیری»م و حاکمی شەرعی نوێ بوو. ئەو لەبارەی کوردستان و مەزهەبی سوننی هێندێک پرسیاری لێ کردم و قسەی بۆ کردم و ڕۆیشت، بەڵام پاسدارەکان دوای وی هێندەیان لێدام چڕ و چاوی خۆم نەدەناسییەوە. ڕێگری لە دیدار و چاپێکەوتن لەگەڵ کەسوکار، بایکۆتکردنی زیندانییەکان لەنێو یەکتردا و برەودان بە سیخوڕی لەسەر یەکتری کردن لە ڕێگەی هەڕەشە و هاندان جۆرێکی دیکە لە ئەشکەنجەدانی بەندیی سیاسی بوو. بەرپرسانی بەندیخانە کەشێکی تەواو بێ متمانەییان لە نێو بەندییەکاندا درووست کردبوو. ئەو کاتەی من لە زیندان بووم سەردەمی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بوو. بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵان برینجێکیان دەدایێ دیار بوو زۆر لەمێژ بوو لە ئەنبارەکاندا مابۆوە و بەتەواوی بۆن برش و کەڕووی لێ دەهات. دەبا دەممان گرتبا و خواردبامان، دیارە حەوتووانە جارێک گۆشتیان دەدایێ و ئەویش زۆرکەم و، زیاتریش چەرمەچەقاڵتە بوو. ڕۆژانە هەر زیندانییەی لەتکێک سەموونی پێ دەدرا. جار و بار مەلایەک دەهات و پرسیاری لە وەزعی زیندان دەکرد. کە دەمانگوت خواردنمان کەمە و تێر ناخۆین، دەیگوت لە شەڕ داین و باشە ئەوەندە خواردنەشتان دەدەنێ. جارێکی بۆ دوو ڕۆژان هیچیان نەدایێ. چووینە سەر سەتڵی ئاشغاڵ کە بەرمیلێکی سەر ئاواڵەکراو بوو. دووکەس داندران بۆ ئەوەی هەر کۆپەیەی دوو سەتڵ ئاشغاڵی بداتێ بۆ خۆیان خواردنی لێ ببژێرن... وەک باسم کرد بەندییە سیاسییەکان لە چوار بەند بوون. بەندی ١٥ چوارسەد و سی و دوو کەسی تێدا بوو. حیسابمان کردبوو هەر زیندانییەک سێ موزائیک و نیوی وەبەر دەکەوت. تەختی خەوەکان سێ تەبەقە بوون و عەرزەکەش هەموو خەڵکی لێ دەنووست. قسەیەکی خۆش: پێش ئەوەی بدرێینە بەندی ١٥ لە بەندی ٧ و ٨ بەیانی وەستا مینە (خەڵکی مهابادێ بوو، لە زیندان ناسرابوو بە خەلەبان) هەڵدەستێ، دەسنوێژ دەگرێ، بەرماڵی لەسەر شانی دادەنێ و بۆ شوێنێک دەگەڕێ نوێژێ بکا؛ بەڵام هیچ شوێنێک نابێ، چونکە هەموو شوێنێک تەنانەت راهڕەوەکانیش خەڵکیان لێ نووستبوون. ڕادەوەستێ و ڕووی لە خوا دەکا و دەڵێ: خوایە ئەوە بۆ خۆت دەزانی، هەستاوم دەسنوێژم شوشتووە، بەرماڵیشم پێیە، کەچی هیچ شوێنێک نییە نوێژی لێ بکەم، دەزانم ئەو مەلائیکانەی سەر شانم ڕاپۆرتت پێ دەدەن، خۆ ئەوانیش کوێر نین ئەوە وەزعەکەی بە چاوی خۆیان دەبینن. جا بڵێ بۆ پێیان دەگوت خەلەبان!؟ پێیان گوتبوو تۆ تەیارەت ڕفاندووە و پێمان بڵێ چۆنت برد؟ زۆریان ئەشکەنجە کردبوو بە ناچاری گوتبووی بردوومە. گوتبوویان ئاها جا پێمان بڵێ چۆنت برد؟ گوتبووی لە تەورێزێ سوار بووم و لە ئاسمانێ دیتم سووتەمەنی کەمە، لە پۆمپی بێنزینی مهابادێ دابەزیم و گازۆڵم تێکرد و ڕۆیشتم. لێی تووڕە ببوون گوتبوویان جا چۆن تەیارە گازۆڵی تێ دەکرێت؟! گوتبووی ئەگەر من بردبێتم ئاوام کردووە. پاشان حوکمیان دابوویە و هەر بەم هۆیەوە زیندانییەکانیش پێیان دەگوت خەلەبان.

# لە سیسرۆوە تا سیستەمی وەلایی

## (کورتەمێژوو و نەخشی تێرۆریزم لە دەسەڵاتە سەرەڕۆکان)

ئازاد شنۆیی



سیسرۆ (وتاربێژ و سیاسەتمەداری ڕومی لە سەدەی یەکی پێش زایین) کوشتنی ئەو کەسانەی کە ناوی لێنابوون هەیوولا بە دەمامکی مرۆڤ، بە بڕینی ئەندامی لەکارکەوتووی لەشی دەشوبهاندن کە پێش بە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و ڕزان لە تەواوی لەشی مرۆڤەکان یان کۆمەڵگە دەگرن. دەتوانین ئەو بۆچوونە وەک یەکەم دەربڕینی ئاشکراو لێبڕاو لەلایەن فیلسوف و وتاربێژێکەوە ببینین بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ لەنێو بردنی دژبەران، کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەسەڵاتدار و ڕابەرانی سیاسی و ئایینی بۆ مەبەستی پتەوکردنی بناغەکانی دەسەڵات و پەرەدان بە ئیدئۆلۆژیی تایبەت، بە شێوەیەکی بەرچاو کەڵکی لێ وەرگیراوە. لە سەردەمی سەرەتای ئیسلامدا ژمارەیەکی زۆر لە دژبەران و شاعیران وەک "سلام ابن ابی حقیق" و "عصما بنت مروان" و "ابو عفک" و ... لە لایەن موجاهیدانی ئیسلامەوە کوژران. لە زمانی ئینگلیسیدا دەستەواژەیەک کە بۆ ئەو شێوازە بەکار هاتوە "assassin"ە کە لە وشەی "حشاشین" وەرگیراوە، واتە فیداییەکانی حەسەنی سەباح، ڕێبەری بزووتنەوەی ئیسماعیلیە لە ئێران، و یەکەم جار لە شانۆنامەی "مەکبێس"ی شێکسپیردا بەکار هاتوە. هەڵبەت ئەو ناونانە بەو هۆکارەی کە ئەو کەسانە پێش بەڕێوەبردنی کارەکە حەشیشیان پێدراوە تا دەست بە سەر ڕوحیاندا بگرن و بەهەشت و خۆشییەکانی بخەنە مێشکیانەوە، دوورە لە ڕاستی و زیاتر لە ئەفسانەکانی مارکۆپۆلۆ و سەلیبییەکان وەرگیراوە. "خواجە نظام الملک" وەزیری بەدەسەڵاتی سەردەمی سەلجووقیەکان و دانەری "سیاسەت نامە" لە بەناوبانگترین قوربانییەکانی فیدائیانی ئیسماعیلیەیە. دەستەواژەیەک کە ئێستا باوە بریتییە لە "تێرۆر"، بە واتای "بڵاوکردنەوەی ترس" دێ لە زمانی فەڕانسەویدا و لە سەردەمی شۆڕشی فەڕانسە لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم بۆ لەنێو بردنی "ژیرۆندن"ەکان لە لایەن "ژاکۆبن"ە توندڕۆکان هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسییەوە. لەو سەردەمەدا بە ئامانجی سیاسی و ئیدئۆلۆژیکی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی بەناوبانگ بوونە قوربانیی تیرۆریزم. بۆ وێنە ئابراهام لینکۆڵن، سیمبۆلی خەبات دژی هەڵاواردنی ڕەگەزی کە یاسای ئازادیی کۆیلەکانی ئیمزا کرد، لەلایەن سپی پێستێکی ڕەگەزپەرەستەوە بە ناوی "جان ویکلس بوس" کوژرا. هەروەها ژمارەیەک سەرۆککۆماری وەک گارفیلد، مەک کینلی و جان ئێف کێنێدی لە ئامریکا، ئەنوەر سادات لە میسر، بینەزیر بۆتۆ لە پاکستان، گاندی لە هیند و مارتین لۆتێرکینگ لە ئەمریکا بوونەتە قوربانیی تیرۆر. لە بنەڕەتدا تیرۆر و تیرۆریزم لە تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرانەیە کە هەوڵ دەدەن تەنانەت نزمترین دەنگە ناڕازییەکانیش بخنکێنن. لایەنی جێبەجێکاری ئەو پاکسازییانە لە سیستەمە سەرەڕۆکاندا بریتیە لە ڕێکخراوگەلی ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی کە دەتوانین دامەزراوەی "بایستار" (یان چکا) کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە لایەن لێنینەوە دامەزرا بە یەکەمین ئەو دامەزراوانە دابنێین کە لە سەردەمی لێنین و بە تایبەت لە سەردەمی ستالین بە شێوەیەکی پلانمەند کەڵکیان لە تێرۆر وەرگرتووە. هەر چەند ئەو دامەزراوانە تەنیا تایبەت نەبوون و نین بە سیستەمگەلی وەک یەکیەتیی سۆڤییەت، بە هەمان شێوە ڕێکخراوی "سیا" لە ئەمریکا زۆر جاران بۆ بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانیان پەنایان بۆ تێرۆر بردووە. بە گشتی تیرۆریزم هەم لەلایەن دەوڵەتان و ڕێکخراوگەلی گەورەی سیاسی سوودی لێ وەرگیراوە و هەم لەلایەن پارت و گرووپە ئیدئۆلۆژیکەکانی وەک فیداییانی ئیسلام بە ڕابەرایەتیی نەوابی سەفەوی، کە ئەحمەدی کەسرەوی لێکۆڵەری مێژوویی و ڕەزمارای سیاسەتمەداریان تیرۆر کرد و هەروەها ئەنوەر سادات لەلایەن خالید ئیسلامبوڵی تیرۆر کرا کە ئەندامی ڕێکخراوی جەهادی ئیسلامی بوو. بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی ئێراندا لە سەردەمی ڕەزا شا تا شۆڕشی ٥٧، بەردەوام شایەدی سڕینەوەی چالاکان و ڕۆژنامەنووسان و شاعیرانی ناڕازی و سیاسی دەبین، کەسانێکی وەک تەقی ئەرانی، میرزادەی عیشقی، تەیمورتاش، فەڕوخی یەزدی، ڕەزمارا، تەیمور بەختیار، حەسەنعەلی مەنسوور و ... بەڵام ئەوەی ڕوونە تا ئێستا هیچ وڵات، حیزب یان ڕێکخراوێک لە مێژوودا نەیتوانیوە خۆ لە قەرەی کۆماری ئیسلامیی بدا لە پەنابردن بۆ تیرۆر و کەڵکوەرگرتن لە تیرۆریزم. ئەو سیستەمە بەو هۆیەی هەر لە سەرەتاوە لە سەر بنەمای درۆ و فێڵ و تەڵەکە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت و بە کوشتار و سەرکوت حکومەتی کرد، مانەوە و پتەوکردنی پایەکانی دەسەڵاتەکەی لە تیرۆردا دیتۆتەوە و لەو پێناوەدا دەستی لە خۆیی و ناخۆیی نەپاراستووە. دەیەی شەست و حەفتا خوێناویترین و ترسناکترین دەورانی ئەو دەسەڵاتە خوێنمژەیە. سەرەڕای کوشتار و ئیعدامی بەکۆمەڵ، دەستدرێژی و ئەشکەنجەی زیندانییان، هەروەها کەسایەتی و ڕێبەرانی ناسراویان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تیرۆر کرد. دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، شاپووری بەختیار، فەرەیدونی فەڕوخزاد، دوکتور سادق شەرەفکەندی و ... لە قوربانییەکانی قەتڵە سیاسی و یەک بە دوای یەکەکاندا بوون. بەڵام ئەو جینایەتانە لە نێوخۆش درێژەی هەبوو. تەنیا لە ساڵی ١٣٧٧ جگە لە پەروانە ئەسکەندەری و داریووش فرووهەر ئەندامانی حیزبی میللەت، نووسەرانی وەک محەممەدجەعفەر پوویەندە و محەممەد موختاریش تێرۆر کران و هەروەها مەعسوومە موسەدیق، نەوەی دوکتور محەممەدی موسەدیق کە تازە گەڕابۆوە ئێران، تێرۆر کرا. کارەساتبارتر ئەوەیە کە لە هێندێک حاڵەتدا کۆماری ئیسلامی تەنیا بە کوشتنی قوربانییان ناوەستێ، بەڵکوو "ئەنجن ئەنجن"یان دەکا تا ترس و دڵەڕاوکێ بخاتە دڵی دژبەرەکانییەوە. ("لینچ" کردن (ئەنجن ئەنجن کردن) لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدە لەلایەن گرووپی "کۆکلاس کلان"ەکانەوە کە سپی پێستانی ڕەگەزپەرست بوون و بەرامبەر ڕەش پێستان، بەکاریان دێنا و ئەندامانی لەشیان دەبڕین و تەرمەکانیان تیکە تیکە دەکردن). کۆماری ئیسلامیش هەر هەمان شتی کرد لەگەڵ فەرەیدوون فەڕوخزاد و لووت و گوێیان بڕیبوو. مەمکەکانی پەروانە ئەسکەندەریشیان بڕیبوو. تەرمی زەبیحوڵڵا بەدیعی (گۆرانیبێژ و مەداح) تیکە تیکە کرابوو. ئەو سیاسەتە ئێستاش لە سیستەمی ویلایەتی فەقیهی ئێراندا بەردەوامە. دیارە لە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتاوە دەسەڵات تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هات، بەڵام دیسانەوە دەستی داوەتەوە هەمان سیاسەتی کوشتن و پەرەدان بە ترس و دڵەڕاوکێ. هەڵبەت پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین کە تێرۆرەکانی ئێستای کۆماری ئیسلامی کۆمەڵێک جیاوازیی لەگەڵ دەیەی شەست و حەفتا هەیە. ئەوکاتە ئامانجی ڕێژیم لەو جینایەتانە لەلایەک سڕینەوەی دژبەران لە نێوخۆ و دەرەوە بوو، لەلایەکی دیکەش لاوازکردنی وورەی خەڵکی ناڕازی لە نێوخۆ. بەڵام تێرۆرەکانی ئێستای ڕێژیم سەرەڕای ئەو ئامانجانە، هۆکارگەلی دیکەشی لە پشتە. کۆماری ئیسلامی لە خراپترین دۆخی دیپلۆماسیی سیاسی لە جیهان دایە و زۆرینەی ڕای گشتیی جیهان دژی وەستاونەتەوە. تەنانەت پشتگیریی لاوازی یەکیەتیی ئورووپا و موگرینیش بەرە بەرە ڕووی لە کەمی داوە. کە واتە زۆر ئاساییە کە ڕێژیمێک کە لە سەرەتای هاتنەسەر کارییەوە ترس و تۆقانی لەگەڵ خۆی هێناوە، لە کاتی پێویستدا چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە پەنای بۆ ببا و ئەو پەیامە بە تایبەت بگەیەنێتە گوێی ئورووپاییەکان کە ئەگەر بێتوو داخوازییەکانی جێبەجێ نەکرێن ئەوا هەر کاتێک بۆی بلوێ تەکوزی و ئەمنیەتییان دەشێوێنێ. هەوڵی تێرۆری "حەبیب جەبر" لە ڕێبەرانی عەرەبی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دانمارک، لەو پێناوە دایە و هەڵبەت هۆکارێکی دەرەکیشی هەبووە. بە دوای هێرشی تێرۆریستەکان (بە وتەی خۆیان) بۆ سەر نمایشی سەربازی لە ئەهواز، کە بوو بەهۆی کوژرانی ژمارەیەکی زۆر چەکداری ڕێژیم، بەرپرسایەتیی ئەو هێرشەیان خستە ئەستۆی عەرەبە جیاییخوازەکانەوە. هەر ئەوکات زۆرێک لە پارت و چالاکانی سیاسی باسیان لەوە کرد کە لەوانەیە ڕێژیم خۆی دەستی لەو کردەوەیەدا بووبێ. سەرەڕای ئەوە، لە هەوڵی تێرۆری یەکێک لە ڕێبەرانی بزووتنەوەی ئەلئەحوازیە ڕێژیم دەتوانێ لەلایەک ڕای گشتیی خەڵک لە بەرژەوەندیی خۆی ئاراستە بکا و وا بنوێنێ نە تەنیا دەستی لە سیناریۆی هێرشەکەدا نەبووە بەڵکوو هەوڵی سزادانی ئەنجامدەرانی دەدا و لەلایەکی ترەوە دژبەرانی خۆی لە دەرەوە لەنێو ببا. لە ماوەی ئەو چەند ڕۆژەی کە بە سەر ئەو ڕووداوە تێپەڕیوە تۆمەتی تێرۆر لە دانمارک لە لایەن بەرپرسانی کۆماری ئیسلامییەوە ڕەت کراوەتەوە کە هەڵبەت زۆر ئاساییە و لە ماوەی چوار دەیە دەسەڵاتداریێتیی خۆیدا، ڕێژیم هەرگیز بەرپرسایەتیی هیچکام لە تێرۆرەکانی وەئەستۆ نەگرتووە، هەر چەند ژمارەیەک لەو تێرۆرانە وەک تێرۆری میکۆنووس و ڤییەن کە لەلایەن دادگا و بیروڕای گشتییەوە سەلمێنراون. بە هەر حاڵ کۆماری ئیسلامی، پارت یان گرووپێکی وەک داعیش نییە کە لە ئاست کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وڵامدەر نەبێ و بە ڕواڵەتیش کە بووبێ پێویستە وەدرۆیان بخاتەوە. خاڵێکی جێگای سەرنج ئەوەیە چالاکانی دژبەری ڕێژیم کە لەژێر ناوی ڕیفۆرمخواز خۆیان پێناسە دەکەن سیمای ڕاستەقینەی خۆیان دەرخستووە و سەلماندوویانە کە بەکرێگیراوی ئەو سیستەمەن و لە هەلومەرجی قەیراناویدا ئامانجیان تەنیا و تەنیا بەردەوامیدان و پشتیوانی لەو ڕێژیمەیە. لەو چەند ڕۆژەی دواییدا بە تایبەت لە کاناڵی بی بی سی کەسانێک بانگهێشت کراون و لێدوانیان داوە کە وێڕای وەدرۆ خستنەوەی ئەو تۆمەتە بە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ هەوڵیان داوە سیاسەتەکانی ڕێژیم بە عەقڵانی وەسف بکەن و دیپلۆماسیی ئێرانی لە سیاسەتی دەرەوەدا بە سەرکەوتوو لە قەڵەم بدەن. ئەوان ئیدیعا دەکەن کە هەوڵی تێرۆر لە خاکی ئورووپا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی هەستیار دایە ناعەقڵانییە و دەبێتە هۆی مەرگی سیاسیی حاکمییەت و هەر بۆیە ئەو هەنگاوانە پیلانی ئیسڕائیل و ئەمریکایە بە مەبەستی تێکدانی پەیوەندیی سالم و دۆستانەی ئورووپا لەگەڵ ئێران. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە کام سیاسەتی ئەو ڕێژیمە لەو چوار دەیەیەدا عەقڵانی بووە، ئایا ئەگەر عەقڵانی بووە بۆچی ئەو دۆخە قەیراناوییە سەری هەڵداوە؟ ئەو ڕێژیمە هەرگیز خاوەنی عەقڵانییەتی سیاسی چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوە نەبووە، بەڵکوو سەرەڕۆیی و داخراویی سیاسی پەرە پێداوە. هەڵبەت لەوانەیە بۆ ئەو گرووپە لە خەمخۆرانی ڕێژیم لە دەرەوە دەسکەوتگەلێکی هەبووە بۆ حیسابە بانکییەکانیان، بەڵام چ کرانەوەیەک لە دۆخی وڵات پێکهاتووە، لە کاتێکدا ئێران لە هەموو بوارەکاندا بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە. خاڵێکی تر ئەوەی کە مەگەر هەر ئێستا هەمان ئەو سیستەمە عەقڵانییە چەند مانگ لەمەوبەر لە وڵاتی فەڕانسەش هەوڵی هێرشی بۆ موجاهیدینی خەلقی نەدا کە پێش جێبەجێکردنی تێرۆرکە دەسبەسەر کران؟ یان هەر لەم ساڵدا ئەو دەسەڵاتە عەقڵانییە لە خاکی هەرێمی کوردستان چەند جار هەوڵی تێرۆری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی داوە؟ ئەو ڕێژیمە هیچ چەشنە ڕەگەزی عەقڵانی تێدا نییە و ئەوەی کە ئیدیعا دەکەن کەواتە چۆنە کۆماری ئیسلامی چل ساڵە دەوامی هێناوە. دەکرێ بڵێین هەر لەو سەدەی بیستەمەدا تا ئێستا زۆرێک لە سیستەمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان بوون و هەن کە تەنانەت زیاتر لە کۆماری ئیسلامی تەمەنیان کردووە و ئەوەش هیچ پەیوەندییەکی بە عەقڵانییەت یان سەرکەوتنی ئەو ڕێژیمانە لە پەیوەندیی دیپلۆماسیدا نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی ئابووری و سیاسیی نێونەتەوەیی و وڵاتانی هاوبەش گرینگترین هۆکارە لەو بەستێنەدا. مانەوەی ئەو ڕێژیمە هیچ پەیوەندییەکی بە عەقڵانییەت نییە بەڵام لە ڕاستیدا تەنانەت هەم بۆ دژبەران و هەم بۆ دۆستان و هاوپەیمانانی کۆتایی پێهاتووە و بەو هۆیەوە دەست بۆ هەموو کارێک دەبا بۆ ئەوەی ڕووخانی وەدوا بخا، بەڵام مێژوو لە هێندێک وێستگەدا فریای کۆمەڵانی ستەملێدراو دەکەوێ.

---

# تێچووی بژیوی هەر خێزانێک لە ئێران پتر لە دوو هێندەی داهاتی کرێکارێکە

سامرەند عەتری

ناوەندی ئاماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تێکڕای تێچووی بژیوی خێزانێکی شارنشینی ئێرانی ٣ میلیۆن و ٥١٠ هەزار تمەن ڕاگەیاندووە. لە کاتێکدا کە هەر لەو ڕاگەیەندراوەدا داهاتی لەسەدا ٩٠ی کرێکارانی ئێرانی، لە سێ میلیۆن تمەن کەمتر خەمڵێندراوە. بە پێی ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران تێکڕای تێچووی بژیوی خێزانێکی شارنشینی ئێرانی بۆ ساڵی ڕابردوو نیزیکەی سێ هێندەی لانیکەمی داهاتی ئەو خێزانانە بووە. ئەو ناوەندە ڕەسمییەی ئامار لە ئێران ڕایگەیاندووە، دەبوو لە ساڵی ١٣٩٦دا تێکڕای داهاتی مانگانەی خێزانی ئێرانی سێ میلیۆن و ٦٦٤ هەزار تمەن بووایە، کەچی لانیکەمی حەقدەستی کرێکاری ئێرانی بە ٩٣٠ هەزار تمەن دیاری کراوە. ساڵی ڕابردوو ئەنجومەنی باڵای کاری ئێران زیادکردنی حەقدەستی بە پێی بەستەی بژیوی خێزان ڕەت کردەوە، لە کاتێکدا کە کۆمیتەی مز و دەستهەقی ئەو ئەنجوومەنە بەستەی بژیوی بە نیزیکەی دوو میلیۆن و ٦٠٠ هەزار تمەن بەراورد کردبوو. عەلی خودایی، ئەندامی شووڕای باڵای کاری ئێران بە هەواڵدەرییەکانی ڕاگەیاندوە کە، «داهاتی مانگانەی سەدا ٩٠ی کرێکارانی ئێرانی لە سێ میلیۆن تمەن کەمترە». ڕەحمەتوڵڵا پوورمووسا، چالاکی کرێکاری، ٢٩ی مانگی ڕەزبەر گوتبووی، «سەدا ٩٥ی کرێکارانی ئێران بە پێی گرێبەستی کاتی و بە لانیکەمی حەقدەست کار دەکەن». بۆ نموونە دوو ڕۆژ پێش ئێستا ناوەندی کرێکاریی تەشکیلاتی «ساوە» و «زەڕندیە» ڕایەگەیاند گەمارۆ و گەندەڵیی ئابووری لە نێوخۆی وڵات بە گرفتی کێشە ئابوورییەکانی ئێران دەزانێ و دەڵێ دابەزینی نرخی دراو و مووچە و هەقدەست، توانای کڕینی بۆ توێژی کرێکار تا ٨٠ لەسەد هێناوەتە خوارێ. داود میرزایی، بەرپرسی ناوەندی کرێکاریی تەشکیلاتی «ساوە» و «زرڕندیە» ڕۆژی چوارشەممە ٩ی خەزلۆەر لە وتووێژێکدا لەگەڵ هەوڵدەریی ئیرنا ڕایگەیاند کە چوونەسەری مووچەی کرێکاران لە مانگی خاکەلێوەی ١٣٩٧ تا ١٩.٥ لەسەد، هیوا و ئومێدی دا بە کرێکاران و پێیانوابوو کە هەقی خۆیان پێدراوە، بەڵام بەداخەوە گەمارۆکان و کردەوەی گەندەڵکارانی ئابووریی نێوخۆیی، هەلومەرجی ئابووریی وڵاتی تووشی گرفت کردووە وچوونەسەری هەقدەستی کرێکاران نەک هەرهیچ کاریگەرییەکی ئەرێنیی لە سەر ژیانی کرێکاران دانەنا، بەڵکوو بەهۆی هاتنەخواری نرخی دراو، کرێکاران ژیانیان لەڕابردووش خرابتر بووە و توانای کڕینیان تا ٨٠ لە سەد هاتۆتە خوارێ. ئەنجوومەنی باڵای کاری ڕێژیمی ئیسلامی لانیکەمی حەقدەست بۆ ئەمساڵی هەییی بە یەک میلیۆن و ١١٣ هەزار تمەن داناوە، کە بە دەرماڵە و زیادەکارەوە نیزیک دەبێتەوە لە یەک میلیۆن و ٦٠٠ هەزار تمەن. ئەمە لە کاتێکدایە هەڵاوسانی ئابووری کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەڵچوون دایە، ئەو کەمە زیادکردنەی حەقدەستیشی بێبایەخ کردووە، بە چەشنێک کە حەمیدڕەزا ئیمامقولیتەبار، پشکێنەری ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران، کە لەنێو نوێنەرانی سەندیکا کرێکارییەکانی سەر بە ڕێژیمدا هەڵدەبژێردرێ، گوتوویەتی: «ئەمساڵ توانای کڕینی کرێکاران لەسەدا ٥٠ و ڕاست نیوە بە نیوە دابەزیوە». عەلی خودایی، ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای کاریش ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە، کە توانای کڕینی کرێکاران لە مانگی پووشپەڕی ئەمساڵدا لەچاو مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوو ـ کە خەڵکی ئێران دژی گرانی لە زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران خۆپێشاندانی نارەزایەتییان بەڕێوە برد ـ لە سەرووی سەدا ٤٨ـ دابەزیوە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زیادبوونی ١٩.٥ لەسەدیی حەقدەست نەتوانێ وەڵامدەری تێچووی بژیوی کرێکاران بێت. خودایی، ئەندامەکەی ئەنجوومەنی باڵای کرێکاران گوتوویەتی، «حەقدەستی کرێکارانی سەرپەرستی خێزان تەنیا یەک لەسەر سێی تێچوونی مانگانەی خێزانەکەی پێ دابین دەکرێ». خودایی گوتوویەتی، «بەپێی ئاماری ڕێکخراوی دابینی کۆمەڵایەتی، داهاتی مانگانەی زیاتر لە سەدا ٨٠ی کرێکاران لە یەک میلیۆن و ٤٠٠ هەزار تمەن کەمترە و لەسەدا ٩٠ی کرێکارانیش مانگانە کەمتر لە سێ میلیۆن تمەن داهاتیان هەیە». ڕاپۆرتی ناوەندی ئاماری ئێران لەبارەی تێچوو و داهاتی خێزانی ئێرانییەوە نیشانی دەدا کە خێزانی شارنشینی ئێرانی زیاتر لە یەک لەسەر سێی داهاتەکەی بۆ کرێی شوێنی نیشتەجێبوون خەرج دەکا و تەنیا نیزیکەی یەک لەسەر چواری داهاتەکەی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بژیوی خێزانەکەی (خۆراک و پۆشاک و هاتوچۆ و...) پێ دابین بکا. ناوەندی ئاماری ئێران نرخی هەڵاوسانی زۆر کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینەی خۆی ڕاگەیاندووە و بە لەسەدا ١٣.٤ی خەمڵاندووە. نرخی هەڵاوسانی خاڵ بە خاڵیشی بە لەسەدا ٣٢.٨ داناوە. ئیمامقولیتەبار ئەو ژمارەیە بە ڕاست نازانێ و پێی وایە دەبوو کاربەدەستان نرخی ڕاستیی هەڵاوسانیان بە لەسەدا ٣٠٠ ڕابگەیاندایە. کەچی ڕاپۆرتەکەی ناوەندی ئاماری ڕێژیمیش نیشانی دەدا کە هەڵاوسانی خۆراک و خواردنەوە لە مانگی ڕەزبەری ئەمساڵدا لەچاو مانگی ڕەزبەری ساڵی ڕابردوو لەسەدا ٤٥ بەرز بووەتەوە. ئەو ناوەندی ئامارەی ڕێژیم هەڵاوسانی شوێنی نیشتەجێبوون و کرێی خانووی بە لەسەدا ٢١ ڕاگەیاندووە، کەچی جێگری سەرۆکی سەندیکای ڕاوێژکارانی ملک لە تاران دەڵێ، نرخی خانوو لەسەدا ٣٣ و نرخی کرێی خانوو لەسەدا ٥٠ بەرز بووەتەوە. سەرباری ئەوانەش، ئابووریناسی ناسراو و نیزیک لە دەسەڵاتی ئێرانی، حوسێن ڕاغفەر پێی وایە، «هەڵچوونی نرخی هەڵاوسان لە شەش مانگی دووەمی ئەمساڵدا لە قەیران دەردەچێ و دەبێت بە کارەسات». ڕاغفەر دەڵێت، «قاتوقڕی و شۆڕش لە ئێراندا بەڕێوەیە و پێی وایە گەورەترین هۆکاری ئەو دۆخەش سیستەمی بڕیاردانی ئابوورییە لە وڵاتدا، کە بە قسەی ئەو «سیستەمی ئابووریی ڕەفیقایەتی و خزمخزمێنە» لە لووتکەی دەسەڵات دایە». ڕاغفەر دەڵێ: زۆربوونی خۆکوژی، خۆسووتاندن، خەمۆکی و بەرزبوونەوە و گەشەی هەوسارپچڕاوی تاوان و تێکچوونی باری ئاسایشی گشتی و ئاسایشی ئابووری و کۆچکردنی مێشکە بەتواناکانی وڵات نیشانەی شۆڕشێکی گشتییە. ئەو لە درێژەدا نەیشاردەوە «ئەو کرێکارەی حەقدەستەکەی خۆی پێ نادرێ، هیچ ڕێیەکی بێجگە لە شۆڕش بۆ نامێنێتەوە.»



# پردی بۆلیوار و دەربەندی کەوشەن



شارۆخ حەسەنزادە

٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی خەڵقی وەزاڵەهاتووی ئێران لەچنگ سیستەمی پاشایەتی، بەشێوەیەکی مەدەنییانە و لە ڕێی مانگرتن و ڕێپێوانە سەرتاسەرییەکان توانیان ئەو نیزامە دیکتاتۆرە سەرەوژێر بکەن. لە دەرفەتی پێکهاتوودا و بە پیلانی پێشتر بۆداڕێژراو خومەینی وەک ڕێبەری سەرجەم ئەو بزووتنەوانە پێناسەی بۆ کرا و هێنایانە سەرتەختی خونکاری! دوای ماوەیەکی کورت لە دەسەڵاتدارەتی و شێوە ڕوانینی حاکمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ حوکمەت و خەڵک، هەم وڵاتی بریتانیا و هەمیش ئەمەریکا وەک دوو دەسەڵاتی لایەنگری ئەم گۆڕانکارییە لە حوکمەتی ئێراندا دەگەڵ ئەم خەڵکە کە بە گڕوتینەوە دەسەڵاتی پێشوویان لەسەرکار لابردبوو ئاوی ساردیان بەسەر داکرا و پەژیوان بوون! خولقاندنی شەڕی ماڵوێرانکەر و دوور و درێژی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بە قەولی مۆحسین ڕەزایی، فەرماندەی سپای پاسدارانی ئەو کات ئەم ڕێژیمەی بیمە کرد، ئەو شەڕە شەڕێکی جیا لەوەی لەسەر هێندێ کێشە و پرسی ڕابردوو بوو، لە هەمان کاتدا جەنگێکی ئۆلی و مەزهەبیش بوو کە بەسیج و پاسداری ئێرانی چاوەڕێی گەیشتن بە کەربەلا و نەجەف بوون و دەیانویست هەیقی شیعی پەرە پێبدەن. دوای کۆتاییهاتنی سەرۆککۆماریی هاشمیی ڕەفسەنجانی و هاتنی خاتەمی بە جێگەی ئەو، بۆشاییەکی دژواز لە بیرۆکەکان ساز بوو، هاوکات بەهۆی ئاڵوگۆڕەکانی جیهانی و پەرەسەندنی گەشەی شعووری کۆمەڵانی خەڵک و پێگەشتنی نەوەی نوێ، یەکەم ڕاپەڕینی خوێندکاری (کوی دانشگاه) ساڵی ١٣٧٨ سەری هەڵدا، کە بە توندترین شێوەی مومکین (بە قەولی قالیباف »گاز انبری») سەرکوت کرا. ئەمە قۆناخێکی نوێ بوو لە دەستپێکردنی خەباتی مەدەنی و ناڕەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵک بە دژی دەستەڵاتدارانی پاوانخوازی ئێران. دە ساڵ دواتر بە هۆی فرت و فێڵی بەربەرین لە هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرۆککۆماری لە ئێران جارێکیتر خەڵک ڕژانە سەر شەقام و بە دروشمی ناڕەزایەتیی وەک »دەنگی من کوا؟» و «دەنگی خۆم دەوێتەوە» ڕەوتێکی جیاوازایان بە ناوی «بزووتنەوەی سەوز» خوڵقاند کە ئەم ناڕەزایەتییانەش لەلایەن هێزە ئەمنیەتییە سەرکوتگەرەکانی ڕێژیمەوە بە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدان کۆتایی پێهات. ئەو ناڕەزایەتییانەی چەند مانگ لەمەوبەر (بەفرانباری ٩٦) دەستی پێکردووە دەگەڵ ڕابوونەکانی پێشوو کە هەر دەساڵ جارێک (٧٨-٨٨) بۆ ماوەیەکی کورت درێژەیان دەکێشا گەلێک تەوفیر و جوداوازی هەیە. ئەوەی ٧٨ خوێندکارانی زانکۆکان بە تایبەت تاران کە بە (کوی دانشگاه) ناوبانگی دەرکرد لە سەر داخستنی ڕۆژنامەی «سەلام» بوو و ئەوەی ٨٨یش وەک باس کرا بە فرت و فێڵی هەڵبژاردنەکان دەستی پێکرد. لێ، هی ئەم جارە زۆر جیاواترە و بۆنی ڕووخانێکی یەکجارەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی لێوە دێ، کۆمەڵێک پرس و کێشەی جیدی وەک »بێکاری، گرانی، گەندەڵی و ڕانتی بەرپرسانی باڵای ڕێژیم، گوێنەدان بە ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵانی خەڵک، نەبوونی هیچ جۆرە ئازادییەکی کۆمەڵایەتی، ڕادەربڕین، ئایینی، دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوە لە وڵاتانی سووریە، عێراق، یەمەن، لوبنان و ... لەسەر گیرفانی ئەو خەڵکە هەژارە، گرتن و ئازاردانی خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە تایبەت جیابیران، ڕووناکبیران و زەخت و هەڵاتنی ئێلیت و نوخبەکان بەرەو وڵاتانی تر، سەرەڕۆیی بنیاتە ئەمنیەتییەکان و لەسەرەوەی هەمووان سپای تێرۆریستی پاسداران دەست و پێوەندیەکانی و...» ئەو ناڕەزایەتییەی ئەمجارەی لەگەڵ هاوشێوەکانی پێشوو فرە جیاواز دەکا! شتەکە ڕوونە: تەمەنی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران زۆر درێژ بووەتەوە و سیاسەتەکانی لە نێوخۆ و دەرەوەی بۆ خەڵک و جیهانی دەرەوە قەیرانخوڵقێنە، دڕاندنی بەرجام لەلایەن ترامپ و وەگەڕخستنەوەی گەمارۆکانی پێشوو بە ئیزافەی سەختترین و دیرۆکیترین گەمارۆکانی مێژوویی ئەمەریکا بۆ سەر وڵاتێک (ئێران) نیزامی کۆماری ئیسلامیی بەرەوڕووی کێشەی زۆر چارەنووسساز کردووەتەوە، جیدیبوونی خەڵک و ئەو دروشمانەی ڕێک ئەسڵی نیزام و کەسی یەکەمی ئەو ڕێژیمە واتە خامنەییان داوەتە بەر پڵاری مەدەنییانە و (مرگ بر اصل ولایت فقیه)، پشتیوانیی بێپەردەی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی ترامپ و سەرجەم تیمی هاوکاری لە خەبات و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران چەند دیمەنێکی دیکەی گۆڕانکارییەکانی ئێرانی ئەمڕۆن. خەڵک ڕەنگبێ چاوپۆشی لە زۆر زوڵم و ستەمکاری بکەن بەڵام کێشەی ئابووریی خەڵکی ئێران پرسێک نییە چین و شەبەنگی هەژار و کەم دەراماتی ئێرانی بتوانێ وا بە سانایی چاوی لەسەر بنووقێنێ و هەڵوێست نەگرن. ئەو وڵاتانەی سیستەمی ئابوورییان بە شێوەی ئیدۆلۆژی (کۆمۆنیستی) و ئایینی هەڵ دەسووڕێن، ئابوورییەکەی دەدەست تاقمێکی حکوومەتی دایە، ئاکامی ئەم جۆرە ئابووری و بازارەش جگە لە گەندەڵی و ڕانت و دزی هیچ شتێکی تری لێ شین نابێتەوە. میناکی هەرە بەرچاوی ئەم جۆرە وڵاتانە، ڤێنێزۆئێلایە، ئابووریی ئەو وڵاتە بە حوکمی تەکرەهەندیی داهاتەکەی (نەوت) و پاوانکردنی سامان و سەروەتی نەتەوەیی ئاکامەکەی بە شێوەی ئەستوونی ئەوهای لێ دێ: پووڵی زۆر لەناو بازاڕ/ نەغدینەیی/ زۆربوونی داوا (تقاضا)/ چوونە سەرێی نرخەکان/ هەڵئاوەسان (تورم). بەپێی سەرچاوەکان ڕادەی هەڵئاوەسان لەو وڵاتە گەیشتووەتە چەند هەزار لەسەد، سندووقی نێودەوڵەتیی دراو پێشبینی دەکا ئەو تەوەڕومە بۆ کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ خۆی لە یەک میلیۆن لەسەد بدا. بۆ تێگەیشتنی ئەم کارەساتە دەبێ بڵێین، ١٢ میلیۆن بۆلیوار (دراوی ڤێنێزۆئێلا) بۆ کڕینی یەک مریشکی دوو کیلۆیی پێویستە، تازە ئەگەر وەگیریش کەوێ. کە ئەمە بە دراوی یۆرۆ دەکاتە ٢ یۆرۆ، واتە هەر شەش میلیۆن بۆلیوار دەبێتە یەک یۆرۆ! ئەمە ئابووریی ئاڵمانی دوای شەڕی جیهانیی دووهەممان وەبیر دێنێتەوە بەو جیاوازییەی ئەوکات شەڕێکی جیهانی گەورە ڕووی دابوو، ئێستاش لەو وڵاتانەی بەو سیاسەتە ئابوورییە فەشەلە تەنیا شێوازی سەقەتی بەڕێوەبەریی حکوومەتی وای کردووە ئەو کارەساتانە بخوڵقێن. هەر ئەم دارمانە ئابوورییە وای کردووە ڕۆژانە سەدان و بگرە هەزاران کەس لە خەڵکی ڤێنێزۆئێلا (ئەو وڵاتەی ئەحمەدینێژاد هەزاران میلیاردی بە ناوی پرۆژەی جۆراوجۆر لە سامانی گەلانی ئێران بۆ خەرج کرد) بە سەر پردی بۆلیوار بەرەو کولومبیا هەڵبێن، جا لەوێش ڕا بۆ وڵاتی سێهەم. لە لای خۆیشمان هەر ئێستاش خەڵکێکی زۆری کورد و ئێرانی بە دەربەند و ڕێڕەوە سنوورییەکانی وڵاتی ئێران بە شێوەی قاچاخ خۆیان لەو نەهامەتییەی بەسەریان هاتووە بە هیوای ژیانێکی ئاسوودە دەرباز دەکەن، ئەمە لە جێی خۆیدا کارێکی زۆر خراپە و مەیدان چۆڵکردنە بۆ گەندەڵیی زیاتر و پاوانخوازانی حاکم. دەستەڵاتدارانی ئەو وڵاتانە مەحکوومن بە لەنێوچوون. ڕووداوەکانی ئێستای بازاڕ و دۆخی نالەباری ژیانی خەڵک لەو تێزە ترسناکەی ڤێنێزۆئێلا نزیکمان دەکاتەوە، جا بۆیە خەڵکی ئێمە دەبێ خۆی ساغ بکاتەوە یا دەبێ چاوەڕوانی ئەو جۆرە ژیانە بێ و قبووڵی بکا یا بێنە مەیدان و بە ڕابوون و هەستانەوەی بوێرانە شۆڕشێکی تر بەرپا بکەن، هەتا لەو دۆخەی ئێستا تێیدا دەژین نەجاتیان بێ و ئەو هەمووە زوڵم و زۆری و ستەمە بنگۆم بکەن، ئەمە ڕێک ئەو خواستەی وڵاتانی ڕۆژئاواییشە، ئەوان ناخوازن ئێران بەشەڕ و تێکهەڵچوون واز لە سەرەڕۆییەکانی بێنێ و سێناریۆی سووریە و ئەفغانستان و عێراق دووپاتە بکەنەوە. ترامپ بە گەمارۆ سەختەکانی کە هەموو جومگە و ژێرخانی ئابووری ئێران دەپێکێ، تۆپەکەی دە زەمینی گەلانی ئێران هاویشتووە، هەتا ئەو زەخت و فشارە هەمە لایەنە بکەنە هەوێنی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان کە ئەمە باشترین و شیاوترین مۆدێلی گۆڕانکاری لە ئێران دایە.

# هەژاری و دارمانی بنەماکانی کۆمەڵگەی ئێران



ڕەزا محەممەدئەمینی

ئاستی هەژاری و برسییەتی لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کات نەگەیشتووەتە ئەو ڕادەیە کە ئێستا چین و توێژە هەژارەکان لەگەڵی بەرەوڕوون و لەبەری دەناڵێنن. زیاتر لە سەدا هەشتای خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاری دان و ناتوانن بژیوی ژیانیان ئەوجۆرەی کە پێویستە دابین بکەن. هەروەها بە داننانی نوێنەرانی مەجلیس و تەنانەت کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕووحانیش، نیزیکەی پێنج میلیۆن کەس لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی برسێتی دان و ناتوانن ژەمەنانی خۆیان و منداڵەکانیان دابین بکەن و شەوانە بە زگی برسی سەر دەنێنەوە. ئەو کارەساتە لە حاڵێکدایە کە بەهۆی سیاسەتە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بۆ جارێکی دیکە گەمارۆ ئابوورییەکان بەسەر ڕێژیم و ئابووریی دارماوی ئێراندا سەپاوەتەوە و لەو بەینەدا ئەوەی تێچووەکەی دەدا کۆمەڵانی هەژار و برسی و بێدەرەتانیی خەڵکی ئێرانە.

داتەپینی ئابووری، چوونەسەرێی نرخیی پێداویستییە سەرەتاییەکانی بنەماڵە، بێکاری و نەبوونی داهاتی سەقامگیر و متمانەپێکراو و لە ئاکامدا پێوەستبوونی میلیۆنان کەس لە چین و توێژەکانی مامناوەندی بە هەژار و دەسکورتەکان، کۆمەڵگەی ئێرانی تووشی شڵەژان و زۆر نەخۆشیی کۆمەڵایەتی کردووە کە ڕەنگە ئێرانی ئێستا هەر لەگەڵ وڵاتە هەژارەکانی ئەفریقا و یەمەن و ئەفغانستان و بەنگلادێش بەراورد بکرێ. ئەو دۆخە نالەبارە بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی تاوانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک دزی و کوشتن، لەشفرۆشی و تووشبوون بە ماددە هۆشبەرەکان و گۆڕخەوی و دیاردەی منداڵانی سەرشەقام و هەروەها فرۆشتنی منداڵی ساوا، تەنانەت بەر لەدایکبوون و قاچاغکردنیان بۆ وڵاتانی کەنداو و زۆر دیاردەی دزێوی دیکە کە بەرهەمی چوار دەیە دەسەڵاتداری ڕێژیمی گەندەڵی کۆماری ئیسلامییە. بۆ دەرکی ئەو کارەساتەی لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا ڕوو دەدا و خەریکە بەخێرایی تەواوی بنەماکانی کۆمەڵگەی ئێران کرمۆڵ دەکا، چەند نموونەی بچووک دەتوانێ قووڵایی کارەساتەکە نیشان بدا.

ـ هێڵی هەژاری بەرز بووەتەوە و لە ئێستادا بەپێی دابەزینی نرخی بەرانبەری تمەن لە چاو دراوە دەرەکییەکان و هەروەها چوونەسەری نرخی پێداویستییەکان و تەنانەت بەرهەمە خۆماڵییەکان، هێڵی هەژاری پێنج میلیۆن تمەنە. واتە بنەماڵەیەکی چوار پێنج کەسی لە شارەگەورەکان ئەگەر داهاتی مانگانەی لەو بڕە پارەیە کەمتر بێ ئەوە دەکەوێتە ژێر هێڵی هەژاری. ئەوە لە حاڵێکدایە داهاتی کرێکارێک و بنەماڵەیەکی چوارکەسی، دیارە ئەگەر کاری بەردەوامی هەبێ، شتێکە لە دەوری میلیۆنێک هەتا میلیۆن و نیوێک لە مانگدا، لە شارە بچووکەکان ئەو داهاتە کەمتر لە میلیۆنێکە. جگە لەوەش هەروەک دەبینین زۆر لە کارخانە و ناوەندە پیشەسازییەکان بەهۆی قەیرانی ئابووری، ناکارامەیی کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبردن و ڕاگرتنی ئاستی بەرهەمهێنان و زۆر هۆکاری دیکە کە سەرەداوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات دادەخرێن و کرێکاران یان لە کارەکانیان دەردەکرێن یان حەقدەستەکانیان پێ نادەن. هەر ئەوەش بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ناڕەزایەتی و مانگرتنی بەربڵاوی کرێکاران لە زۆربەی شارەکاندا.

دۆخی کارمەندانی دەوڵەتی و ئەوانەی داهاتی مانگانەیان دیاریکراوە، زۆر باشتر لە کرێکاران نییە و بە پێی گرانی و چوونەسەری نرخی پێداویستییەکان، ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر هێزی کڕینیان دادەبەزێ، لەبەرامبەردا داهاتی مانگانەیان هەروەک خۆیەتی و بەدەگمەن لەئاست نرخی بازاڕ و ئاوسانی ئابووری زیاد دەکا. مانگرتنی بەربڵاوی مامۆستایان لە زیاتر لە ٥٠ شاری ئێران و کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ژیان و گوزەرانیان لەم دواییانەدا، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

ـ ڕێژەی تاوانە کۆمەڵایەتییەکان وەک دزی و کوشتن بۆ پارە و هێرش بۆ سەر ماڵی خەڵکی و بانک و ناوەندە ئابوورییەکان لە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو زۆر زیادی کردووە و ئەوەش بووەتە هۆی نائەمنی و ترس و دڵەڕاوکێی خەڵکی. جگە لەوەش خەڵک بەهۆی مایەپووچبوونی بانک و ناوەندە ماڵییەکانی نێوخۆیی کە زۆربەیان سەر بە دەستە و تاقمەکانی نیزیک لە دەسەڵاتن، متمانە و باوەڕیان بۆ ئەسپاردنی سەرمایەکانیان نەماوە و ناچارن ئەوەی هەیانە بیکەنە زێڕ و دۆلار و دراوی جێباوەڕی دیکە. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی بەندیخانەکان هەتا ساڵێک لەمەوبەر زیاتر لە ٢٠٠ هەزار تاوانبار لە بەندیخانەکان دان کە تاوانەکانیان زیاتر لەپێوەندی لەگەڵ بازرگانیی مادده بێهۆشکەرەکان و هەروەها دزی و کوشتنی بەئانقەستە.

هەروەها لەو پارێزگا و ناوچانەی کە لە زۆر بارەوە لە ئاست ناوچە پیشەسازییەکانی دیکە بێبەش کراون و پەراوێز خراون، وەک چوار پارێزگاکەی کوردستان، بەلووچستان و...



هەژاری و برسییەتی تەنگی بە خەڵکی هەڵچنیوە و دۆخەکە زۆر خراپتر لە شوێنەکانی دیکەیە. لە کوردستان خەڵکی شار و ناوچە سنوورییەکان ناچارن بۆ بژیوی ژیان ڕوو لە کاری مەترسیدار و تاقەتپڕووکێنی کۆڵبەری بکەن و بەبێ لەبەرچاو گرتنی هەموو مەترسییەکانی وەک، تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و کەوتنە نێو مەیدانی مین و هەڵدێران لە بەرزایی و زۆر مەترسیی دیکە، ژەمە نانێک بۆ بنەماڵەکەیان پەیدا بکەن. تەنانەت لەو نێوەدا پیرەپیاو و ژنانی بەساڵاچوو و خوێندکاران و کەسانی خاوەن بڕوانامەی باڵای خوێندنیش ناچارن ڕوو لەکۆڵبەری بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە کە هەر لە سەرەتای ڕەزبەری ڕابردووەوە تا نیوەی یەکەمی مانگی خەزەڵوەر نیزیکەی ٣٠ کۆڵبەری کورد لە ناوچە سنوورییەکان بە هۆی تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم و مەیدانی مین و هەڵدێران لە بەرزاییەکان کوژراو و بریندار بوون. جگە لەوەش بێکاری و هەژاری بۆتە هۆی کۆچی خەڵک بۆ شارە گەورەکان و ناوەندە پیشەسازییەکان و کوورەخانەکانی خشتبڕی لە پارێزگاکانی دیکە کە ئەوەش زۆر لێکەوتەی کۆمەڵایەتی وەک نەخۆشی و تێکچوونی تەندرووستی و «زوو پیربوون»ی لەش و تەنانەت پڕووکانەوەی منداڵان و نەخوێندەواریی لێ کەوتووەتەوە.

ئێستا لەکۆمەڵگەی نەخۆش و لەهەمان کاتدا ئاوسانی ڕاپەڕینی ئێراندا متمانە بە ژیان و داهاتوو، ئومێد بە باشبوونی دۆخەکە و ڕزگاربوون لە دۆزەخی بێکاری و برسییەتی و دەیان دیاردەی دیکە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێراندا نەماوە و هەموو لایەک تەنانەت کاربەدەستانی ڕێژیمیش دەزانن مەترسیی «ڕاپەڕینی هەژاران» و خێڵی دەیان میلیۆنیی برسییەکان زۆر جیددییە. لە ئەگەری وەڕێکەوتنی وەها ڕاپەڕینێکدا کۆماری ئیسلامی بە هەموو هێزە سەرکوتکەرەکانیەوە ناتوانێ بەر بەو ڕاپەڕینە بگرێ کە خوازیاری پارووە نانێک و تێرکردنی زگی قوپاوی منداڵەکانیەتی. سروشتی ئەو ناڕەزایەتییە تەنیا نارازیبوون لە سیستەمی دەسەڵاتداری و دیکتاتۆڕی و سەرەڕۆیی دەسەڵاتداران نییە کە کۆماری ئیسلامی مۆرکی دژی شۆڕش و بەستراوەبوون بەناو دوژمنانی دەرەکی! و... لێ دەدا، سروشتی ئەو ناڕەزایەتییانە تەنیا لە چوارچێوەی ویست و داخوازە سیاسییەکانی وەک ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ژنان و جلوبەرگ و دژایەتیی لەگەڵ لەژێرپێنانی یاساکان لەلایەن کاربەدەستانەوە نییە کە بە هێزی سەرکوتکەری بەسیج و سپا و دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە دامرکێتەوە؛ سروشتی ئەو ناڕەزایەتییە کە خەریکە وەک گڕکان خۆی دەخواتەوە، ئابوورییە و نانە و گازەندە لە برسیەتییە کە ئەگەر بتەقێتەوە، دەبێتە «ڕاپەڕینی هەژارەکان» و ئەو هێزەی هەیە کە چارەنووسی ڕێژیم بە ئاقارێکی دیکەدا بەرێ و یەکلایی بکاتەوە. بەدڵنیاییەوە کۆمەڵانی هەژار و برسیی خەڵکی ئێران هیچ ترسێکیان لە ئاکامی وەها ڕاپەڕینێک نییە، چونکە ئاستی نەهامەتی و تووڕەیی خەڵکی داماوی ئێران لەو دۆزەخە گەیوەتە ڕادەیەک کە تەنانەت ئەگەر گرتن و ئەشکەنجە و کوژرانیشی تێدا بێ، ئەوا لە مەرگ لە برسییەتی و ڕووزەردبوون لە ئاست بنەماڵەی چاولەدەست زۆر باشترە و کورد گوتەنی مردن جارێک و شیوەنیش جارێک!

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران باش دەزانن ئەو نیزامە گەندەڵە چ لە سەرمایەکانی ئێران دەکا و چۆن بۆ درێژەدانی سیاسەتەکانیی خۆی لە نێوخۆ و لە دەرەوە، بەفیڕۆی دەدا. ئەوان باش دەزانن سپای پاسداران چنگی بەسەر ئابووریی ئێراندا گرتووە و بووەتە دەوڵەتی هاوتەریب و لەگەڵ بنکە و بنیاتە زۆر و زەبەلاحەکانی سەر بە ڕێبەری ڕێژیم وەک زەروو خەریکی مژینی خوێنی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و زیادکردنی هەژار و برسیییەکانن.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئایا کۆماری ئیسلامی توانای چارەسەری کێشەی هەژاری و برسییەتی، لە نێو لەسەدا هەشتای خەڵکی ئێراندا هەیە؟ ئایا ئەو ڕێژیمە لەبری بەرنامە مووشەکییەکانی، هەوڵدان بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکە کۆمەڵکوژەکان، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و ئاژاوەنانەوە و هەروەها یارمەتیدانی دەستە و تاقمە تێرۆریستییەکان کە دەیان میلیارد دۆلار تێچووی ساڵانەی لەسەر دەستی خەڵکی ئێران داناوە، ئاوڕێک لە «خێڵی برسییەکان» دەداتەوە؟

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەبێ چاوێک بە کارنامەی کۆماری ئیسلامی بخشێنینەوە کە لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا تۆماری کردووە! ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە و سپای پاسداران ئامادە نین واز لە سیاسەتەکانی خۆیان بێنن و ڕێگایەک بگرنە بەر کە لەوە زیاتر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تووشی داماوی و نەهامەتی نەبن. ئەو ڕێژیمە گەندەڵە لە تەواوەتیی خۆیدا بەرەو دارمان دەڕوا و ڕووداوەکانی داهاتوو لە ناوچە و لە نێوخۆدا بەقازانجی تەواو نابن. گومان لەوەدا نییە لە ماوەی چەند مانگی داهاتوودا و بەتایبەت پاش تەواوبوونی پاشکەوتی دراویی دەوڵەت و ویشکبوون یان کەمبوونەوەی داهاتەکانیی ڕێژیم لە فرۆشی نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی داهات، کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی زۆر قووڵتر لەوەی کە تا ئێستا خوڵقاندوویەتی بەرەوڕوو دەبێتەوە و لە وەها دۆخێکدا هیچ دوور نییە ئێران و جیهان شاهیدی «ڕاپەڕینی هەژاران» بن. ئەو دەیان میلیۆن هەژار و برسییەی کە هیچیان نییە لە دەستی بدەن، جگە لە هەژاری و برسییەتی.



# کاربەدەستێکی پێشووی سی ئای ئەی: ئێران دینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیرکردنی ناوچەیە

جێروزالم پۆست – یوسی مێلمەن
و: کەماڵ حەسەنپوور

لە یەکەم وتووێژیدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی، کاربەدەستێکی پایەبەرزی پێشووی سی ئای ئەی پێشبینیی ئەوە دەکا کە ڕێژیمی ئێران لە کۆتاییدا دەڕووخێ.

پۆلێنکردنی نۆرمەن ڕائول شتێکی دژوارە. هەندێک جار ئەو وەک لیبراڵێک قسە دەکا و هەندێک جار وەک کۆنەپارێزێک. لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ناتەباییەک لەنێوان ئەو دوو بەرداشتە دژ بە یەکانەدا نییە. بەرداشتی ساکار ڕووڕاستییە و بۆ مرۆڤێکی ڕاستەقینەی نێو دەزگای هەواڵگریی هیچ سامانێک لە پیشەی ئەودا بەنرختر لە ڕووڕاستی نییە. ڕەنگبێ باشترین شێوە بۆ باس لە دیمەنی پیشەیی ئەو، قەرزکردنی ئەو دەستەواژە عیبرییە بێ، کە هەر دوو خووخدەی کۆتر و باشووی هەن. ڕەنگبێ شتێک وەک «کۆشوو.»

ڕائول ٣٤ ساڵ لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆپەراسیۆنەکانی سی ئای ئەی (کە لە پێشدا بە ناوی خزمەتگوزاریی شاراوەی بەرگریی دەناسرا) بە ئەرکی جیاواز لە مەیداندا و لە ئاستی بنکەی سەرەکیدا کاری کردووە، لە پەیوەندی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، لە ناویاندا ئەرکی بەڕێوەبەریی چەندین بەرنامەی پەیوەندیدار بە ئێرانی ڕاپەڕاندووە. لەو ساڵانەدا، ئەو وەک «بەڕێوەبەری هەواڵگریی نەتەوەیی لەبارەی ئێران» لە بنکەی بەڕێوەبەریی هەواڵگریی نەتەوەیی خزمەتی کردووە. کۆی لێکدانەوەی وردی ئەو لەبارەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران، کە لەو دواییانەدا وڵاتە یەکگرتووەکان جێی هێشت، باشترین پێناسەکەی دەتوانین بڵێین ئەوەیە کە هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆیەوە بەرداشتی لەبارەیدا هەیە.

بە هۆی ئەزموونی بەربڵاوی لە سەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەو زانیارییەکی باشی لەبارەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی ئیسرائیل هەیە و زۆر لە کاربەدەستە پایەبەرزەکانی پێشوو و ئێستای، لە نێویاندا بەرپرسی مووساد مەئیر داگان، تامیر پاردۆ و یوسی کۆهێن و سەرۆکەکانی هەواڵگریی سەربازیی وەک ئامۆن یادلینی لە نیزیکەوە دیتووە.

ئەوە یەکەم وتووێژیەتی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی ئیسرائیلی. ئێمە مانگی ڕابردوو لە هۆتێلێک لە شاری نیۆیۆرک چاوپێکەوتنمان هەبوو. ئەو بۆ بەڕێوەبردنی پانێلێک لە کۆنفرانسێکدا کە لەلایەن «یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمی»، ڕێکخراوێکی مەدەنی دوولایەنە پێکهاتوو لە سێناتۆرەکانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان، سیاسەتوان و کاربەدەستانی هەواڵگریی، هەروەها کەسایەتیی ئوروپایی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی، لەناویاندا کۆچکردوو مەئیر داگان و سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی ئاڵمان بی ئێن دی (سرویسی هەواڵگریی فیدراڵ) ئاگوست هەنینگ، هاتبووە ئەم شارە.

ڕێکخراوی «یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمی» دە ساڵی پڕ دەکرد و بۆ ڕێزگرتن لەو یادە، چەند میوانی پایەبەرز لە کۆنفرانسەکەدا وتاریان پێشکەش کرد. لەنێویاندا سەرۆکی ئێستای مووساد یوسی کۆهێن، وەزیری کاروباری دەرەوەی عەرەبستانی سعوودی عادل ئەلجوبەیر، جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەی یەمەن خالید ئەلیەمەنی، باڵوێزانی بەحرەین و ئیمارات لە وڵاتە یەکگرتووەکان، سێناتۆرانی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان جۆزێف لیبێرمەن و برایان هووک نوێنەری وەزارەتی کاروباری دەرەوە بۆ پرسی ئێران.

ڕائول گوتی، «ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران هیچ دوورە دیمەنێکی نییە، لە ڕوانگەی لایەنگرانییەوە ڕێککەوتنەکە ئامانجی خۆی پێکا: ئێرانییەکان ڕێئاکتۆری بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم لە ئەراکیان لێک هەڵوەشاند، بەشێکی بەرچاوی سانتریفیووژەکانیان کۆ کردنەوە و ئۆرانیۆمە پیتێنراوەکەیان هەناردەی دەرەوە کرد. بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران لە ژێر چاودێریی پشکنێنەرترین بەرنامەی لێکۆڵینەوەی نێونەتەوەیی دایە و هیچ بەڵگەیەک لەبارەی دوایین هەنگاو بۆ دروستکردنی بۆمبی ناوەکی نییە. بەو پێناسەیە، ڕێککەوتنەکە سەرکەوتوو بووە. ئەوانی کە دژی ڕێککەوتنەکەن هەندێک جار وێدەچێ نەیانهەوێ ددان بەو دەستکەوتە ڕاستەقینانە دابنێن.»

## ڕوانگەکەی دیکە چییە؟

ئەوانەی کە پێیان وابوو ڕێککەوتنەکە دەرگای دونیا بەرەوڕووی ئێران دەکاتەوە و ئەو هان دەدا کە ببێتە ئەکتەرێکی بەرپرسیارتر، هەڵە بوون. ئەوان دەڵێن ئێران پێویستی بە کاتی زۆرترە بۆ ئاڵوگۆڕ. ڕەنگبێ وابێ، بەڵام دەبێ چەند ساڵ ڕاوەستین تا ئێران دەست لە پشتگیریکردنی تێرۆریزم هەڵگرێ؟ ئەگەر تۆ لەو ناوچەیە بژی و قوربانیی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی تێرۆریزم و هێرشی مووشەکیی بێ، شتێکی ئاساییە کە ناتوانی ئەو هەڕەشانە دژی خەڵکەکەت تەحەممول بکەی، بەو هیوایە کە ئێران دەگۆڕێ»!

## هەڵوێستی دڵخواز کە دەبێ بگیرێتە بەر چییە؟

ئەگەر ئێران دەیهەوێ یارمەتیی حوسییەکان بکا، دەبێ یارمەتیی مرۆیی لە ڕێگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بنێرێ نەوەک مووشەک. ئاکارەکانی ئێران کێشەکەیان قووڵتر کردووەتەوە و بۆتە هۆی ئازارچێشتنێکی مەترسیدار بۆ خەڵکی یەمەن. ئێران پشتگیریی زیاتر لە جینێک میلیشیای شیعە و سوننی و تاقمی تێرۆریستیی لە ناوچەدا دەکا. ئەو تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی مووشەکیی بڵاو کردۆتەوە. هیچ شک و گومانێک لەوەدا نییە کە ئێران دینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیر کردنی ناوچە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە. ئەوە دەبێ کۆتایی پێبێ و ئێران دەبێ ناچار بکرێ کە ئاکاری خۆی بگۆڕێ.

ڕائول لەسەر باسکردن لە مەڕ خۆی دوو دڵە و پێی ناخۆشە کە من لە بارەی پێشینەی بنەماڵەیی ئەو پرسیار دەکەم. بە کورتی، ئەو لە شارێکی بچووکی کانزایی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پێنسیلڤانیا لە بنەماڵەیەک، کە هەمیشە هەستی خزمەتکردن بە کۆمەڵگە و وڵاتیان هەبووە، لەدایک بووە. ئەندامانی بنەماڵەکەی لە شەڕە مەزنەکانی ئامریکا لە سەدەی ڕابردوودا جەنگاون: دوو شەڕی جیهانیی و شەڕەکانی کۆرە و ڤییەتنام. لە بنەماڵەکەیدا فێر کراوە کە ئەو دەبێ هەمیشە دژی مرۆڤە شەیتانی و خراپەکان بجەنگێ. ئەو لە کالێجێکی بچووک بەدوای خولیای خۆی بۆ مووزیک دەستی بە خوێندن کرد بەڵام مێژووی دیتەوە و جیهان بەرەو ڕووی کرایەوە. کاتێک کە لە کالێج بوو سی ئای ئەی پێی زانی و کردیانە ئەندامی خۆیان.

ئەو خۆی لە باس لەبارەی کۆمەڵگەی هەواڵگریی بوارد، بەڵام لە سەرچاوەی دیکەوە بۆم دەرکەوت کە لەکاتی




ساڵانی دوور و درێژی خزمەتکردندا ئەو وەک جاسووسی نهێنی، بەرپرسی وێستگە و تا پلەی بەرز وەک بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوین کاری کردووە. لە ٢٠٠٨، ئەو پێشنیاری پێ کرا کە لە بەڕێوەبەریی هەواڵگریی نەتەوەییدا کار بکا، کە لە ٢٠٠٥ لە لایەن جۆرج دەبلیوو بووش بۆ باشترکردنی هاوکاریی لە نێوان ئۆرگانە جیاجیاکانی کۆمەڵگای هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، دامەزرا. دووبارە ڕێکخستنەوەکە ئاکامی ڕووداوی کارەساتباری یازدەی سێپتامبر بوو، کە دەزگا هەواڵگرییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە دیتنەوە و پێشگرتن بە ڕووداوەکەدا ناسەرکەوتوو بوون. بە واتایەکی کرداریی، ئەو کاربەدەستی پایەبەرزی بەرپرس بۆ ئیدارەکردنی پلانە هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان دژی ئێران بوو.

لە ماوەی ٩ ساڵ خزمەت لەو بەرپرسایەتییەدا، ئەو شاهیدی پتەوتر بوونی پەیوەندیی و هاوکارییەکانی نێوان کۆمەڵگای هەواڵگریی ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان بوو بۆ پلەیەک کە تا ئێستا نەدیتراوە. دەکرێ شیمانەی ئەوە بکرێ کە ئەو لەو کاتەدا ئاگای لە گشت نهێنییەکانی نێوان هەر دوو وڵات بووە.

هەواڵنێرییە نێونەتەوەییەکان باسیان کردووە کە سی ئای ئەی و مووساد ئۆپەراسیۆنی هاوبەشیان بەڕێوە بردوون، لەناویاندا کوشتنی عیماد موغنیە، گەورە تێرۆریستی حیزبوڵڵا، و دەزگای هەواڵگریی ئەو دوو وڵاتە ئەوماڵوێرەیان [بەرنامەی کامپیۆتێر کە ئەرکی سیخوڕیی و خرابکاریی بەڕێوە دەبا] بەرهەم هێنا و خستیانە نێو کامپیۆتێرەکانی پەیوەندیدار بە پیتاندنی ئۆرانیۆم لە ئێران و هەروەها ئۆپەراسیۆنی بوێرانەی دیکەیان لە چوار دەورەی دونیا بەڕێوە بردوون.

کاتێک کە هەوڵم دا لەبارەی ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە پرسیاری لێ بکەم، جوابەکەی بەئەدەبانە بەڵام قایم بوو. ئەو گوتی «من باسی کاری ڕابردوو لەنێو کۆمەڵگەی هەواڵگریدا ناکەم».

سەرۆکی پێشووی مووساد، تامیر پاردۆ، کە ڕائول زۆر باش دەناسێ، پێی گوتم کە «نۆرمەن کوڕێکی گەلێک ژیرە. ئەو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست زۆر چاک دەناسێ. ئەو شیکاریکەرێکی زۆر لێهاتوویە و ئەمن ئەوی وەک دۆستێکی ڕاستەقینەی ئیسرائیل دەناسم. هەموو چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ ئەو لە ڕاددەبەدەر سەرنجڕاکێش بوون». دوای خانەنشین بوون لە سێپتامبری ٢٠١٧، ڕائول لە کەرتی تایبەتدا دەستی بەکار کرد و چووە نێو «یەکگرتوو دژی ئێرانی ئەتۆمیی».

## بۆچوونت لە بارەی دەستبەسەر داگرتنی ئارشیوی ئەتۆمیی ئێران لەلایەن مووسادەوە چییە؟

«من تەنیا ئەو شتانە دەزانم کە لە مێدیاکاندا خوێندوومنەوە. بەڵام بێگومان شتەکان وێدەچێ بیسەلمێنن کە ئێران لە کۆتاییدا بژاردەی پرۆگرامی چەکی ئەتۆمیی لە داهاتوودا بۆخۆی پاراستووە».

## بە ئەزموونی بەربڵاوی خۆت، شێوەی کار و ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران کامانەن؟

ئێران کەڵک لەو شتە وەردەگرێ کە پێی دەڵێن شەڕی هایبرید یا تاکتیکی زۆنی بۆر. لە ئێران، لەوانەیە کە ڕێبەری گەورە بە ئەوانی ژێردەستی بڵێ ڕیسکی تێوەگلان لە کێشەی مەزن مەکەن، بەڵام لەژێر ئەو ئاستەدا دەتوانن بە شێوەیەکی شەڕئەنگێزانە وەجووڵێن. ئەوە ڕێگا بە ئێران دەدا کە بە خێرایی جووڵە بکا، بە پێچەوانەی ڕۆژئاوا کە هەر هەنگاوێک دبێ زۆر بە وریاییەوە لە لایەن سیاسەتوانەکان و کۆنگرەوە چاودێریی بکرێ.

## مۆدێلێکی ئەوتۆ بە کردەوە چۆن لە مەیداندا جێبەجێ دەکرێ؟

ئێران بە قووڵی لە عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن چالاکە. وا دێتە بەرچاو کە ئاکارە شەڕئەنگێزەکانی ئێران لە ناوچەدا شەڕێکی ئاسایی کردووەتە دووبەش: ئۆپەراسیۆنی زەمینی و ئۆپەراسیۆنی هەوایی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە هەندێک وڵات، ئۆپەراسیۆنی هێزی دەریایی لە دەریای سوور، هێرشی سایبری دەورەیی. چونکە ئەو ئاکارانە بەسەر هێندە شوێناندا دابەش بوون، ڕۆژئاوا و نەتەوە یەکگرتووەکان کێشەکە پاشگوێ دەخەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵک دەمرن.

## بەڵام ئەوە نییە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی گەمارۆی خستوونە سەر ئێران؟

ویلایەتە یەکگرتووەکان و ڕۆژئاوا چەندین گەمارۆیان خستوونە سەر ئێران لەبەر تێوەگلانی لە تێرۆریزم، تەقاندنەوەی چوار باڵوێزخانە [لە بەیروت]، و هێرشی مووشەکیی دژی عەرەبستانی سعوودی. بەڵام ئەو گەمارۆیانە هێشتا لەو ئاستەدا نین کە شوێن دانێنە سەر بڕیاردانی ئێران. لەوانەیە ئێمە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران و حیزبوڵڵامان هێواش کردبنەوە، بەڵام هێشتا ماوەیەتی تا بیانوەستێنین.

## ڕەنگبێ دیپلۆماسی لە گەمارۆیان باشتر بێ؟

لە کاتی مشتومڕ لەبارەی داهاتووی ڕێککەوتنەکە، من لام وابوو کە دەبوو ڕێککەتنەکە جێ نەهێڵین و لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان کار بۆ فشارهێنان بۆ سەر ئێران بکەین. ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێ وا بێتە بەرچاو کە دژی ئێران بە تەنیایە.

## کەوابوو سیاسەتی ترامپ هەڵەیە؟

من باسی سیاسەت ناکەم. ئێمە دەبێ لەبیرمان بێ کە نارەزایەتییەکانی سەرۆککۆمار ترامپ بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە شتێکی دەگمەن نین. بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کۆنگرە، لە نێویاندا دیموکراتەکان، ئەو بۆچوونانەیان لە کاتی مشتومڕ لە سەر ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە هەبوو. من پێموایە کە ئێمە پێویستە لەگەڵ ئوڕووپا و هاوپەیمانەکانی دیکە کار بکەین، بەڵام ئەوە شتێکی عەقڵانی نییە ڕێگا بە ئوڕووپا بدرێ فشارخستنە سەر ئێران وەدوا بخا. گەمارۆ تازەکان زەخت لەسەر ئێران زیاد دەکەن. ئێران شوێنێکی هێندە پڕ دەسکەوت نییە بۆ مامەڵەی مەزن و، کۆمپانیا گەورەکان ناتوانن ڕەوایی بە هەڵبژاردنی بازاڕی سەخت، ناخۆش و گەمارۆلێدراوی ئێران لە جیات وڵاتە یەکگرتووەکان بدەن.

## کاردانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران چی دەبێ؟

ئێران بەرەوڕووی چالشی هاوکاتی وەها بۆتەوە کە لە ڕابردوودا وێنەیان نەبووە. ئەو چالشانە لە ئاستی دیموگرافی، ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسین. تووشی بێ ئاوییەکی مەزن بۆتەوە، و دۆخی ڕێگاوبانەکان زۆر خراپن. بەڵام ئێران بۆخۆی خۆی تووشی ئەو گیروگرفتانە کردووە. ئەو بڕیاری دا کە نەوتەکەی لە جیات بەکارهێنان بۆ ڕێگاوبان و یارمەتیدانی خەڵکی مەدەنیی خۆی، بنێرێ بۆ سووریە. بە گشتی نەوەی لاوی ئێران متمانەیان بە دەوڵەت نەماوە و زۆریان وڵات جێ دەهێڵن. کۆچی مێشکەکان چالشێکی دیکەیە.

## هۆی هاتنی ئێران بۆ سەر مێزی وتووێژ ئەوە بوو کە خەریک بوو هەرەس بێنێ؟

هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە کە ئێران لە کاتی هاتنە سەر مێزی وتووێژ خەریک بوو هەرەس بێنێ. ئەوان لە ژێر زەختێکی گەورەدا بوون و بۆیە هاتنە سەر مێزی وتووێژ تا بزانن دەتوانن چ مامەڵەیەک بکەن.

درێژە ل١٠



عادڵ مەحموودی

له حوجره‌وه

# مەلا کەریم دادیلی



شەهید کەریمی دادیلی ناسراو بە «مەلا کەریم» کوڕی مام عەبدوڵڵا، لەدایکبووی ساڵی ١٣١٧ی هەتاوییە. مەلا کەریم لە بنەماڵەیەکی گوندی «نمنجێ» لە دایک بوو. ژیانی منداڵیی مەلا کەریم بە پێچەوانەی ژیانی منداڵانی ئەو سەردەمە بوو. هەلی خوێندن و فێربوونی بۆ ڕەخسا و لە حوجرەی فەقێیاندا هەست و بیری بە چرای عیلم و زانین ڕوون بوونەوە. دێ بە دێ و ناوچە بە ناوچە وەدوای فێربوونی زانستە ئایینییەکان کەوت و ڕادەی زانیاریی خۆی پێ بردە سەرێ. ئەو گەڕان و ئاشنابوونەی بە ژیانی نابەرابەر و پڕ لە چەوسانەوەی گەلەکەی هەستێکی تایبەتی لە ناخی مەلا کەریمدا وروووژاند. دیارە هەروەک زۆر جارانیش باس کراوە، حوجرەی فەقێیان لەو سەردەمدا ئەمینترین و لەبارترین شوێنی تێکۆشانی سیاسی بەدژی ڕێژیمی سەرەڕۆی پاشایەتی بوو. کەوابوو زۆر ئاسایی بوو لاوێکی خوێنگەرم و تێگەیشتووی وەک مەلا کەریمیش هەستی ئازادیخوازی و گەڕان بەدوای ڕێگای ڕزگاربوون لە ستەمی نەتەوایەتی لە ناخیدا جێگیر ببێ. هەربۆیە لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەرکە ئایینییەکاندا لە ڕوونکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە وەدوانەکەوت و بە نهێنی ڕێگای دژایەتی لەگەڵ ماف پێشێلکەرانی بۆ دەستنیشان دەکردن. ئەو بیروباوەڕە پاکە و ئەو هەڵوێستە جوانمێرانەیە، مەلا کەریمیان لە ناوچەکەدا کردبووە سیمایەکی ناسراو و بڕوا و متمانەی خەڵکی ناوچەکەی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو.

هەڵسووڕان و چالاکییەکانی مەلا کەریم لەبەرچاوی ساواک و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی ون نەبوو، بۆیەش لە ماوەی ١٠ ساڵاندا چوار جار گیرا و خرایە ژێر ئەشکەنجە و کەوتە بەندیخانەوە، بەڵام بە ئەشکەنجە و نە گرتووخانە چۆکیان پێدا نەدا و هەموو جارێ کە لە زیندان بەردەبوو، شێلگیرتر لە جاران لە کاری سیاسی و چالاکییە حیزبییەکانی تێ هەڵدەچۆوە.

بەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بەسەر ڕێژیمی دوو هەزار و پێنج سەد ساڵەی پاشایەتیدا، مەلا کەریم کە ئەو ڕۆژەی بە ئاوات خواستبوو، بێ ڕاوەستان وەخۆ کەوت و بە ئاشکرا لە چالاکی و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەشداری کرد و وەک کادرێکی هەڵسووڕ ئەرک و بەرپرسایەتیی وەئەستۆ گرت. مەلا کەریم کە وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجەکانی گەلەکەی لەو ڕێبازەدا بەدی کردبوون. لەخۆڕا نەبوو کە چەکی بەرگریی بۆ لە شان کرد و ئامادیی خۆی بۆ وەئەستۆگرتنی هەر ئەرک و بەرپرسایەتییەک دەربڕی.

مەلا کەریم بەهۆی ئەو ئەزموونە بەنرخانەی لە ڕابردوودا پاشەکەوتی کردبوون، زۆر زوو متمانەی هاوسەنگەرانی وەدەست هێنا و گەشەی کرد و گەیشتە پلەی کادری سیاسی. وەک کادرێکی خاراو و لە کڵ دەرهاتوو ئەرکی ڕوونکردنەوی خەڵکی ناوچەکە و گەشەپێدانی تەشکیلاتیی حیزبەکەی وەئەستۆ گرت و ماندوویی نەناسانە شەویشی بە دەم ڕۆژەوە دەدا و لە کارکردن ماندوو نەدەبوو. چ لە باری سیاسی و چ لە بواری نیزامیدا یەکێک لەو کادرانە بوو کە چاوەڕوان دەکرا لە داهاتوویەکی نێزیکدا ئەرکی قورستریش وەئەستۆ بگرێ و خزمەتی زۆرتر بە بزووتنەوەی میللی دێمۆکڕاتیکی گەلەکەمان بکا. بیروباوەڕی پتەو بە ڕێبازەکەی، سەداقەت و ڕاستی و پاکی، ورە و ئیمان و غیرەت و جوانمێری، تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە، لەخۆڕادیوی و باوەڕ بەخۆبوون، هەستی بێخەوشی کوردانە و حیزبییانە، نەزم و دیسپلین و باوەڕ بە سەرکەوتن، لەو تایبەتمەندییانە بوون کە ناوبراویان پێ دەناسرایەوە.

لە خۆڕا نەبوو کە هاوسەنگەرانی لەنێو دڵی خۆیاندا جێگایان بۆ تەرخان کردبوو. وەک مامۆستایەکی شارەزا لێیان دەڕوانی و دەرسی کۆڵنەدان و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی لێ فێر دەبوون. لە یەک قسەدا یەکێک لەو کادرە پێگەیشتووانە بوو کە هیوای دواڕۆژی حیزب و بزووتنەوە ڕەواکەمان بوو. بەڵام بەداخەوە مەرگی ناوەخت ماوەی نەدا بگاتە ئەو قۆناغە و دەستی تاوان لە گەلی کوردی ستاند.

مەلا کەریم دادیلی ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ و لە پەلاماری هێزە داگیرکەرەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان لە قاڕنێ لە نەغەدە سینگی کەوتە بەر گوللەی دوژمن و دڵە گەورەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت.

بە شەهیدبوونی مەلا کەریم حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان کادرێکی بەوەج و خەڵکی ناوچەی پیرانشار گەورە پیاوێکی ناوداریان لە دەست چوو.

ڕووحی شاد و جێگای بەهەشتی بەرین بێ!

هەڵبەی شاخ و شۆڕش



برایم چووکەڵی

# «وەلفەجری ٩» و تاکتیکی نوێی پێشمەرگەکانی بانە

کۆتایی زستانی ساڵی ١٣٦٤ بوو. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری عەمەلیاتی «وەلفەجری ٩»دا بوو کە هێزێکی بەرچاوی لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و بەتایبەتی لە ناوچەی بانە کۆ کردبۆوە و لە زۆر لە پایەگاکانی ئەو ناوچەیە هێزەکانی زیاد کردبوو. ڕێژیم نەک بەنهێنی بەڵکوو بە ئاشکرا باسی عەمەلیاتی «وەلفەجری ٩»ی دەکرد و لە ناوچە، ئامادەکاریی بۆ دەکرد. ئەوەش بۆ خەڵکی بانە و دەوروبەر و بەتایبەتی ناوچەی خێڵەڕەش و پشتی ئاربابا دۆخێکی تایبەتیی خوڵقاندبوو. خەڵک کەوتبوونە نێو بەرداشی شەڕی ئێران و عێراق و بەو زستانە سەخت و تووشە تەنیا ڕێگەیەک شکیان دەبرد چۆلکردنی ماڵ و حاڵیان بوو. بەم زستانە وێرانکردنی ماڵەکانیان و چۆلکردنی بۆ ئەوان کارێکی ئاسان نەبوو هیچ ڕێگایەک بێجگە لە چۆلکردنی ماڵەکانیان بەدی نەدەکرا چونکی شەڕ لە نێوان دوو دەوڵەتی داگیرکەر لە خاکی کوردستاندا ڕووی دەدا.
لەو سەروبەندەدا پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی خێڵەڕەش دوور کەوتبوونەوە و لە نەبوونی ئەواندا هێزەکانی دوژمن توانیبوویان چەند پایەگا و بنکەی نیزامی نوێی لێ دابمەزرێنن و دەسەڵاتی نگریسی خۆیان بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەیەدا بسەپێنن. ئەو ناوچە لەسەر سنوور هەڵکەوتووە و زیاتر لە دە گوندی لە خۆ دەگرت.
بە نێزیکبوونەوە لە دەسپێکی عەمەلیاتی بەناو «وەلفەجری ٩» کۆبوونەوەی فەرماندەرانی ڕێژیم لە هەموو نیهادە نیزامییەکان و تەنانەت جاشەکان بۆ بەشداریی لەو عەمەلیاتەدا کرا. لەو کاتەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان تازە کۆنگرەی ٧ی خۆی گرتبوو و ڕێژیم هەستی بە لەکەمیدانی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەدا کردبوو. وەک باس دەکرا لەو کۆبوونەوەی فەرماندەرانی هێزەکانی ڕێژیمدا فەرماندەری جاشەکان گوتبووی ئامادەن بۆ کۆتاییهێنان! بە حزووری پێشمەرگە لە ناوچە، بەڵام بەو مەرجەی لە عەمەلیاتەکەی وەلفەجری ٩دا بەشدار نەبن و دەرفەتیان بۆ پاکسازیی ناوچەی بانە لە هێزەکانی حیزبی دێموکرات هەبێ!
لە وەها بارودۆخێکدا پێشمەرگەکانی ناوچەی بانە گەڕانەوە و بە سەر وەزعێکی زۆر نالەباردا کەوتن و دیتیان کە خەڵکێکی زۆر لە ترسی ئەوەی شەڕێکی گەورە بەڕێوەیە لە ماڵ و حاڵی خۆیان ئاوارە بوون. لەو کاتەدا بێجگە لە حیزبی دێموکرات هیچ هێزێکی دیکەی دژبەری ڕێژیم لەو ناوچەیەدا نەبوو.
ڕۆژی ٢٧ی ڕەشەمە بوو. پێشمەرگەکان پاش گەڕانێکی باش لە ناوچە و لەقاودانی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە گوندەکانی «واژە»، «کەندەڵ» و «گوێزلێ» دەمێننەوە. لە دەوروبەری شوێنی مانەوەی پێشمەرگەکان و لە چەند «کۆخ» و ئاوایییەکی نێزیکیش هێزی دوژمن بە تەواوی جێگیر ببوون. دیارە گرینگترینی ئەو شوێنانە بەرزایی «گردی گۆیل» بوو کە دەڕوانێتە سەر گوندەکانی «ساڵۆک»ی سەرێ و خوارێ و شوێنێکی ستراتیژیک بوو. پێشمەرگەکان تازە گەیشتبوونە ئەو ناوچەیە کە هێزەکانی دوژمن لە ئاوایییەکانی «سپیدارێ»، «بەردەڕەش» و «هەلاس‌بار» و، هەروەها لە کۆخەکانی «قولینگ»، «سێکانیان»، «بۆکز» و «عەبەشەریف» جێگیر بوون. ئامانجی ڕێژیم لەو عەمەلیاتەدا گۆڕینی تاکتیکی نیزامیش بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بوو. چونکی تا ئەوکاتە دوژمن هەر شەڕی جیبهەیی لەگەڵ پێشمەرگە کردبوو، بەڵام کاتێک پێشمەرگە تاکتیکی گۆڕی بۆ شەڕی پارتیزانی؛ ئەمجارەیان فەرماندەرانی هێزی چەکداری ڕێژیم ڕێگەچارەی بەربەرەکانی لەگەڵ جووڵەی پێشمەرگەیان تەنیا لە چەند تاکتیکی نیزامیدا دەدیتەوە کە بریتی بوون لە: «کەروێشکەڕاو»، «چەکوچ و سندان»، «ڕاوەدوونان و زەبرلێدان» و «هێرش و گەمارۆ».
ڕێژیم ئەو ڕۆژە تاکتیکی «چەکوچ و سندان»ی گرتبووە بەر کە بریتی بوو لە یەکەم هێزی «چەکوچ»؛ واتە کێن ئەوانەی هێرش دەکەن. دووهەم، «سندان»؛ واتە پێش بە پاشەکشەی پێشمەرگە بگیرێ. سێهەم، هێزی یارمەتیدەر کە هەر کات پێویست بوو بە هانای هەرکام لە لایەنەکانی دیکە، واتە چەکوچ یا سندان بکەوێ. لەو تاکتیکەدا ئامانجی هێزی چەکوچ پاشەکشەکردن بە هێزی پێشمەرگەیە کە خۆی بە لای هێزی سنداندا بکا و لەوێ پرێس ببێ و ئیدی بە قەولی خۆیان جووقەواری پێشمەرگە لە ناوچەکەدا ببڕن...
بەڵام ٧ ساڵ شەڕی پڕ دەسکەوتی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ دوژمن ئەوانی خاوەنی گەلێک ئەزموون و ڕۆڵەی لە کڵ دەرهاتوو کردبوو. بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی ڕەشەمە کاتژمێر ٦ی بەیانی تەقە لە کۆخی «عەبەشەریف» دەستی پێکرد. زۆربەی شوێنە ئەستەمەکان لە پاوانی هێزی دوژمندا بوون. بۆیە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان ئەرکیان بۆ دیاری دەکرێ کە لە هێزی چەکوچی ڕێژیم بدەن، چونکی بە شکانی هێزی چەکوچ لە بنەڕەتدا هێزی «سندان»یش شکاوە. دوای ئەو بڕیارە پێشمەرگەکان هەموو توانای خۆیان وەگەڕ خست و گرینگترین نوقتەی ستراتیژیی شەڕگەیان گرت. بەگرتنی بەرزایییەکانی شەڕگە پێوەندیی بەشێکی زۆری هێزی ڕێژیم کە خۆیان بۆ ڕووناکی هەوا ئامادە کردبوو پچڕا و، تووشی سەرلێشیواوی هاتن؛ بەتایبەت بەگیرانی چەند بێسیمی هێزەکانی ڕێژیم هێزی چەکوچ بە تەواوی تووشی سەرلێشیواوی و پەرشوبڵاوی بوو. شەڕ لە هەموو شەڕگەکان دەستی پێکرد و. دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکان خۆیان لە هێزی «سندان» نێزیک کردەوە و بە گورجی لێیان دان. ڕێژیم لە ماوەیەکی کەمدا کە هەر بە خەیاڵیشیدا نەدەهات شکستی خوارد و هێزی پێشمەرگە لە ماوەی ٥ سەعات شەڕدا هەموو شوێنێکیان لە هێزی داگیرکەر پاک کردەوە. پاشان هێزی یارمەتیدەر کە ئەویش چاوەڕوانی ئەو شکانە نەبوو بە چەکی قورس و نیوە قورس دەستبەکار بوون و سەنگەری پێشمەرگەیان ئاورباران کرد، کەچی بەو حاڵەش هێزەکانی دوژمن ورەی هاتنە پێشیان نەبوو... ئەوەش لە خۆڕا نەبوو، چونکی لە ماوەی ئەو چەند سەعاتەی یەکەمی شەڕدا زیاتر لە ١٠٠ کەسیان لێ کوژرابوو و بریندار ببوون. هەروەها چەند کەسیشیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە بە دیل گیرابوو و بەدەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆریان کەوتبووە بەر دەستی هێزی پێشمەرگە.
سەرکەوتن لەو شەڕە بۆ پێشمەرگە بوو، بەڵام خوێنبایی ئەو سەربەرزییە گیانی پاکی ٣ قارەمان بە ناوەکانی عەبدول فاتحی، کەریم قادری و عەبدوڵڵا ڕەحیمی بوو. دیارە شەهیدبوونی سێ ڕۆڵەی نیشتمان ئازارێکی بەژان بوو، بەڵام مایەپووچکردنەوەی تاکتیکی نیزامیی دوژمن بۆ پێشمەرگە دەسکەوتێکی گەورە بوو.

# زیندانیانی نوێی کتێب لە ئێراندا



حەسەن حاتەمی



سەرەتای ئەم مانگە لە زمانی سەرۆکی پۆلیسی تارانەوە بڵاو کرایەوە کە، عەمەلیاتێک بۆ گیران و دەستبەسەر داگرتنی کتێب گەلێکی «غیرە مجاز» ئەنجام دراوە و ١٥ کەس لەو پێوەندییەدا، گیراون.
لەو عەمەلیاتەدا، ڕادەی ٣٣٣ هەزار بەرگ کتێبی قاچاغ و بەکارنەهاتوو- لە ڕوانگەی ئەو بەرپرسە- لە ١٦ عەمباردا بەشێوەی هاوئاهەنگ دەستی بەسەردا گیرا. وترا کە ئەو کتێبانە، لە ٩٠٠ شوێنی «غیرە مجاز»دا دەفرۆشران. نێوەرۆکی ٢٠ هەزار بەرگی ئەو کتێبانە بەپێی بۆچوونی بەشی بازڕەسیی پۆلیس، سیاسی و دژی دەسەڵاتی حاکم بەسەر ئێراندا بوون. هەروەها، پێشتریش لە جۆزەردانی ئەمساڵدا، لە عەمەلیاتێکی دیکەدا، ١٠ وانێت کتێب _ لەو جۆرەی باسیان کرا_ دەستیان بەسەردا گیرا و ٣ کەس لەو پێوەندییەدا، گیران.
پۆلیس بۆ پاساو هێنانەوە بۆ ئەو کارەیان دەڵێ «بۆ پشتیوانی لە چاپ و بڵاوکردەوونەوەی کتێب بە شێوەی ئاشکرا و بە نێوەرۆکی گونجاو و هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب ئەو عەمەلیاتانەیان کردووە. (١)
دەسەڵاتی سەرەڕۆیی نزیک ٤٠ ساڵەی ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا کە بە شێوەیەکی تایبەت، دەسەڵاتی تەنانەت سەقەتی کۆماریی خۆی بە بارمتە گرتووە و لە ئەسڵی ١١٠ی یاسای بنچینەییدا، وەلی موتڵەقەی فەقیهـ بە شێوەیەکی بەرفراوان دەستی ئاوەڵایە، چەوت و ئیدۆلۆژیک ڕوانیویەتە کتێب و کتێب خوێنان. بەتایبەتی ئارامی، بایەخی زانیاری، عادەت گرتن بە خوێندنەوەی کتێب لە سەرەتای ژیان و لە منداڵیدا _٤ هەتا ١٠ ساڵی_ خوێندن بە زمانی دایک، یەکێک لە پێویستییەکانی شکڵگرتنی کەسایەتییەکانی مرۆڤە کە، لەگەڵ قامووسی ڕێژیمی دژی زانستی و دژی مرۆڤایەتیی ئازاد و ماف تەوەردا، ناگونجێ.
ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە پێکهاتەی حەشیمەتیی ئێراندا کە لە شەش نەتەوەی سەرەکی پێک دێن و هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی زمانی تایبەتیی خۆی هەیە و پێویستە بە ڕەسمی بناسرێن و ئازاد بن و هەر یەکەی لەو زمانانەش زاراوە گەلێکیان هەیە کە ئاخاوتنیان پێ دەکرێ و بەشێکیش کتێب و مەتڵەبیان پێ دەنووسرێ و بڵاو دەکرێنەوە. کەچی ڕێژیمی ئیسلامی _ خەڵکانی ئێران موکەللەف بە جێبەجێکردنی بڕیارە دژی گەلییەکانییان دەزانن، نەک ئەوەی خۆیان بە بەرپرسی ویست و داخوازییە ڕەواکانی گەلانی ئێران بزانن!
بۆیە، کتێبەکانی مێژوویی، چیرۆک، شێعر، پەخشان، ڕۆمان، کورتە چیرۆک و... بەشێکی بەناچاری و بەنهێنی یا بە قەولی ئەمڕۆیی «ژێر عەرزی» بەرهەم دەهێنرێن. چونکە فەرهەنگ و فولکلۆری نووسراو و بەرهەمێنراو، زۆرترین تیغ و چەقۆی سانسۆڕی لەسەرە.
لەو پێوەندییەدا پێویستە ئاماژە بە دیاردەی «شۆڕشی فەرهەنگی» بکرێ کە لە ساڵی ١٣٥٩ هێنرایە نێو زانستگەکان و دواتر ڕێکخراوە گەلێکی پشتیوانی بۆ درووست کرا. سەرەڕای دەرکردنی سەدان مامۆستا و پسپۆڕ لە زانستگەکان، بە تاوانی بیری ڕۆژئاوایی هەم دەستییان لە نێوەرۆکی کتێبە زانستگەیی و دواتر لە ڕەدەی قۆناغی دوا ناوەندیی خوێندندا وەردا و هەم بە ناوی ئیسلامیکردن و گونجاندنیان لەگەڵ وەزعی سەردەم بە شێوەی ئیسلامی و پێکهێنانی یەکیەتیی حەوزەی عیلمییەی قوم و زانستگەکان، زۆربەی کتێبەکانیان لە نێوەرۆک بەتاڵ کرد. زۆرترین فشار لەو بوارەدا، بۆ بەشی زانستە ئینسانییەکان هێنرا.
لەو بوارەدا، دکتور سادق زیباکەلام دەڵێ: «زەمان سەلماندی کە ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامی نەهاتنە دی. بەتایبەتی لە بواری زانستە مرۆییەکاندا کە بڕوایان وابوو، وانەکانی ئەو زانستە کە لەسەر فەلسەفەی ڕۆژئاوایی بونیاد نراوە، سێکۆلاریسم لە زانستگەکاندا پەرە پێدەدەن و لە کۆمەڵگەیەکدا کە، ٩٨٪ ی خەڵکەکەی دەنگیان بە نیزامێکی ئیسلامی داوە نابێ ڕوانگەی ڕۆژئاوایی تەوەری باسەکان و نێورۆکی کتێبەکانی بێ و...» (٢)
بە گشتیی وەزعییەتی بازاڕی کتێب لە ئێراندا، زۆر کەساد و وەرشکستەیە و کەم نێوەرۆک یا بەتاڵ کراوە لە نێوەرۆکی باش، هەرچەند، بۆتە هۆی زێدەخۆریی (ڕانت خواری) کەسانی پشتیوان و دەهۆڵکوتی ڕێژیم لە لایەک. لە لایەکی دیکەش جگە لە وەی زۆر نووسەر و وەرگێڕی بەتوانا لەنێو نەتەوەکانی وڵاتدا، هەن کتێب گەلی زۆر جێی سەرنج دەنووسن یا تەرجەمەی دەکەنەوە، کەچی بەشی سانسۆڕ ئیزنی بڵاو کرانەوەیان پێ نادا و ناچارن بەنهێنی بەرهەم بهێندرێن. یا لە دەرەوە لە چاپ بدرێن و بۆ نێوخۆ بەڕێ بکرێن. لەو حاڵەتە دایە، خەڵکانی کتێب خوێن یا کتێب خۆشەویست پێشوازیی گەرمی لێ دەکەن. لەو بوارەشدا، ڕۆڵی «وزارەتی ئیرشاد»ی ڕێژیم، یەکێک لە شوێنە پڕکێشەکانی ئەو نیزامە سەرەڕۆیەیە. بەڵام بە هەموو دەسەڵات و دامودەزگاکانی ئەو شوێنە نەیتوانیوە، بە مەبەستەکانی بگا. بۆیە لەو ساتەدا پرسیار ئەوەیە لە کاتێکدا کە گەلانی بەرایی لە ئێران، لەژێر باری قورسی نالەباری ئابووری و گیرۆدەی گەمارۆیەکی زۆر سەخت و دژوار و کەم وێنە دان، مەترسی گرانی و ئاوسان، بێکاریی پتر و دابەزینی زیاتری نرخی دراو، ترس لە شۆڕشی برسییەکان، سێبەری شەڕێکی زۆر مەترسیدار، کە جگە لە دەسەڵاتداران لێی بەرپرس نین، هێزە ئینتیزامییەکانی ڕێژیم بۆ هێرش بۆ کتێب و کتێب فرۆشانی ئازا و بوێر دەکەن؟
ڕێژیم ئێستا کەوتووەتە بارودۆخێکەوە هەر کار و جووڵەیەکی خەڵکی کە گەشە بە مەدەنییەت و شارستانییەت و عەقڵانییەت بدا، وەک مەسەلەیەکی ئەمنییەتی و زیان بۆ سەر دەسەڵاتە نگریسەکەی سەیری دەکا و هێرشی دەکاتە سەر و تێکۆشەرانی ئەو بوارانە دەستبەسەر و زیندانی دەکا. کتێبخانەی دەستفرۆشەکانی تاران لە سێ مانگی ڕابردوودا، دوو جار، لەلایەن بەشی بەناو ئەمنییەت _بخوێنەوە بەشی سەرکوت و تەپەسەری_ هێرشی کراوەتە سەر و، خراوەتە خانەی ئەمنییەتی و جێی مەترسی. هەروەها، دەکرێ کتێبی ئازاد، لە خانەی ترس لە زانیاریی خەڵک پەسند و بیبڕوایی بە کتێب و بڵاوکراوەکانی بێ نێوەرۆکی ڕێژیمش خوێندنەوەی بۆ بکرێ.
جێی سەرنجە ئەو ڕێژیمە سەرکوتگەرە لە کاتێکدا دژی کتێب و کتێبخانەی پڕ لە زانیاری و عەقڵانییە کە هەم ئۆگر و خوێنەریان زۆرە و هەم جێی مەترسین بۆ فێڵ و تەڵەکەکانی ڕێژیم و دواکەوتوویی فیکری، کە جیهانی پێشکەتوو خەریکی شەپۆلێکی نوێی تێکنۆلۆژییە کە بە «شۆڕشی ماشێنیی دوویەم» (٣) ناوی دەبرێ و بە خێراترین کات مەسەلەکان، لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە گوێ، زار و چاوەکانی بە میلیارد خەڵکی دنیای دەگەیەنن. لەو دۆخەدا نە سانسۆڕ باوی دەمێنێ و دادیان دەدا و نە بە هێرش بۆسەر کۆگاکانی کتێب و کتێبخانە دەستفرۆشییەکان دەتوانێ پێشی پێ بگرێ.
دوکتور عەبباس میلانی لە کۆبووەوەیەکدا کە بۆ باس لەسەر پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و ناکارامەیی و شکستی بێ ئەملاولای گرتبوو، باسی لەوە دەکرد کە: «دەرکەوتووە هەتا دوو ساڵ لەمەوبەر پتر لە ٦٠٪ ی نووسەرانی کتێب لە ئێران ژن بوون... خەباتی مەدەنیی ژنان هەر لە ڕۆژانی سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی ئەو ڕێژیمە لە ئارادا بووە و لەو ٤٠ ساڵەدا، سەرکەوتنی زۆری وەدست هێناوە و زۆرترین چالنجی بۆ ڕێژیم درووست کردوە».(٤)
لە هێرشی تێرۆریستیی ١٧ ی خەرمانان بۆ قەڵای دێموکراتیشدا، یەکێک لەو شوێنانەی پێکرا، کتێبخانەی گشتیی و بەنێوەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو و دوو پێشمەرگەی خەباتکاری بەڕابردووش، خەدیجە پوورمەند و گوڵاڵە محەممەدزادە بریندار بوون. ئەو کتێبخانەیە بە دروشمی «کتێب باشترین دۆستی مرۆڤە»، خزمەتێکی زۆری بە پێگەیاندنی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب کردووە، و بەردەوام دەبێ لە ڕێی زانیاری گەیاندن بە تێکۆشەران و ئۆگرانی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە دابێ.
بە ڕوانینێکی سەرەتایی لە ئاکارە ناکارەمەیییەکانی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەو بوارەدا، بەو ئاکامە دەگەین کە، کتێبی بەنێوەرۆک و بەرهەمی بیری ژیربێژی و مەنیتقی، وەک دوژمنێکی پڕ مەترسی سەیر دەکرێ و خەڵکانی ئۆگری کتێب و کتێب خوێندەوە کە سەرچاوە جێی متمانەکەیان پتر شوێنە دەستفرۆشەکانە، بەو جۆرەی باسی کرا هێرشیان دەکرێتە سەر. کتێبەکان دەستیان بەسەردا دەگیرێ و کتێب فرۆشەکانیش بەداخەوە زیندانی دەکرێن. بۆیە پێویستە لەمەو بەدواوە، لە کارنامەی پڕ لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ _لە زۆربەی بوارەکانی ژیانی ئینسانی لە ئێراندا_ کە هەموو ساڵێ مەحکووم دەکرێ، ئەمساڵ هێرش بۆ سەر کتێب و کتێبخانەشی لێ زیاد کرێ و گوشار بۆ ئازادکردنی زیندانییانی کتێب لە ئێراندا، بە زیندانیانی سیاسیی زیاد کرێ و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێوخۆیی و نێونەتەوەییەکان لە چوارچێوەی مافی کتێب وەخوێناندا، وەک فایلێکی نوێ و جیاواز، گرینگی پێ بدرێ.

سەرچاوەکان:
١- سایت، اخبار روز، ١ آبان ١٣٩٧ (٢٣ اکتبر ٢٠١٨)
٢- ویکی پدیا
٣ و ٤- یوتیوب، دکتر عباس میلانی، بحران ساختار کنونی ایران و چشم انداز آینده.

***

درێژەی:

# ئێران دینامۆی سەرەکیی ناسەقامگیرکردنی ناوچەیە

**هەواڵگریی ئیسرائیل ئیددیعا دەکا کە ئێران ٦-٣ مانگ لە بەرهەمهێنانی بۆمب دوور بوو؟**

بە گوێرەی گەلێک ڕاپۆرتی مێدیاکان، ئەوە درووستترە کە بڵێین ئێران تەنیا چەند مانگ لەوە دوور بوو کە هێندە ئۆرانیۆمی زۆر پیتێندراوی هەبێ کە بەشی بۆمبێک بکا. کاری زۆرتر پێویست بوو تا خودی بۆمبەکە درووست بکەن.

**دەتوانی ئامانجەکانی گەمارۆکان پێناسە بکەی؟**

گەمارۆکان دەبێ ببنە هۆی یەکلابوونەوەی ڕێبەرانی ئێران. کامیان پێ باشترە: دەستێوەردان لە ناوچە یا سەقامگیریی ئابووری و سیاسی لەنێوخۆ. لەبەرئەوهۆیە، من پشتگیریی لە سیاسەتی گەمارۆی بەهێزتر دەکەم.
ئێران بەهەمان شێوە ڕووبەڕووی کێشەی جێنشینیی خامنەییش بۆتەوە. کێ جێگای ڕێبەری گەورە بگرێتەوە و کام شۆڕش بۆ ئەو بە میرات بەجێ دەمێنێ؟ ئەو پرسە دەبێ ڕێبەری گەورەی ئێستا زۆر نیگەران بکا. ئێرانییەکان هەروەها بەرەو هەڵبژاردنی پارلمان لە ٢٠٢٠ و هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی لە ٢٠٢١ دەچن. خەڵکی ئێران دەتوانن کەڵک لەو دەرفەتانە بۆ گۆڕینی دەوڵەت وەرگرن.
من پێموایە کە ڕێژیم لە کۆتاییدا دەڕووخێ بەڵام توانایی کەڵکوەرگرتنی لە توندوتیژیی کاری پێشبینیکردنی کاتی ڕووخان دژوار دەکا. من دەزانم کە کاتێک ئەوە قەوما، هیچ کەس پێی سەیر نابێ.

***

# چپەت لە گوێی ڃ جەنازەمدا قەڵەشی ئاوێنەکانی زەوی زیاد دەکا



هەڵاڵە سۆهرابی

ئەمرۆ وەک هەموو ڕۆژەکانیتر کاتژمێر ٦و نیو وەخەبەر هاتم پێش ئەوەی بچم سەبا وەخەبەر بێنم و بەڕێیکەمەوە بۆ قوتابخانە دەستم برد بۆ موبایلەکەم و وەک عادەتی هەمیشەییم خێرا چوومە نێو فایلی یادداشتەکانی ڕۆژانەوە و بێ ئەوەی بیر لە ڕووداو یان شتێکی ناخۆش بکەمەوە ئەم ڕستەیەم یاداشت کرد:
« چپەت لە گوێی ڃ جەنازەمدا قەڵەشی ئاوێنەکانی زەوی زیاد دەکا «
... هەموو ئەوانە نیو سەعاتی خایاند هاتمەوە سەر موبایلەکەم و یەکەم هەواڵم بینی، تاسام. گریام
نەمدەزانی چی بکەم

ئەو کاتانەی ژان گوشارم بۆ دێنێ
پەنا دەبەم بۆ نووسین
ئێش و ئازار تلم دەدا پەنا دەبەم بۆ نووسین
تانە و تۆمەت و تەشەر دەمتاسێنێ، پەنا دەبەم بۆ نووسین
لای چەپم دەست دەکا بە زریکە
پەنا دەبەم بۆ نووسین
دڵم دەبێتە بەرد
دڵت دەبێتە بەرد
دڵمان دەبێتە بەرد
پەنا دەبەم بۆ نووسین
گریان چارەسەرم ناکا پەنا دەبەم بۆ نووسین
فەرمێسکەکانم ویشک دەبن پەنا دەبەم بۆ نووسین
تووڕە دەبم
تووڕەم دەکەن
پەنا دەبەم بۆ نووسین.
لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرم پەنا دەبەم بۆ نووسین
ئێستا کە بیر دەکەمەوە هەتاااااا هەر پەنامان بردووە بۆ نووسین
شک نابەم لەبێکاری و بێتاقەتیدا شێعر و چیرۆکمان نووسیبێ،
هەمیشە ڕەنجەکان بێ دەرەتان بوون

بەڵام مەخابن
ڕۆژێک دێت کە ئیتر تۆ نیت بنووسی
قامکەکانت بێدەنگ دەبن
سەرت لە لێدان دەکەوێ
ڕەنجەکان لە ناختدا دەنێژرێن
لای مرۆڤەکان دەبیتە یادەوەری
هەستەکانی ئەم وڵاتە دوای تۆ سەبووریی نایا
وشە سەبووریی نایا
چیرۆک سەبووریی نایا
شێعر سەبووریی نایا
نووسین سەبووریی نایا

ڕۆژێک نەبین وشە بیرمان دەکا
چیرۆک بیرمان دەکا
شیعر بیرمان دەکا
نووسین بیرمان دەکا

مەرگ نەبێ
کێ دەتوانێ وشەمان لێ بستێنێتەوە و دابڕاومان کا لە نووسین... ها خاتوون؟
ئێمە کە تەنیا کەسمان وشەیە و وشەیە و وشە

ئێستا خاتوون گیان ئەوە منم
ئەو ژنەی لە مێژ بوو دڵی ببوو بە بەرد
لەمێژ بوو پڕ ببوو لە پارادۆکس
لەمێژ بوو گەندەڵییەکانی دەسەڵاتداران و کارەساتە بەردەوامەکانی ئەم ڕۆژانە ڕێی خەمگینی بۆ نەهێشتبۆوە غەیری تووڕەیی و ڕقئەستووری نەبێ. ئێستا ئەوە منم دڵم تواوەتەوە و خەریکم دوای کۆچی تۆ بۆ تۆ دەنووسم بۆ هەموو ژنانی ڕووناکبیر و تێکۆشەر وا هەست بە ئازاری مرۆڤ دەکەن وا لە بەرانبەر چەوساوەیی و زوڵمدا بێ هەڵوێست نین و پێنووسیان چەکیانە.
کە یادت دەدرەوشێتەوە ئازیز!

١٣٩٧/٨/١٤

* لە فەیسبووکی شاعیر وەرگیراوە



# هەواڵێکی کتوپڕ و خەمێکی گورجوبڕ



عەبدوڵڵا حەسەنزادە

بەیانیی ڕۆژی دووشەممە ١٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ بەرامبەری ٥ی نۆڤامبری ٢٠١٨ بە عادەتی ڕۆژانە ئینتەرنێتم کردەوە و چاوێکم بە هەواڵ و ڕوداوەکاندا گێڕا. هێشتا پێنج دەقیقە تێ نەپەڕیبوو بەرەوڕووی خەبەرێکی بەڕاستی دڵتەزێن بوومەوە کە ئیدی نەمتوانی درێژە بدەم و لاپتاپەکەمم وێک نا. دوکتۆر سەعدی قازی لە مەتنێکی کورتی هەشت نۆ دە خەتیدا بە زمانێکی ئەدەبی و پڕهەست کە دەکرێ بڵێم زووخاوی ژان و خەفەتی لێ دەچۆڕا هەواڵی مەرگی ژنە نووسەر و تێکۆشەری کورد و، خوشکی خۆی مریەم خانمی قازیی ڕاگەیاندبوو، بێ ئەوەش کە ئاماژەیەک بە پێوەندیی خوشک و برایەتیی خۆیان بکا. ناڵێم باوەڕم نەکرد، بەڵام بەڕاستی نەمدەویست قبووڵ بکەم کە دێوەزمەی مەرگ جارێکی دیکە شاڵاوی هێناوە و خەسارێکی وا قورسی لە بنەماڵەی قازی، لە کۆڕی ئەدیبان و قەڵەمبەدەستان، لە بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد و بەگشتی لە خەڵکی شارە جوانیپەروەر و قارەمانپەروەرەکەی مەهاباد و گەلی کورد داوە.
مریەم خانمی جوانەمەرگ کچی بەڕێز کاک مستەفای قازی و یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵە ناودار و بەبەهرەکەی قازی کەریم بوو کە «گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە» ئەدەب و هونەر و جوانی و شۆڕشگێری و ئازایەتی لە هەناویدا مۆنجی دەدا. ئەوانەی بەرهەمی فکر و قەڵەمی مریەمی قازییان دیوە و خوێندۆتەوە دەزانن کە ئەو خانمە بەڕێزە چ بەهرەیەکی بەرفرەوانی لە بواری ئەدەبی کوردیدا پێ بڕابوو، و ئەوانەش کە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەگەڵی بوون شاهیدی دەدەن کە خاوەنی چ هەستێکی ئاگرینی نەتەوەپەرستی و چ غیرەت و ئازایەتییەکی کوردانە بوو.
دوژمنانی ئازادی لە دامودەزگای کۆماری ئیسلامیدا زۆریان هەوڵ دا مریەمی قازی بێدەنگ بکەن و نەهێڵن بیروباوەڕی ئازادیخوازانەی خۆی لەنێو کیژ و لاوانی کورددا بڵاو بکاتەوە. چەندین جاریان پەلکێشی دەزگا ئیتتیلاعاتییەکان کرد و خستیانە بەر لێکۆڵینەوە و تەنانەت ڕەوانەی زیندانیان کرد، بەڵام ئاگرێک لە هەستی نیشتمانپەروەری کە لە دەروونی ئەو شێرەژنەدا داییسا لەوانە نەبوو کە بەلافاوی ڕق و قینی کۆنەپەرستان بکوژێتەوە و هەرجارەی شێلگیرتر لە جاری پێشتر دەهاتەوە مەیدان و زمان و قەڵەمی بۆ خزمەت بە بڵاوکردنەوەی هەست و هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکەوتنەوە گەڕ. هەر بۆیەش ئەو خانمە هەر لەتەمەنێکی زۆر کەمەوە جێگای خۆی لەنێو کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکاندا کردەوە و چ جێگەوپێگەیەکیش؟
تا ئەو جێگایە کە بۆخۆم بزانم مریەمی قازی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبوو. بەڵام چەندی بتەوێ بەرامبەر بەمەسەلەی ماف و ئازادییەکانی کورد دەروەست و بەرپرس بوو. هەربۆیەش پێوەندییەکی ڕووحی و ڕەوانیی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و بەتایبەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، حیزبەکەی قازی محەممەدی «مام»یدا هەبوو. ئەو پێوەندییە نەک هەر پێوندییەکی مەعنەوی بەڵکوو پێوەندیی هاوفیکری و هاوکاری بە ڕادەی گونجاویش بوو. هەر ئەوەندە بەسە کە بزانین دەگەڵ هەموو چاوەدێرییەکی دەزگا جاسووسییەکانی کۆماری ئیسلامی کە لەسەر ئەو و کەسانی وەک ئەو هەبوو، لە هاتوچۆیەکانی بۆ هەرێمی کوردستاندا تێکۆشەرانی حیزبی دێموکڕاتی دەدیت و تەنانەت دەهاتە سەردانیشیان و ئاڵوگۆڕی بیروڕای دەگەڵ دەکردن.
لەبەر هەمووی ئەمانە ئەمن جوانەمەرگبوونی مریەم خانمی قازی بە خەسارێکی گەورە بۆ هەموو میللەتی کورد، بەتایبەتی کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکان و بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان دەزانم.
بەبۆنەی ئەو خەسارە مەزنەوە پڕبەدڵ سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی کاک مستەفای قازی و تێکڕای بنەماڵەی گەورەی قازییەکان و سەرجەم خەڵکی کوردستان بەتایبەتی کۆڕوکۆمەڵە ئەدەبی و ڕووناکبیرییەکان دەکەم. ئاواتەخوازم گیانی مریەم خانم بە بەهەشتی بەرین شاد بێ، ئەو ئاواتە پیرۆزانەی بە جوانەمەرگی بردنیە بن گڵ وەدی بێن و کەسوکار و نیزیکانی سڵامەت بن. ڕووحی شاد و ئاواتەکانی بەرقەرار.

# سەردوولکانە و چەمەرچۆپی



ئەحمەد قادری



ئەی شەهیدانی سەربەرزی ڕۆژی حەڤدەی خەرمانانی قەڵای بەرزی دێموکراتم!
ئەی مەشخەڵی داگیرساوی ڕێگای ئەستەمی خەباتم
نازانم چۆن، بەکام زمان، کەسایەتیی بەرزی ئێوە بنرخێنم؟
بە چ وشەو ڕستە و دێڕێک، ڕووحی مەزنتان بدوێنم؟
تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە کۆیە، بە کام جینایەتی ڕێژیم بشوبهێنم؟
ئەو کارەساتە سامناکە، بەکام تەرازووی کام ویژدان هەڵسەنگێنم؟
بە چ هێزێک تۆڵەی خوێنی بە ناحەق ڕژاوی ئێوە لە دوژمنی کورد وەستێنم؟
نازانم بە چ ئاهەنگێک، سەردوولکانەو بۆ هەڵدەم و، چەمەرچۆپی وەڕێ خەم و کوڵی دڵم دامرکێنم؟
بەکام سۆز و نەوای شمشاڵ، گەرمە شینتان وەلاوێنم؟
هەستی دەروونی گڕگرتووم بە چ لەونێک بدرکێنم ؟
سەهۆڵبەندانی پەژارەی شەهید بوونتان بە کام تیشکی خۆری ئازادیی وەتوێنم؟
چۆن بتوانم ناوی هەرمان و زیندووتان بۆ مێژووی گەلم تۆمار کەم؟
بە چ هێزێک چیای هەزار بە هەزاری کەسایەتیتان هەموار کەم؟
ئاخر قەندیل و هەڵگورد تاقۆسان چیای ژیلوان
نەکەرۆز و گیاڕەنگ و چیای زمزیران
کەلیخان و شاهۆ و ئاربابا و کێلەشین
داشامەجید و شانشین
لە کام دێڕی هۆنراوەمدا بگونجێنم ؟
چۆمی گادەر و زرێوار، لە کۆجەڵەی شیعرمدا چۆن بحەجمێنم؟
ئەو ڕووداوە جەرگبڕ و خەمێنەر و دڵتەزێنە
ئەو کارەساتە سامناک و، ویژدانی زیندوو هەژێنە
کوردستانی زام هەڵگرتووی هەژاندەوە
گەلی کوردی خاوەن مێژووی بۆ خەباتی جەماوەری هەستاندوە
جۆشدانەوەی هاو پەیوەندیی، هێزە خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵات بوو قۆناغێکی لە نوێی شۆڕش و خەبات بووئەو هەڵوێستە بوێرانەی خۆڕاگرانی ڕۆژهەڵات
گوڕوتینێکی لە نوێ بوو، بۆ ڕەوتی داهاتووی خەبات
هاوپێوەندی و هاوخەمیی ئەو خەڵکە دڵ پڕ ئازارە

ئەو یەکدەنگی و یەک هەڵویستی و یەک وتارە
مستەکۆڵی جەرگبڕ بوو، لەگورچووی دوژمنان درا
بۆ خەبات و خۆڕاگریی داهاتوومان، بوو بە مەشخەڵ و شەوچرا
هێز و گوڕی پێ داینەوە بۆ گیانبازی
هانی داین توندوتۆتر بپێوین ڕێی سەرفیرازی
ئەو هەڵچوون و خرۆشانە
ئەو هەڵوێستە جوامێرانە
سەلماندیەوە کورد یەک گەلە و، کوردستان یەک نیشتمانە
خاوەنی مێژووی هاوبەش و تێکۆشانی بێوچانە
لە ڕۆژی ترس و تەنگانە، کۆسپ و لەمپەر نای وەستێنێ
بە هێزی باوەڕ و ئیمان، سنووران تێک دەبەزێنێ
لە باشوور و لە ڕۆژهەڵات نیشانی دا
دوژمن هەرچەند خاوەن هێز بێ، ئیرادەی گەل تێک ناشکێنێ
بەزەبرو زۆر وکۆشتوبڕ، خەباتگێڕان نابەزێنێ
ئاڵای خەبات شەکاوەیە و، حیزبی پێشەوا هەرماوە
لەبەر زەبری داگیرکەران، هیچکات چۆکی دانەداوە
تۆڵەی خوێنی شەهیدانی ڕۆژی حەڤدەی خەرمانانی، تێکۆشان و نەوەستانە
خۆڕاگری و نەسرەوتن و ڕاپەڕین و بەرخۆدانە
هەدا نادا تا ئەو ڕۆژەی، ئاواتی بەرزی شەهیدان وەدی دێنێ
باخچەی ئاوات و خۆزیاکان، دەخەملێنێ
تا ئەو ڕۆژەی، (زوڵم ئەستووریی دەپسێ
زستان دەڕوا و، ڕووڕەشیی بە خەلووز دەبڕێ)
***

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 737 6 november 2018



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647507548621

Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی



عەلی بداغی

# تێرۆریزمی دەوڵەتی و سەری مارەکە!

هێشتا چەند ڕۆژێک لە کاردانەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێرۆری خاشقچی و مەحکوومکردنی عەرەبستانی سعوودی سەبارەت بەو کوشتنە سیاسییە لەلایەن دەمراستەکانی ڕێژیمەوە تێ نەپەڕیبوو کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی وڵاتی دانمارک ڕایانگەیاند پیلانێکی تێرۆریستییان لە وڵاتەکەیان پووچەڵ کردووەتەوە کە بڕیارەکەی لە ئێرانەوە دراوە.

وەزارەتی دەرەوەی دانمارک دەسبەجێ باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بانگ کرد و بڕیاری دا باڵوێزی خۆی لەو وڵاتە بکێشێتەوە. هەروەها دەوڵەتی دانمارک داوای لە یەکیەتیی ئورووپا کردووە کە سەبارەت بەو کردەوانەی کۆماری ئیسلامی لە خاکی ئورووپادا سزا و گەمارۆ بخاتە سەر ئێران. ئاشکرابوونی ئەم پیلانە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدایە کە ڕێژیم هێشتا ژانەسەری دەسبەسەرکرانی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆمات تێرۆریستەکەی لە کۆڵ نەبووەتەوە کە سەبارەت بە هەوڵێکی تێرۆریستیی بێئەنجام بۆ سەر کۆبوونەوەیەکی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی لە فەڕانسە لە بێلژیک دەسبەسەر کراوە.

پێش ئەوەش لە هولەند شوێنپێی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری دوو کەس لە ئەندامانی ئۆپۆزیسۆنی ئێراندا هەڵ گیرابوو. لە ئاڵمان و بێلژیکیش چەند تیمێکی تێرۆریستیی سەر بە کۆماری ئیسلامی پێش ئەوەی بتوانن پیلانەکانیان سەر بخەن؛ ئاشکرا بوون و پێشیان پێ گیرا.

***

پێشینەی کردەوەی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی وەک نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی بۆ پێش دامەزرانی ئەم ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی کە ڕێبەرانی ئێستای ڕێژیم و هێزی دژبەری ڕێژیمی پاشایەتیی پێشوو لە چەکی تێرۆر هەم بۆ تێرۆری دژبەرانی فیکریی خۆیان _وەک ئەحمەد کەسرەوی_ و؛ هەم بۆ تێرۆری کاربەدەستانی سەرووی حوکمەت _وەک عەلی ڕەزمئارا، عەبدولحوسێن هەژیر، حەسەنعەلی مەنسوور، سێ سەرۆک وەزیرانی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی_ کەلکیان وەردەگرت. لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندن هەم بۆ نەهێشتنی دژبەران و هەم بۆ زاڵکردنی کەشی سەرکوت و، هەم لەپێناو جێبەجێکردنی سیاسەت و وێژمانی «ناردنە دەرەوە»ی شۆڕش! بوو بە نێوەرۆک و بەشی جیانەکراوە لە پێناسە و جەوهەری کۆماری ئیسلامی.

لەو کاتەوە تا ئێستا چوار دەیەیە باڵوێزخانە و نووسینگەکانی نوێنەرایەتیی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان شوێنی داڕشتن و جێبەجێکردنی پیلانە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمن. بە درێژایی ئەم ساڵانە زیاتر لە٢٥٠ چالاکی سیاسی و دژبەری نیزام لە وڵاتانی ئورووپایی و زیاتر لە ٤٠٠ تێکۆشەری سیاسیی کوردی دژبەری ڕێژیم لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی تۆڕ و تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە کوژراون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون. ئەوەی لەو نێوەدا بارتەقای تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی گرینگە سیاسەتی هەڵکردنی وڵاتانی ئورووپاییە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا، کە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان چاویان لە تەڕاتێنی تیمە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی نووقاندوە و، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم عەمەلیاتە تێرۆریستییانە تێچوویەکی ئەوتۆی بۆ ڕێژیم نەبێ و بە بەردەوامی دەستی بۆ کوشتن و لەنێوبردنی دژبەرە سیاسییەکانی ئاوەڵا بێ.

ئێستا پرسیار ئەوەیە ئاخۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشت لە تێرۆر دەکا؟ چی وای کردبوو کە ڕێژیم ماوەیەک دەستی لە کردەوە تێرۆریستییەکانی لە ئورووپادا پاراستبوو و ئێستا چۆنە بێ هیچ داڵغە و حاشا و شاردنەوەیەک و بە بەرچاوی دنیا تیر و شیر لە دژبەرانی دەسوێ؟

تێرۆر بۆ کۆماری ئیسلامی تەنیا چەکێک بۆ لەنێوبردنی دژبەرانی نییە، بەڵکوو جەوهەرێکی پیرۆزی بۆیان هەیە و بەپێی خوێندەوە ئیدۆلۆژیکییەکانیان ڕەوایی پیرۆز و ئامانجداری هەیە. بۆیە لەهەر جێیەک و لەهەر هەلومەرجێکدا بواری لەبار بۆ سەرکەوتنی تیمە تێرۆریستییەکانی خۆش بێ، بە تامەزرۆییەوە بەرەو پیلی دەچن. بۆیە ئەگەر لە چەند برگە و قۆناغێکی تەمەنی ئەم ڕێژیمەدا مەودای کورتماوەیان لەگەڵ کردەوەی تێرۆریستی گرتبێ _ کە ئەوەش دواخستنی تێرۆر نەک ڕاگرتنی بووە_ هۆکارەکەی نەک بۆ گۆڕانکاری لەو خوێندنەوەیە، بەڵکوو تەنیا بۆ تێکچوونی باڵانسی دەسکەوت و تێچووی قورسی کردەوە تێرۆریستییەکانیان لەو کاتە تایبەتییانەدا دەگەڕێتەوە.

ڕووداوەکانی ئەم دواییانە وەک، تێرۆری شەوی یەلدای بەر بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک کۆیە، تێرۆری چەند کادر و ئەندامی حیزبی دێموکرات لە چەند شارێکی هەرێمی کوردستان، تێرۆر و کوشتنی چەند زانایەکی بوارە جۆراوجۆرەکان لە نێوخۆی وڵات، مووشەکباران کردنی قەڵای دێموکرات، مووشەک تێگرتن لە ناوچەیەکی بندەسەڵاتی دژبەری بەشار ئەسەد لە سووریە، شوێنهەڵگرتنی تیمە تێرۆریستییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە چەند وڵاتێکی ئورووپایی دەری دەخەن کە ئەم ڕێژیمە ئیدی گوێی لە بەدناوی و مەحکوومکردن و ڕیسواییەکان لە دنیای دەرەوە نییە. وا وێدەچێ ئەم ڕێژیمە ئیدی نیگەرانی کاردانەوەی ئەم سیاسەتەی لەسەر دیپلۆماسیی بیانیی وڵاتەکەی نەبێ و بێتوو کۆمەڵگەی جیهانی و وڵاتانی زلهێزی بیانی نەیانەوێ بەرەوڕووی ئەم کارانەی کۆماری ئیسلامی ببنەوە، لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات کردەوەی تێرۆریستیی زۆر و زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دەبینین. چونکی سیاسەتی هەڵکردن و بێدەنگیی هەندێ وڵاتی شەریکە سیاسی و بازرگانی لەگەڵ ئێران وای کردووە کە ئەم ڕێژیمە چیدی هەوڵ و بەرنامەکانی خۆی لە چوارچێوەی سەرکوتی توندی دژبەران و پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە نێوخۆی وڵاتدا قەتیس نەکا و؛ لە دەرەوەی سنوورەکانیش بەدوای نێچیرەکانییەوە بێ. «تۆقاندن» و «باجوەرگرتن» و ئاوێتەکردنیان وەک سیاسەتێک لەبەرامبەر وڵاتانی ئورووپایی تا ئێستا بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی زۆری بووە، و ئێستاش کۆمەڵگەی جیهانی و بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەخت و یەکلاکەرەوە دان.

وڵاتانی ئورووپایی کە بەربەرەکانی لەگەڵ تێرۆریزم وەک بنەما و پڕەنسیپێک بۆ خۆیان پێناسە دەکەن و هاوپێوەندیی جیهانیی بۆ پێک دێنن و لە وڵاتانی وەک سووریە و عێراق و ئەفغانستاندا شەڕی تێرۆر دەکەن و بە گیانی سەربازەکانیان و هەروەها خەرجکردنی ماددی تێچووی بۆ دەدەن، ئێستا لە بەرامبەر گیانگرتنەوەی تێرۆریسمی دەوڵەتیی ئێراندا هەڵوێستیان چی دەبێ؟ ئەویش لە بەرامبەر ڕێژیمێکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەکەوێتە بەر ڕق و بێزاریی خەڵکەکەی و نە لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ ڕەواییەکی هەیە و نە لە نێو هاوکێشەکانی کۆمەڵگەی جیهانیدا نەک هیچ ڕۆڵێکی بۆ سەقامگیری و ئاشتی نییە، بەڵکوو ماکە و هۆکاری زۆربەی قەیران و نائارامییەکانە.

# تەواوبوونی دەورەی ٢٣٠ی پێشمەرگە





دەیان لاوی کورد بە هاتنە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیمانی وەفا و درێژەدانی ڕێگەیان لەگەڵ شەهیدانی ١٧ی خەرمانان نوێ کردەوە.

لە ڕێوڕەسمێکدا کە بەیانیی ڕۆژی سێشەممە، ١٥ی خەزەڵوەر لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، کۆتایی دەورەی ٢٣٠ی پێشمەرگە ڕاگەیەندرا و پۆلێکی دی لە لاوانی کورد بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی و بەرگرییان لە خاک و نیشتمانی کوردان پۆشی.

ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی «ئەی ڕەقیب» و جووڵەی نیزامی و ڕەزمیی بەشدارانی دەورە دەستی پێکرد و دواتر دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزب وتاری ئەم بۆنەیەی پێشکێش کرد.

لەبەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا سروودێک لەلایەن بەشدارانی دەورەوە پێشکەش کرا و دواتر پەیامی بەشدارانی دەورە لەلایەن ئەمیر محەممەدپوور خوێندراوە. خوێندنەوەی شێعرێک لەلایەن سەرگوڵ شەهابی و چەند سروود و گۆرانییەک برگەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

# «قەڵای دێموکرات» یان «قەڵای دمدم»ی سەدەی ٢١






گۆڤاری «کەکۆن» کە لە شاری کۆیە دەردەچێ، لە ژمارەی نوێی خۆیدا ئاوڕی لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات داوەتەوە و سەروتاری خۆی لە ژێرناوی «قەڵای دێموکرات یان قەڵای دمدمی سەدەی بیست و یەک» بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە.

لە بەشێکی «کەکۆن»دا ئاوا هاتووە:

ڕۆژی ٨ی سێتامبری ٢٠١٨ ڕێژنە مووشەکێکی دەستی غەدر و تاوان لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە قەڵای دێموکراتی لەنزیک گوندی هەرمۆتەی شاری کۆیە لە خوێن و فرمێسک نغرۆ کرد. کوردکوژ و ئەنفالچی و ڕەگەزپەرستە داخ لەدڵەکان وایان زانی ڕەچەڵەکی نەتەوەی کوردیان قڕ کرد و تا هەتا هەتایە مەحفیان کردنەوە. ڕێژیم ستەم و خوێن و سێدارە لە تاران نەیانزانی کە قەڵای دێموکرات ئیمڕۆ بۆتە «قەڵای دمدم»ی سەدەی بیست و یەکەمی ٥٠ میلیۆن کورد. قەڵایەک باخی منداڵپارێزانە، بەڵام لە قوللەی قاف عاسێترە. قەڵایەک بارەگای ژنانی دێموکراتە، لێ لە قەندیل و سەفین سەرسەختترە. قەڵایەک هەر بەردێکی سەری شەهیدێکە و هەر تۆزقاڵە خۆڵێکی ماڵی جووتیار و پاڵە و کرێکارێکی ڕەنجدەرە. پۆلە شەهیدەکەی قەڵا و برینی جەستەی زامدارەکانی ئەستێرەی درەوشاوەی ئاسمانی خەبات و ئازادی و سەرفیرازیی نەتەوەیەکن کە جگە لە ئاشتی و ئاشتەوایی و جوانی و خۆشەویستی قەت هیچ شتێکی دیکەیان گەرەک نییە. زیندوون و مێژوومان لە ڕووسوورترین لاپەڕەی خۆیدا بە نەمری ناویان تۆمار دەکا. نەمری بۆ شەهیدان و سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی کورد و مرۆڤایەتی.

# نووسەرێکی بەمی بەرهەمەکانی بۆ بوومەلەرزەلێدراوەکانی کرماشان هەراج دەکا




محەممەدعەلی علوومی، نووسەر و تەنزنووسی خەڵکی شاری «بەم» لە چوارچێوەی پێشانگایەکدا بەرهەمە وێنەییەکانی خۆی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگای کرماشان هەڕاج فرۆش دەکا.

ئەو پێشانگایە لە ١٩هەتا ٢٤ی خەزەڵوەر، لە شوێنی پێشانگا نێونەتەوەییەکان لە شاری کرمان دەکرێتەوە و بڕیارە داهاتی فرۆشتنی وێنەکانی ئەو نووسەر و تەنزنووسە بۆ ئاوەدانکردنەوەی شوێنە بوومەلەرزە لێدراوەکانی کرماشان و لێقەوماوانی ئەم ناوچەیە تەرخان بکرێ.

ئەو نووسەرە بە هەڵوێستە دەڵێ: داوا لە کەسانی خێرخواز دەکەم کە لەو کارە مرۆییەدا بەشداریی چالاکانەیان هەبێ، هەتا لە زستانی سەخت و بێڕەحمدا بتوانین بە هەناردەکردنی نان، سووتەمەنی و جلوبەرگ دڵی خەڵکی بێ ئەنوای ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکان شاد بکەین.

دەرووەستیی ئەم هونەرمەندە لە حاڵێکدایە کە ساڵێک دوای بوومەلەرزەکەی کرماشان ئێستاش حوکمەت و ناوەندە بەرپرسیارە دەوڵەتییەکان ئاوڕیان لەو خەڵکە نەداوەتەوە و کێشە و گرفتەکانی خەڵکی زیاندیتووی کرماشان هەروا لەجێی خۆیانن.

# ڕێگە نەدرا جێژنی هەنار لە پاوە بەڕێوە بچێ



بەرپرسانی شاری پاوە مۆڵەتیان بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی جێژنی هەنار لە گوندی «ساتیاری» سەر بە بەخشی باینگان و هەروەها گوندی «داریان» نەدا.

ڕێوڕەسمی جێژنی هەنار لە گوندی «ساتیاری» سەر بە بەخشی باینگان، کە بڕیار بوو ڕۆژی ١٨ی خەزەڵوەر لەو گوندە بەڕێوەبچێ، بەهۆی دژایەتیی بەرپرسانی حکوومەتیی شاری پاوە هەڵوەشایەوە. ڕێوەرەسمەکەی گوندی «داریان»یش بڕیاربوو، ڕۆژی هەینی ١٥ی خەزەڵوەر بەڕێوە بچێ.

بەپێی بەدواداچوونی پەیامنێری کوردستان و کورد ئەم ڕێوڕەسمانە بەهۆی دژایەتیی مەلا قادر قادری، پێشنوێژی هەینیی شاری پاوە و لەژێر گوشاری سپای پاسداراندا هەڵوەشاوەتەوە. مەلا قادر لە خوتبەی نوێژی هەینیدا گوتبووی: «جێژنی شوکرانەی هەنار ئەگەر بڕیارە شوکرانە بێ، پێویستی بەبەشداریی ژنانی نیوەڕووت و سەمای جۆراوجۆر نییە، ئەگەریش بە شوێن سەمای جۆراوجۆر دان، شوێن زۆرە».